


کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com


# پێرست

١- کورتەیەک لە ژیاننامە و بیروبۆچوونەکانی هاوڕێی تێکۆشەر ئەبووبەکری ڕاد ..... ئا: ڕەحمان نەقشی ..... ٣
٢- کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێی کۆچکردوو کاک ئەبووبەکر ڕاد لە شاری ستۆکهۆڵم ........................ ١٥
٣- حەسرەتی لەدەستدانی جوانەمەرگێک ........................................ عەبدوڵڵا حەسەن زادە ........ ١٨
٤- ئۆغر بەخێر هاوڕێ گیان ........................................................ جەلیل گادانی ........ ٢٠
٥- کاک ئەبووبەکر کەم ژیا بەڵام کەڵ ژیا ................................... ڕەحیم محەممەدزادە ........ ٢٣
٦- کاکی من زۆر زۆر زوو بوو! ..................................................... سەعید بەگزادە ......... ٢٨
٧- تۆ لە دڵی پارێزەرانی ئاڵای کوردستاندا هەی و دەمێنیەوە .......................... سەلاح گادانی ........... ٣٠
٨- بۆ یادی هاوریی بەریز کاک ئەبووبەکری ڕاد .................................. ئاشق ئیسماعیلی ........ ٣٣
٩- لە خەباتدا جێگای هیچ کەس لە هاوڕێ کانمان پڕ نابێتەوە .................... برایم لاجانی .......... ٣٧
١٠- سەمفۆنیای ژیان ........................................................... د. عەزیز شێخانی ..... ٤١
١١- ڕێزدار سورەیا خانم و سەرجەم بنەماڵـەی هاوسەنگەر کاک ئەبوبەکر ڕاد ....... سەدیق بابایی ......... ٤٦
١٢- کۆچت ئۆغر، ڕێبازت پڕ ڕێبوار ............................................... عەلی فەتحی ........ ٤٧
١٣- ڕاگەیەندراو: کۆمیتەی بەرێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ............................. ٤٩
١٤- ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ............................................................ ٥٣
١٥- هاوخەمی و پرسەو سەرخۆشی بەشێک لە هاوڕێیان و دۆستانی هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد .................... ٥٥
١٦- چەند هونراوە .................................................................................. ٨٣
١٧- چەند بابەت و نووسراوەی نەمر هاوڕێ ئەبـووبەکر ڕاد ............................................... ٨٧
١٨- چەند وتە و بیرەوەرێک ................................................. ڕەحمان نەقشی ....... ٩٠
١٩- ئالبۆمی وێنەکان ............................................................................ ١٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کورتەیەک لە ژیاننامە و بیروبۆچوونەکانی هاوڕێی تێکۆشەر ئەبووبەکر ڕاد




ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

مێژووی جووڵانەی ئازدیخوازانەی گەلان بە گشتی و جووڵانەوی میللی دیموکراتێکی گەلی کورد بەتایبەتی زۆر قۆناخی سەخت و دژوای تێپەڕاندوون و بۆ داکۆکی و بەرگری لە مافە نەتەوایەتیەکانی زۆر ڕۆڵەی چالاک و تێکۆشەری لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هید... پەروەردە کردو، ئەوانیش بەرپرسانە بە پێی توانا هەرچێ لەدەست هات بە دژی زۆڵم زۆری داگیرکەرانی کوردستان کردیان و کەم تەرخەمیان نە کرد. بۆ قازانج و بەرژەوەندی نیشتمان و نەتەوەکەیان باشترین سەرمایەی ژیانیان واتە گیان خستە مەترسیەوە و لەم پێناوە دا بە هەزار شەهیدی پێشکەش بە خاک و گەلەکەیان کردووە.

یەکێک لەم ڕۆڵە تێکۆشەر و شۆڕشگێرانە و سیمای خۆشناوی ناوچەی سەردەشت هاوڕێ ئەبووبەکر ڕادە کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ خۆی و بنەماڵەکەی بۆ ئازادی و سەرفرازی دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی تا ڕۆژی کۆچی دوایی بەردەوام ئەم ئەرکەی کە گەلەکەی پێی سپاردبوو زیاتر لەخۆی بەرپرسانە بەجێ گەیاند.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مێـژووی جـووڵانەی ئـازادیخوازانەی گەلان بە گشتی و جـووڵانەوی میللی دێـموکراتێکی گەلـی کـورد بەتـایبەتی زۆر قـۆنـاخی سـەخت و دژوای تێپەڕانـدوون و بـۆ داکـۆکی و بەرگـری لە مـافە نەتەوایەتیەکـانی زۆر ڕۆڵەی چـالاک و تێکۆشـەری لە بوارەکـانی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و هتـد... پەروەردە کـردو، ئەوانـیش بەرپرسـانە بە پێـی توانـا هەرچی لەدەستی هات بە دژی زۆڵم زۆری داگیرکەرانی کوردستان کردیـان و کەم تەرخەمیـان نەکرد. بـۆ قـازانج و بەرژەوەندی نیشتمان و نەتەوەکەیان باشترین سەرمایەی ژیانیان واتە گیانیان خستە مەترسیەوە و لەو پێنـاوە دا بە هەزار شەهیدی پێشکەش بە خاک و گەلەکەیان کردووە.

یەکێک لەم ڕۆڵە تێکۆشەر و شۆڕشگێرانە و سیمای خۆشناوی ناوچەی سەردەشت هاوڕێ "ئەبووبەکر ڕاد" ە کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ تەمەنی خۆی و بنەماڵەکەی بۆ ئازادی و سەرفەرازی دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی تـا ڕۆژی کۆچی دوایی بەردەوام ئەم ئەرکەی کە گەلەکەی پێی سپاردبوو بە زیادەوەو بەرپرسانە بەجێ گەیاند.

هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد، کوڕی گەورە تێکۆشەری کورد مامۆستا قازی عەلی مارەغانییە. قازی عەلـی ئەو کەسەی کە هەموو ژیانی بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلی کورد تەرخان کرد. قازی عەلی یەکێک لە هەڵسوراوان و چالاکانی کۆماری کوردستان بوو. هزری نەتەوایەتی و ڕزگاریی کورد لە ژێر دەستەیی و دژایەتی لە گەڵ خوڕافـاتی ئـایینی، بنەمـای پەروەردەی بنەمـاڵەی قـازیی ڕاد بـوو. کـاک ئەبـوبەکر، لە بنەمـاڵە و لەژێـر ڕێنـوێنی و پەروەردەی ئەم گەورە پیاوەدا، فێری بیری ڕزگاری و ئازادی بوو.

هـاوڕێ ئەبـووبەکر لە ٢٤ی سـەرماوەزی ١٣٣٤ی هەتـاوی بەرامـبەر بە ١٥ی دێسـەمبەری ١٩٥٥ی زایینـی لە شـاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو،

دەورانی سەرەتایی و مام ناوەندی لەو شارە خوێند و تەواو کرد.
لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی(١٩٧٢ی زایینی) بۆ درێژەدان بە خوێندن و بە مەبەستی بـوون بە مامۆستا بـۆ دەورەیەکـی دوو ساڵەچووە دانیشسەرای پەروەردەی مامۆستایەتی لە شاری خۆیە.

لە کۆتـایی بەهـاری ١٣٥٣ی هەتـاوی (١٩٧٤ی زایینـی) ئەو دەورەیەی بەسـەرکەوتوویی تەواو دەکـا، پـاش پشـووی هـاوینی نـاوبراو دەورەیەکـی ٦ مـانگەی نیزامی لە پادگـانی سەراب دەبینـێ، پاشـان دەبێـتە سـوپاهی دانش و بـۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گوتنەوەی وانە و پەروەردەی منداڵانی کورد گەڕاوە ناوچەی سەردەشت و لە قوتابخانەکانی ئەو شارە دەستی بە کار کرد. هاوڕێ ئەبوبەکر لەهەر دوو ئەو قۆناخەدا هەم لە پادگان و هەم لە دەورانی دانیشسەرادا بەهۆی لێهاتوویی دەبێتە ئەرشەدی دانیشسەرا و ئەرشەدی گوردانەکەی.

پەروەردە بوون لەداوێنی بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو گەورە بوون لەناوچەی سەردەشت جێی تێکۆشەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی(١٩٦٧ - ١٩٦٨ی زایینی) و دۆستایەتی و هاودەمی دەگەڵ شەهید کاوە مارەغانی یەکێک لە قارەمانەکانی جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی(١٩٦٧ - ١٩٦٨ی زایینی) و لە هەموو شت گرینگتر دیتنی ڕۆژانەی جەور و جەفای حکوومەتی پەهلەوی کاک ئەبووبەکری بە ڕووحی خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان پەروەردە و گۆش دابوو، ئەو یەکێک لە هەڵسووراوە چالاکەکانی ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی دژی حکوومەتی پاشایەتی و لە پاشانیش یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە گەڵ ژمارەیەک چالاکی سیاسی دیکە ئیدارە و کۆنترۆڵی ئەمنیەتی شاری سەردەشتیان بەدەستەوە گرت.

هاوڕێ ئەبووبەکر هاوکات دەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕەشەمێ ١٣٥٧ی هەتاوی (مارسی ١٩٧٩ی زایینی) ناوبراو لە ڕێگای تێکۆشەرانی دێموکرات پێوەندیی بەرێبەری حیزبەوە دەگرێ. ئەو یەکێک لەو کەسانە بوو کە ڕۆڵ و نەقشی بەرچاوی لە دامەزراندن و دەست بەکاربوونی بنکە و بارەگاکانی حیزب لە شاری سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەر بە تایبەت ناوچەی مارەغان، هەبوو.

هاوڕێ ئەبووبەکر لە هەوەڵین کۆنفرانسی حیزبی لە شاری سەردەشت بە ئەندامی کۆمیتەی شار هەڵدەبژێردرێ و پاشانیش لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان کە لە گوندی موسالان گیرا، بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێردرا.

بەهاری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی(١٩٨١ی زایینی) هاوڕێ ئەبووبەکر بەمەبەستی پەروەردە بوون بۆ ئیدارەی داهاتووی ئۆرگانەکانی حیزب لە دەورەیەکی تایبەتی پەروەردەی کادر لە "خدراوێ" بەشدار دەبێ، بەم جۆرە کاک ئەبوو بەرەبەرە دەبێ بە یەکێک لە کادر و سیما بەرچاو و ناسراوەکانی دێموکڕات لە ناوچەی سەردەشت.

لەساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی(١٩٨١ی زایینی) لە پاش کۆتایی دەورەی کادرێتی ڕیبەریی حیزبی دێموکڕات بە هۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێهاتووی بۆ ماوەیەک دەیکاتە بەرپرسی یەکێک لە گرینگترین کۆمیتە شارستانەکانی حیزب واتا پیرانشار، پاش ماوەیەک کارکردن لەوێ، رێبەریی حیزب ناوبراو ئەرکدار دەکا بە مەبەستی کردنەوەی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە بەیروتی پێتەختی لوبنان و هەروەها گرتنی پێوەندی بە رێکخراوە فەلەستینییەکان و کوردەکانی لوبنان وەک ئەندامی هەیئەتێک بچیتە ئەو وڵاتە. هەرچەند بە هۆێ هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان و بیروت ئەو مەعموورییەتە زیاتر لە چەند مانگی نەخایاند، بەڵام هەر لەو ماوەیەدا کاک ئەبووبەکر جگە لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بنکەیەک بۆ نوێنەراتیی حیزب لەو وڵاتە پێوەندیی زۆر باشیشی دەگەڵ رێکخراوە شۆڕشگێرە فەلەستینی و کوردییەکان دامەزراند.

هاورێ ئەبووبەکر بەهۆی شەڕی لوبنان خۆیان گەیاندە فەرانسە و زۆر شانسی مانەوەی لە فەڕانسە هەبوو، بەڵام هەستی نیشتمانپەروەری و خاک و نیشتمان و ژیان بە شانازییەوە درێژەدانی خەبات و بەرخۆدان و پێشمەرگایەتی لەگەڵ کوڕی تێکۆشەرانی جووڵانەی میللی دێموکراتێکی ناوخۆی وڵاتی پێ گرینگتر بوو هەربوویە گەرایەوە کوردستان.

هەر بۆیەش ئەم بڕیارە شۆڕشگێرانەی زیاتر لە پێشوو بوو بە جێگەی متمانەی هاوڕێیان و لە کۆنگرەی شەش هاتە ڕیزی ڕێبەرانی حیزب.

کاک ئەبوبەکر لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزب بەشدار بوو، لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی جانێوێری ١٩٨٤ی زایینی لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان پێکهات متمانە ئەندامی کۆنگرەی بەدست هێنا و بە ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. و دواتر بوو بە ئەندامی "ناوەندی سپی سەنگ" لە قووڵایی ناوچەی موکریان و بوو بە چقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی. وەک ئەندامی ناوەندی سپی سەنگ کە سەرپەرستی و پێراگەیشتنی چەندین هێز و کۆمیتەی شاراستانی گەورەی دەگرتەوە، هاورێ ئەبووبەکر توانایی و لێهاتویی زیاتری خۆی دەرخست.

هاورێ ئەبوو لەکۆنگری حەوتەم حیزب لە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی دیسامبری ١٩٨٥ی زایینی لەگوندی کانیەمێو، کەلە باشووری کوردستان بەرێوەچوو دا بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار و هەتا کۆنگرەی هەشتی حیزب لەو ناوچەیە ئەرکی بەرێوە بردن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و ئیدارە کردنی کۆمیتەی شارستانی چالاکانە، بەڕێوە برد.

لە کۆنگرە هەشتەمی حیزب بە هۆی ناکۆکی تەشکیلاتی و شێوەی بەڕێوچوونی کۆنگرە و دواتر لەت بوونی حیزب و ڕاگەیاندنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢١ی مارسی ١٩٨٨ی زایینی هاوڕێ ئەبوو یەکێک بوو لە واژۆ کەرانی ئەم ڕاگەیاندراوەیە و دەستەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر)

هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد لە کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر) کە لە ڕێکەوتی ٨ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٩ی جوونی ١٩٨٨ی زایینی لە شاری ڕانیەی باشووری کوردستان بەڕێوەچوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

هاوڕێ ئەبوو بۆ جاری دووهەم متمانە ئەندامانی کۆنگرەی نۆیەمی (ڕێبەرایەتی شۆرشگێر) بەدەست هێنا و لە کۆنگرە دا کە ڕێکەوتی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠ی زایینی لە گوندی قەڵاسەیدەی دۆلی شاوری شاری رانیە بەرێوچوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردرایەوە.

هاوڕی ئەبوو راد بۆ جاری سێهەم لە کۆنگرە دەیەمی (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر) دا کە ڕێکەوتی ١١ی بانەمەڕی ١٣٧٣ی هەتاوی بەرامبەر بە ١ی مای ١٩٩٤ی زایینی لە گوندی قەڵاسەیدەی دۆلی شاوڕێ، شاری رانیەی باشووری کوردستان بەسترا بۆ بە ئەندامی ڕێبەری حیزب.

لەماوەیەدا هاوڕی ئەبووبەکر زۆر بەرپرسایەتی هەستیار وەک بەرپرسی تەشکیلاتی ناوخۆ، بەرپرسی ئاموزیش، کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی بەڕێوە برد. ماوەیەکیش ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری (ئیجرایی) حیزب بوو. ئەم پۆستە قورسترین کاری ڕۆژانەی حیزبی دەگرتەوە کە لە سێ کەس پێکهاتبوو و هاوڕی ئەبووبەکر، یەکێک لەم سێ کەسە شایستانە بوو. لەم ئەرک و ڕاسپاردانەدا، کەسێکی وشیار، خاوەن هەڵوێست و لێبراو و ورد و کارزان و سەرکەوتوو بوو.

پاشان هاوڕێ ئەبووبەکر بە هۆی توانایی و لێزانی، گوێزرایەوە بەشی پەیوەندییەکانی حیزب و ناردرایە بەغدا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ درێژە و دامەزراندنی پەیوەندی دەگەڵ سەفارەت و بنکە و بنیاتە جیهانیەکان کە بنکەیان لەبەغدای پایتەختی عێراق هەبوو. هاوکات نوێنەری ئەسڵی یەکەمی حیزب بوو لە عێراق. لەم بەشەشدا هەموو ئەرکەکانی دیکەی، سەرکەوتوو و رووسوور، باڵویزی پاک و سادقی حیزب و گەلەکەی بوو.

هاوڕێ ئەبوو ڕاد وەک بەشێکی دیکەی ئەندامانی حیزب بە ناچاری و داسەپاوی ڕێگا هەندەران گرتەبەر هەربۆیە لە دێسەمبەری ١٩٩٩ زایینی بەرامبەر بە سەرماوەزی ١٣٧٨ی هەتاوی، وەک پەنابەر هاتە وڵاتی سوید. ناوبراو لە وڵاتی سوید پاش دیتنی چەند دەورەی مامۆستایەتی وەرگرتنی بڕوانامەی پێویست وەک مامۆستای زمانی کوردی لە شاری ستۆکهۆڵم دەست بەکار بوو، لەو ماوەیەدا ناوبراو دوو پەڕتووکی بە نرخی فێربوونی زمانی کوردی نووسی و چاپی کردن و دوو دانەشی لە نۆبەی چاپ دان.

هاوڕێ ئەبووبەکر مرۆڤێکی تێکۆشەر، خەباتکارێکی نەسرەوتووی ڕێگای کوردایەتی، پێشمەرگەیەکی ئازا و جەسوور، ئەمین و ئەمانەتدار بوو. ئەبووبەکر ڕاد، لەو ماوەیەشدا لە دەرەوەی وڵات، قەت پشتی حیزبەکەی بەرنەدا، و هەمیشە ڕێنوێن و هاوکار و پشتگری بەرپرسان حیزب و داکۆکیکارێکی لێزان و وشیاری سیاسەتەکانی حیزبەکەمان بوو و هاوکات دەگەڵ ئازارەکانی حیزبەکەی و هاوڕێیانی دەژیا.

هاوڕێ ئەبووبەکر لە ساڵی ٢٠١٦ی زایینی بەرامبەر بە ١٣٩٥ی هەتاویەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو، ئەم نەخۆشییە نەفرەتییە چەند ساڵێکە رووی لە کوردانی رۆژهەڵات کردوە و تائێستا گیانی لە چەندین تێکۆشەر و دڵسۆزانی گەلەکەمان ئەستاندووە کە دوایینیان هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد بوو.

هاوڕێ ئەبووبەکر چۆن لە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی گەل و نیشتمان و داگیرکەر ئازایانە و بوێرانە داکۆکی و بەرگری دەکرد ئاواش ئازایەنە بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی شێرپەنجە کرد، بەداخەوە شەوی ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٩ی زایینی بەرامبەر بە ٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە کاتژمێر ٨ و ٢٥ خولەک دڵە پڕ لە هیواکەی بۆ ئازادیی کورد و کوردستان لە لێدان کەوت. و ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی فێوریەی ٢٠١٩ی زایینی(١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی) لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی سوید بە خاک سپێردرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە کۆچی دوایی هاوڕێ ئەبووبەکر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشەرێکی ماندوویی نەناس، حیزبی دیموکڕات ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگ و بە هەڵوێست و، دۆستانی بەشێک لە جەستە و بنەماڵەکەی سەرپەرەستێکی بە وەجیان لە دەستدا. رووحی شاد و ڕێگای خەبات و بەرخۆدانی پڕ ڕێبوار بێت.

هاوڕێ تێکۆشەر ئەبووبەکر راد لە ڕێکەوتی ١١ی بانەمەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١ی مای ١٩٨٥ی زایینی لە گوندی گەورە دێ باشووری کوردستان لەناوەندی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە گەڵ خاتووی تێکۆشەر سوریا گەنجە ژیانی هاوسەرگێری پێکهێناو و بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریە دوو کچ بە ناوەکانی تریفە و هانا و کوڕێک بەناوی توانا ڕادە.

* شایانی باسە خاتوو سووریا گەنجە شەریکی ژیان هاوسەر و هاوڕێ بە ئەمەگ و هاوخەم و خۆڕاگرەکەی ڕۆژانی سەختی ژیانی هاوڕێ ئەبوو ڕاد، کە زیاتر لە سی ساڵ لە ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی، و لە دەرەوەی وڵات بە تایبەت دوای نەخۆشی یار و یاوەر و هاوڕێکی بەخەم و وەفادار بوو، هەر بۆیە جێگای ئەوپەری ڕێز و سپاس و پێزانینن.

## چەند بیرو بۆچوونی هاوڕێ ئەبوو ڕاد

### هاوخەمی هاوڕێ ئەبوو ڕاد بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەرانی کورد

* خەمی لە دەستدانی پۆلێک سەرکردە و تێکۆشەری دێموکرات

دووژمنان خەیاڵیان خاوە کە پێیان وابێ بە مووشەکباران، قەڵاچۆکردن، کوشتن، گرتن، پەت و سێدارە دەتوانن تێکۆشەرانی گەل و نیشمان و کۆمەڵانی ستەمدیدەی کوردستان بە چۆک دابێنن و لە خەبات بەرخودان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی سڵیان بکەنەوە. ڕاستە لە دەستدانی شەهیدانی گەل و نیشتمان و ئەو پۆلە تێکۆشەری دێموکرات خەمێکی گەورە و خەسارێکی گەورەیە، بەڵام ئازادی و ڕزگاری قوربانی دەوێ. ئەو قوربانیدانانەش،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**لەقووڵایی هەرێمی کورستان لە لایەک نیشاندەری زیندووتر بوونەوەی زیاتری خەباتی نەتەوەییمانە و لە لایەکی دیکەشەوە نیشاندەری زیاتری ترسوو و بیزاری و ڕق و قین کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی و دوژمنکاری زیاتریانە لە حاست نەتەوەکەمان و مافی ڕەوای گەلەکەمان.**

## تێکۆشەر جەلال تاڵەبانی

**کۆچی تێکۆشەری مەزن مام جەلال یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی نەتەوەکەمان هەموومانی خەمبارکرد.**

**بێگوومان زیاترلە شێست ساڵ تێکۆشان و بەرخۆدان و خۆڕاگری خاڵی لە کەمووکوڕ و هەڵە نابێ، بەڵام سەرکردەی مەزن مام جەلال لە ڕاستیدا مرۆڤێکی لێزان، وریا، وشیار و سەرکردەیەکی لێهاتوو و بە ئەزموون بوو. کاریگەری دیاری لەسەر هەموو بەشکانی کوردستان هەبوو و شوین پەنجەو جێدەستی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بەڕوونی دیارە.**

### * دڵەگەورەکەی برا و مامۆستام کاک فەتاح کاویان لە لێدان کەوت

**ڕووناکبیر، وەرگێر، تێکۆشەر، ڕوح سووک و قسە خۆش، کەسایەتی دیاری ناو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات و بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەکەمان ماڵئاوایی لێکردین. تێکۆشەرێکی بە ئەمەگ کە گشت ژیانی خۆی لە پێناو ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیدا بەخت کرد.**

### * خەمی لە دەستدانی تێکۆشەرە مەنسووری ئاروەند

**ئیعدام و سێدارە وەرەی بەرزی لاوانی نیشتمانمان بەرزتر دەکات. قین و تۆڕەییان پەرەدەستێنێ و لە سەر درێژە پێدانی ڕێگایان بۆ ئازادی و سەربەرزی نیشتمان پێداگرتر و سوورتر دەبن. وێڕای موحکوومکردنی ئەو جەنایەتە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید مەنسوور و هەموو هاوبیرانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەم.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

* **کارەساتی کیمیایی بارانی شارەکەم سەردەشت هەرگیز لە بیرناچێ**

سەردەشتەکەم هەمووساڵێک برینەکانت دەکولێنەوە و چاوەڕوانی زامەکانت سارێژ ببنەوە. دەزانم چاوەڕوانی گەلەگەت و خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەت یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی دوژمنانت بە چۆکدابێن و ئاواتی شەهیدانت بێتەدی . دونیای بێوەفاش وەخەبەربێ و تۆش ڕزگاری نەتەوەکەت ببینی و هیوای بەرزی مامۆستا هەژار بێتەدی کە دەڵێ:

ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە
مووژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە

* **کەسایەتی ناودار و خۆشەویستی گەلەکەمان خاڵە شێخە ماڵئاوی لێکردین**

کۆچی دوایی برای گەورە و زێدە خۆشەویستم هەموومانی خەمبار و تازیەبار کرد بێگوومان دڵگەورەیی ئەو لای هەموو ئەو کەسانەی شارەزاییان لە سەر هەبوو ڕوون و ئاشکرایەو دەزانین کە دەرگای ماڵەکەیان هەموو ساتێک بە ڕووی هەموو کەس، بە تایبەت ئەوانەی لە تاراوگەدا بوون و کەم و زۆر هەستیان بە غەریبی دەکرد کراوە بوو.

* **لە خەمی کۆچی دوایی دایە گوڵی دایکی خاتوو سووریبای هاوژین و (خەسووی) دا**

دایە گوڵێ گیان، هەموومان تێکڕای کوڕ و کچ و نەوە و کەسووکار و ناسیاو ئازیزانت بە ماڵئاوایی کردنت خەمبارین، بەڵام من لە دوو لاوە خەم دایگرتووم. یەکەم دایکێکی جێگای مەتمانە و دڵسۆزم لە دەستدا کە نەمتوانی وەک پێویست ئەرکی خۆم لە حاست دڵگەورەیی و خۆشەویستی و خۆشدڵی تۆ بەرانبەر بە خۆم و کەسووکارم بە جێبگەێنم.

دووهەم دایکی شەریکی ژیانم سووریبا ژنە بە ئەمەگ و هاوخەم و خۆڕاگرەکەی ڕۆژانی سەختی ژیانم کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی بە خاتری من زیاتر لە سی ساڵ لە خۆشەویستی و کوڕی ئازیزانی و بە تایبەت لە باوەشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەرمی دایک و باوک و کەسووکاری بێبەش بوو. گەلێک تامەزرۆ بوو لە پەنایان بێ و لە باوەشی گەرمیان بگرێتەوە.

* لە هاوخەمی لەگەل کۆچی دوایی عەبدوڵڵا گەنجە باوکی خاتوو سوورییای هاوژین و (خەزووری) دا

کاک عەبدوڵڵای ئازیز؛ دیارە تێکڕای ناسیاو ئازیزانت بە ماڵئاوایی کردنت خەمبارن، بەڵام من لە دوو لاوە خەم دایگرتووم. یەکەم هاوڕێیەکی جێگای مەتمانە ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم لە دەست داو دووهەم باوکی شەریکی ژیانم سوورییا ژنە بە ئەمەگ و هاوخەم و خۆڕاگرەکەی ڕۆژانی سەختی ژیانم کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی بە خاتری من زیاتر لە سی ساڵ لە خۆشەویستی و کۆڕی ئازیزانی و بە تایبەت لە باوەشی گەرمی دایک و باوکی بێبەش بوو. گەلێک تامەزرۆ بوو بۆ جارێکیش بوو بێ لە باوەشیان بگرێتەوە. دواجار چەند ڕۆژ لەوە پێش قسەی لە گەڵ باوکی دەکرد گوێم لێبوو وەک هەمێشە بە وەرەوە دەیگووت بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە. بێگوومان یاد و بیرت لە دڵماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

* خەمی لە دەستدانی پۆلێک تێکۆشەری دێموکرات

دووژمنان خەیاڵیان خاوە کە پێیانوابێ بە کوشتن و گرتن و پەت و سێدارە دەتوانن تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان و کۆمەلانی ستەمدیدەی کوردستان بە چۆکدابێنن و لە خەبات و بەرخۆدان بۆگەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی سڵیان بکەنەوە. ڕاستە لە دەستدانی تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان بە گشتی وئەوپۆلە تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەوی یەلدا دا خەسارێکی گەورەیە، بەڵام ئازادی و ڕزگاری قوربانی دەوێ. بێگوومان ئەو قوربانیدانانەش تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان وکۆمەلانی وە زاڵەهاتووی کوردستان وریاتر دەکاتەوە و لە گەیشتن بە مافەکانیان سوورتریان دەکات.

## دڵخۆش بوون بە سەرکەوتنەکانی کەلەکەی

* پیرۆز بێ ئەو سەرکەوتنە

سەرکەوتنی پارتی دیمۆکراتی گەلان لەو هەڵبژاردنەدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە گەلی کورد لە باکوری کودستان یەکدەنگە و دەیهەوێ لە ڕێگای دیالۆگەوە بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی هەنگاو بنێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هیوادارم نوێنەرانی دەنگدەران و بەگشتی کۆمەڵانی خەڵک لەباکوری کوردستان بتوانن وڵامدەری ئەو بەرپرسایەتیە مێژوویە لە دەسەڵاتی نوێی تورکیەدابن.

## * لە تێکدانی ئەم باروودۆخەدا هەموو کوردێک زیانی بەردەکەوێ

ئەمڕۆ کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی زیاتر لە هەمووکاتێک پێوستی بەیەکرێزی و یەکدەنگییە. لە لایەک شەڕی کۆنەپەرستان و داخ لە دڵانی داعش و لەلایەکی دیکەشەوەوە هەڵوێستی دووژمنکارانەی وڵاتانی دراوسێ و دستتێوەردانی ئاشکرایان بۆ لەباربردنی ئەم بارووددۆخە، ناکرێ بە کەم بگیرێن و بیخەینە پاشگوێ.

## * پرسی ڕیفراندۆم لە باشوری کوردستان

ئەو ڕەوتەی کە ئێستا بەسەرکردایەتی کاک مەسعود بارزانی لەبەرەو پێش چووندایە بەهەموو کەمووکووڕیەکانیەوە جێگای ڕێز و تەقدیرە و پشتیوانی کردن لە گشت پرسی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی گشت کوردێکی دڵسۆز و بە پەرۆشە کە بۆ گەیشتن بە سەرەخۆیی و گەڕانەوەی کەسایەتی کورد ژیرانە هەڵسوێست بگرێ و تێبکۆشێ.

## * وشیاری نەتەوەیی و یەکڕیزیمان زامنی سەرکەوتنمانە

ئەمڕۆ کوردو هێزەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیان بە هاوکاری یەکتر و یەکرێزی و یەکبوونە و نابێ بکەونە بەربەرەکانی دژایەتی یەکتر. پێویستە یەکبگرین، یەکبوونێک لە پێناو ڕزگاری نەتەوەیی. بۆیە وشیاری نەتەوەی و یەکڕیزی زامنی سەرەکی سەرکەوتنمانە.

## * دامەزراندنی کۆماری کوردستان

لەساڵرۆژی حەفتا و یەک ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا وەک باشترین پاداش بۆ پێشەوای نەمر و هەموو شەهیدانی کوردستان و وەک وڵامێکی نەتەوەیی بە گوێی هەموولایەکدا هێزەکانی کوردستان ئەو یادەیان پێکەوە بەڕێوە بردبا و بە کردەوە بەرەو یەکریزی و یەکگرتن و پاراستنی خاڵە هاوبەشەکانی نەتەوەیی هەنگاویان نابا. هیوادارم و دڵنیاشم دڵسۆزانی کورد و کوردستان و کۆمەڵانی ستەمدیدەی کوردستان لە تێکۆشانیان بۆ وەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان ناوەستن بەو ئاقارەدا هەنگاو دەنێن و ئاواتی پێشەوای نەمر و هەموو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شەهیدانی کوردستان وەدیدێنن.

* نا بۆ شەڕی براکوژی

بەداخەوە ئەوەی ئەمڕو لەسنووره دەستکردەکانی کوردستان ڕوودەدا حەزوئاواتی نەیاران و دوژمنانی نەتەوەکەمانە. بۆ ئەوەی ئاڵۆزیەکان زیاتر تەشەنە نەکەن پێویستە هەموو لایەک ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆیان بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو شەڕە دەرببڕن و ئاگری شەڕی براکوژی بکوژێنەوە و لە ڕیگای دیالۆگەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

---

سەرچاوەکان:

دیواری فەیس بووکی نەمر هاوڕێ ئەبوو ڕاد.

ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب.

---





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە شاری ستۆکهۆڵم کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێی کۆچکردوو کاک ئەبووبەکر ڕاد بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ٢ی فێوریەی ٢٠١٩ی زایینی، ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ بە بەشداری نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و سەدان کەس لە خزم، دۆست و هاوڕێیانی کاک ئەبووبەکر ڕاد، کە لە چەند وڵاتی ئوروپایی و سکاندیڤیاوە ڕوویان لە ستۆکهۆڵم کردبوو، لەلایەن بنەماڵەی نەمر ئەو ئازیزەوە و بە هاوکاری کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و کومیتەی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو. ئەو کۆڕیادە لە کاتژمێر یەک و نیوی پاشنیوەڕۆوە دەستی پێکرد و تا پێنجی ئێوارە درێژەی خایاند. ڕێوڕەسمەکە بە وتەی بەخێر هێنانی میوانان لە لایەن هەردووک بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە کاک عەلی فەتحی و خاتوو فریشتە عەبباسی



بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێکرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پاشان پەیامی بنەماڵەی ڕاد لە لایەن برای کاک ئەبوو ڕاد، ڕۆژدین ڕادەوە پێشکەش کرا. ئەوجار داوا لە هێزە سیاسییەکان کرا پەیام و وتاری خۆیان بەبۆنەی ئەو ماتەمینەوە پێشکەش بکەن. ئەو هێزانەی وتاریان خوێندەوە بریتی بوون لە:

* پەیامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن ڕێزدار کاک حەمەرەسووڵ کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.
* حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن بەرێز کاک عەلی عەزیزی
* کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (کنک)
* پژاک

دوابەدوای هێزە سیاسییەکان، ئەوجار پەیامی چەند کەسایەتی ناسراوی کورد خوێندرانەوە.

بڕگەی دوایی ڕێوڕەسمەکە تەرخانکرا بۆ پێشمەرگە و دۆستانی کاک ئەبووبەکر کە لە نۆرەی خۆیاندا قسەیان لەسەر کەسایەتی ئەو کرد و ئەرکی ئەمەگناسی خۆیان بەجێگەیاند. سەرجەم ٢٥ پەیام و وتار لەو بۆنەیەدا پێشکەشکران.

* پەیامی ڕێزدار مامۆستا عەبدووڵا حەسەنزادە
* پەیامی ڕێزدا کاک جەلیل گادانی
* کاک ڕەحیم موحەممەدزادە
* کاک سەعید بەگزادە
* کاک هاشم ڕۆستەمی
* کاک ئەحمەد شەریفی
* زۆر بەرێز کاک سەلاح گادانی
* ڕێزدار مامۆستا ئاشق
* نەرمە ئاهەنگێکی بلاوێن، بە فلووتی هونەرمەند جەمال فەتحیان
* پەیامی ڕیزدار براییم لاجانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

* پەیامی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی
* پەیامی ڕێزدار کاک سەدیق بابایی
* پەیامی مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دیموکرات
* بەڕێز عەزیز شیخانی
* پەیامی سپاس و پێزانینی بنەماڵەی راد لە لایەن کاک ئالان ڕاد

پێویست بە ئاماژەیە کە رۆژی هەینی ڕێکەوتی ۲٥ی ژانویەی ۲۰۱۹ی زایینی هاوڕێ تێکۆشەر و خۆشەویست و ئەندامی پێشوویی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک ئەبووبەکر ڕاد پاش ماوەیەکی دووردرێژ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، ماڵئاوایی لێکردین و رۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی فێوریەی ۲۰۱۹ی زایینی لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی سوید بە خاک سپێردرا.


سەرچاوە: کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ۲۰۱۹





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## حەسرەتی لەدەستدانی جوانەمەرگێک



عەبدوڵڵا حەسەن زادە

دۆستانی بەڕێزی ئامادەی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و پرسەی «کۆستی کەوتووی ئەمجارە«مان هاوڕێ ئەبووبەکری ڕاد!

دەگەڵ سڵاوی برایانە

ئەمنیش وەک هەمووی ئێوە بە مەرگی ناوەخت و لەنەکاوی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک ئەبووبەکری ڕاد تاساوم و لە وەسفی ئەو کارەساتە مەینەتبارە داماوم، بەڵام ئێرەییتان پێ - دەبەم کەهەرنەبێ دەرفەتتان بۆ ڕەخساوە لەسەر گڵکۆ پیرۆزەکەییان لە پرسەکەیدا ئامادە بن و لەنزیکەوە پەرۆشی و هاودەردیی خۆتان دەگەڵ بنەماڵە دڵ بەغەمەکەی دەرببڕن.

قبووڵە، هەمووومان دەمرین و ئەمە ڕێگایەکە لەپێش گشتمانە. بەڵام ئەوداخە دەمکوژێ کە نازانم ئەو هەرەوەزی مەرگە چیە ئەوە ساڵێکە لە بنەماڵەی دێموکڕات کراوە و بەتایبەتی ئەو نەخۆشییە نەفرەتییە چیە کە چەند ساڵە ڕووی تێ کردووین و وەک ڕەشەبای پاییز گوڵ و گوڵغونچەکانی باخچەی ئاوات و هیوامان هەڵدەوەرێنێ!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوێنێ شاعیری شۆڕشگێڕ و بەئیمان ئەنوەرخانی سوڵتانپەنای لێ ئەستاندین و ئەمڕۆ تێکۆشەری بە بەقا و بەبەڵێن کاک ئەبووبەکری ڕادی لە باوەش ڕفاندین.

لەسەر هاوڕێی لەدەستچوومان زۆر کەس قسەیان کردو نووسیان و زۆر خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی ئەویان وەبیر هێنایەوە. بۆیە ئەمن لەو بابەتە نادوێم و هەر پێم خۆشە گۆشەیەک لە ئەخلاق و ئاکار و ڕەفتاری شیرین و سەنگینیی ئەو نەمرە وەبیر بێنمەوە. پێم وایە هەموو ئەوانەی لەنزیکەوە ناسیویانە وەبیریان دێتەوە و بۆم دەسەلمێنن کە هەرکات دەگەڵی بەرەوڕوو دەبووی ئەوەندە بە ویقارەوە دەردەکەوت کە نەک هەر ڕێزت بۆ دادەنا، بەڵکوو شەرمیشت لێ دەکرد. بەهەق نموونەیەک لە ئەخلاق و ڕەفتاری بەرزی ئینسانی بوو کە دەیتوانی بۆ هەمووان سەرمەشقێکی بەنرخ بێ.

لەم بۆنە خەمناک و سامناکەدا هەر ئەوەندەم لەدەست دێ کە وێڕای سەردانەواندن بۆ ڕووح و یادی ئەو سەرمایە لە دەستچووەمان سەرەخۆشی لە هەموو هاوڕێ و دۆستانی و تەواوەتی دڵسۆزانی کورد بکەم و ئەمجار لەدوورەوە و بەوپەڕی ئەدەبەوە بەرامبەر ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکەی ڕاوەستم و لە پێشدا سەرەخۆشی لە کانگای عیشق و سەفا دایکی دڵسۆزی بکەم، چونکە دایک تەنیا مرۆڤە کە حەزدەکا مەرگی ڕەپێش مەرگی جگەرگۆشەکانی کەوێ، سەرەخۆشی لە خوشک و برا بەڕێزەکانی بکەم کە هەر بۆخۆیان دەزانن مەرگی ئەم عەزیزەیان چ داخێکی بەجەرگەوە ناون و چ کەلێنێکی لە ژیانیاندا بەجێ هێشتوە، ئەمجار بە چاوی تەڕەوە جگەرگۆشەکانی لە باوەش بگرم و وێڕای سەرەخۆشی تەمەنی درێژ و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات بخوازم، بەو ئاواتە کە هەرکامێکیان لە دواڕۆژدا بۆ گەلەکەیان و بنەماڵەکەیان ببنە کاک ئەبووبەکرێک وهەموو لا شانازییان پێوە بکەن. سەرەنجام ڕووی سەرەخۆشی و هاودەردیم بکەمە هاوسەرە بەڕێز و وەفادارەکەی کە ماوەی دوو ساڵە دەبینێ مۆمی تەمەنی هاوسەر و هاوڕاز و هاوڕێبازەکەی دەسووتێ و دەتوێتەوە تاسەرەنجام دەکووژێتەوە و بە دنیایەک حەسرەت و ئاواتەوە سەر دەنێتەوە. بەحەق وەفا و دڵسۆزی و چاوەدێریی سوڕەییا خانم جێگای ڕێز و ستایشە و دڵنیام هاوسەرە ئازیزەکەی بەوپەڕی ڕەزایەتەوە دوامائاویی لێ خواستوە.

سڵاو لە گیانی نەمری هاوڕێ ئەبووبەکری ڕاد، جێگای بەهەشتی بەرین بێ و سێبووری و خۆڕاگری بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵە و هەموو هاوڕێ و هاوئامانجەکانی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەبدوڵڵای حەسەن زادە
کوردستان، کۆیە ٢ - ٢ - ٢٠١٩

٢ی فێبریوێری ٢٠١٩

## ئۆغر بەخێر هاوڕێ گیان.



جەلیل گادانی

### سەرەخۆشی و هاوخەمی

هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی کاک ئەبووبەکر گەلێک ناخۆش و بە ئازار بوو، زۆر زوو بوو بۆ جێتهێشتین؟

هاوڕێ ئەبووبەکری ڕاد، ئەی ڕادمەردی ساحەی خەباتی ڕۆژە سەخت و خوێناوییەکان! ئەی مرۆی خاوەن هەست و سۆزی نیشتماندۆستی و کورد پەروەری، ئەی ئاشقی سەنگەرە جۆرا و جۆرەکانی بەرخۆدان و بەربەرەکانی بێوچان دەگەڵ هەر ستەم و چەوسانەوەیەک! دوا کۆچت کرد و جێت هێشتین، مەرگ مۆڵەتی نەدای بۆ دوایین جار بە تێلێفۆنیش دەنگم بتگاتێ، زۆر زوو بوو ئۆغر بەخێر هاوڕێ گیان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بیرمە کە هاتی بۆ پێشمەرگایەتی و ناسیمی هەڕەتی لاوەتیت بوو گورج و گۆڵ و پتەو، چوست و چالاک و جوانمێرو جوان چاک. سیمای پڕ لەخۆشەویستی و سەفا و سەمیمییەت لە لایەک و کردەوە و ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەت لە لایەکیتر زۆر زوو جێگات لە دڵی هاوسەنگەران و تەنانەت ئەندامانی ڕێبەری ئەوکاتی حیزبدا کردەوە.

باوەڕمان بە تۆ هێنایە سەر ئەو باوەڕە بۆ کاری حیزبی بنێردرێی بۆ لوبنان و دواتریش بۆ فەڕانسە.

زۆرت شانس هەبوو لە فەڕانسە بمێنیتەوە بەڵام هەستی خاوێن و نیشتمانپەروەریت گڕووی لێ گرتی و گەڕایەوە وڵات و ناو ڕیزی تێکۆشەرانی ناوخۆ.

بە شانازییەوە درێژەدانت بە پێشمەرگایەتی پێ گرینگتر بوو لە مانەوەی بێ سەرێشە لە هەندەران. هەر بۆیەش زیاتر لە پێشوو بوویە جێگەی متمانەی هاوڕێیان و لە کۆنگرەی شەش هاتییە ڕیزی ڕێبەرانی حیزب.

وەک مرۆیەکی پاک و وردبین، سادق و ڕاستگۆ، بە کردەوە شۆڕشگێڕ حیسابت لە سەر دەکرا، بە تایبەتی من لە دەورەی ٨ ساڵەی "حیزبی دێموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" ئەتۆم باشتر ناسی. لەو ئەندامانەی ڕێبەرایەتی حیزب بووی کە بە سافی و پاکی بە شۆڕشگێڕی و ئازایەتی ناسرا بووی. هەر بەرپرسایەتیەکی وەرگرتبا بەو پەڕی ڕاستی و دروستی بەڕێوە دەبرد.

داخەکەم چوونە دەرەوەت بۆ ماوەی چەند ساڵ لێکی دابڕاندین، بەڵام ئەو ئونس و ئولفەت و پێوەندییە پڕ سەفایەی بناغەمان لە سەر دانا بوو هەر مایەوە، بە جەستە لێک دوور بووین بەڵام لە مێشک و دڵ، ئەوی پێی دەڵێن تێلێپاتی هەر بەیەکەوە بووین.

هەر کە خەبەری تووش بوونی نەخۆشییەکەتم بیست پەرۆشی دایگرتم، هەر چەند تۆی ئازا و بە ورە لە بەرامبەر ئەویشدا پێشمەرگەئاسا خۆت ڕاگرت، ورەت بەر نەدا و بە قسە هیوا بەخشەکانت دڵداری دەور و بەرت دەدایەوە.
وتەکانی دوا ڕۆژەکانی ژیانیشت کە هاوڕێیان بۆیان باس کردووم ئامۆژگاری بووە بۆ ئەندامانی بنەماڵە و هاوڕێیان، لەو کاتیشدا لە خۆشەویستی گەل و نیشتمان و درێژە دانی خەبات و پێوانی ڕێگای گەیشتن بە سەربەخۆی کوردستان نە هەر غافڵ نەبووی بەڵکوو هاندەریش بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاک ئەبووی ئازیز! دڵنیا بە ئێمەش هەتا ماوین درێژەدەری خەبات دەبین بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانە تێدەکۆشین کە هەزاران شەهید لە پێناویاندا گیانیان بەخت کرد و ئەتۆش بە دوایاندا چووی.

هەرچەند بە جەستە لە ناوماندا نەمای بەڵام بە ڕوح لەگەڵتین یادت هەمیشە لە دڵماندا زیندووە.

دوا کۆچت بەخێر ئازیزی هەمووومان، ڕەوانت شاد و ڕێگەی خەباتت پڕ ڕێبوار بێ.

هەر لێرەوە جارێکی دی سەرەخۆشی لە خۆمان، لە بنەماڵەی بەڕێزتان بە گشتی و بەتایبەتی لە دایکی بە جەرگ و هاوسەری بە وەفا و دڵسۆز و بە ورەتو لە جگەر گۆشەکانت دەکەم.

هیوادارم ئەو ئازیزانەی کە هەر لە منداڵییەوە بەرگی دێموکراتیان بە بەژن براوە و خوویان بە دێموکراسی گرتووە، ئەو پێوەندییەی لەگەڵ شیری دایکتان بە گەرووتاندا کراوە وەک میراتی باپیران و باوکی بەڕێزتان بپارێزن و لەسەر درێژەدانی باوەڕ و خەباتیان بەردەوام بن تا ڕوحیان شادتر بێ.

سپاس بۆ ئێوە بەشدارانی بەڕێزی ئەو ڕێ و ڕەسمە هاوڕێ و هاوخەباتانی کاک ئەبووبەکری ئازیز کە هەموو کات وەفای خۆتان بۆ ئازیزانی سلامەت و نەخۆش و کۆچ کردوو بەم شێوە بەشدارییە گەرم و بەرینە دەنوێنن کە بەڕاستی خەڵک دەبێ لێتان فێر بێ.

داوای ساخی و سلامەتی و بەردەوامیتان لە خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و دابین کردنی مافی نەتەوەییدا بۆ دەخوازم.

برای دڵسۆزتان جەلیل گادانی

٣ی فێبریوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کاک ئەبووبەکر کەم ژیا بەڵام کەڵ ژیا.



رەحیم محەممەدزادە

سڵاو

به خێر بێن بۆ کۆڕی رێز لێنان له برا و رەفیقی خۆشەویستی هەموو لایەکمان " کاک ئەبووبەکر راد".

راستی ئەمن نە تەنیا قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە کە لە رۆژێکی وەک ئەورۆ و لە کۆڕێکی ئاوادا و لە پاش کۆچی قسە لەسەر کەسایەتی و گەورەییەکانی کاک ئەبوو بکەم، بەڵکوو بیرم لەوەش نەدەکردەوە کە کاک ئەبوو هەر نەخۆشیش بکەوێ، بەڵام دەگەڵ بێ لوتفی و زوڵمەکانی چەرخی گەردوون هیچ ناکرێ.

بەو بۆنەوە لە قووڵایی دڵمەوە سەرەخۆشی لە دایە خونچێ دایەی بەرێزی هەمووومان دەکەم، سوپاس بۆ ئەو شێرەژنە ئازایە کە رۆڵەیەکی ئاوا گەورەی بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان لە داوێنی بەسۆزی خۆیدا پەروەردە کرد، سەرەخۆشی لە سورەیا خانم هاوسەری وەفادار و بە ئەمەگی دەکەم، سورەیایەک کە هیچ قەڵەمێک توانایی بەیانی زەحمەتەکانی وی سەبارەت بە کاک ئەبووی پێی ناکرێ، سەرەخۆشی لە جگەر گۆشەکانی تریفە، توانا و هانا دەکەم. سەرخۆشی لەسەرجەم خوشک و برا و دۆست و رەفیق وئازیزان دەکەم.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کاک ئەبووبەکر کەم ژیا بەڵام کەڵ ژیا.**

باشم لە بیر نییەکام وەرزی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بوو کە بۆ مەعموورییەتێکی حیزبی ڕێگام کەوتە دەفتەری سیاسی حیزب کە ئەو کات لە ناوچەی سەردەشت و لە دۆڵی دیموکڕات بوو. لەوێ چاوم بە گەنجێکی باڵابەرز، چاوشین، موو زەرد، خاوەن سمێڵێکی بابر، قەیافەیەکی تەواو کوردانەی بە سام، کەوت. جامەدانیەکی لەسەر بەڵام شێوەی لەسەر نانەکەی تەواو جیاواز لە خەڵک و زۆر سرنجڕاکێش بوو.

نیشانی ئەوم لە هاوڕێیەک پرسی، لەوڵامدا کوتی ئەوە کاک ئەبووی راد کوڕی قازی عەلیی مەرەغانیی یەکێک لە گەورە پیاوە ئائیینیەکانی ناوچەی سەردەشتە، کە بە کۆی بنەماڵەوە ڕێگای خەباتیان بۆ رزگاری کوردستان گرتۆتەبەر. کوتی کە ئەو برادەرە نوێنەری حیزب لە بەیروتی لوبنان بوو و زەحمەتی زۆری بۆ کردنەوەی دەفتەری نوێنەراتی حیزب و دەرگای پێوەندی دەگەڵ هێزەکانی ئازادیخوازی فەلستینی کێشا، لە جەریانی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بەیروت تووشی مەترسی زۆر گەورە هات و پاش دیتنی سەختی و دژوارییەکی لە ڕادەبەدەر، بەڵام سەرئەنجام جەسوورانە خۆی و هاوڕێیانی دەربازی ئوروپا کرد. ئەو لە نێوان داوای پەنابەری و ژیان لە ئوروپا و خەباتی خوێناوی لە کوردوستان، ئەو خەبات لە چیاکانی کوردستانی هەڵبژارد و گەڕاوە تەوە کوردستان. لە درێژەدا کوتی کە چاپی کتێبەکانی دەورەی سەرتایی کۆڕی پەروردە و فێر کردنی کوردستانیش لە بەیروت بەرهەمی زەحمەتی ئەون.

زەمان گوزەرا، لە پاش کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکرات لە زستانی ١٣٦٢ی هەتاوی من و کاک ئەبوو کەوتینە یەک ئۆرگان و هەردووکمان دراین بە ناوەندی "سپی سەنگ" ناوەندێک کە دەبوو سەرپەرەستی خەباتێکی سەخت دژی کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەی مۆکریانی کردبا، لە کارکردنی هاوبەشدا بۆم دەرکەوت کە جەوهەر و زاتی دەروونی ئەو دەگەڵ قەلافەتی شێرانە و پیاوانەی دوو ڕووی گوڵپەڕی گوڵە باخێکن. ئەوەندەی لە رواڵەتدا خۆش تیپ، جوان پۆش، دڵگر و پاک و خاوێن بوو، بە سەد قاتیش لە دەروونداا خاوەن بڕوا، لێبڕاو، شۆڕشگێڕ، خاکەڕا و خۆنەویست بوو. ئەو کادرێکی ئاگا، بەپرینسیپ، خاوەن فکرو ئەندیشەی نەتەوایەتی و خاوەن کەسایەتی سیاسی بوو. کاک ئەبوو کەسایەتیەکی جێگای متمانە بوو، بەرژەوندی باڵای گەل بۆ ئەو لەسەرووی هەموو شتێک بوو، ئەو تایبەتمەندیانە وایان لەو کردبوو کە ببێتە جێگای بڕوای ڕێبەری و لەهەستیارترین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشەکانی وەک پێوەندی، ڕێکخستنی نەهێنی و زۆر بەشی گرینگی دیکەدا جێگای بڕوای جوڵانەوەکەی بێ. هەر چەند ژوانگەی سیاسی ئەو، حیزبەکەی پێشەوا، لانک و ناوەندی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی بوو، سەرەڕای بەرفراوانی ئەو ژینگەیەش زۆر جار پێیوابوو کە "نا" ژینگەکە بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی ئەو بەرتەسکە. زۆر جاران لە دەربڕینی هەستی نەتەوەییدا تەنانەت وە پێش حیزبەکەشی دەکەوت، ئەو دانی بە سنووری دەستکرد نەدەهێنا و ئازادیخوازانی پارچەکانی دیکەش لە چاوی ئەو هەمان دیموکراتە شۆڕشگێڕەکەی ڕۆژهەڵات بوون. پێیوابوو کە دەبێ شۆڕشگێڕی کورد بەو بیرە خۆی تەیار بکا کە "واقیعی بوونی" ئەو سنوورە دەست کردانە بۆ دوژمنان بکەن بە خەون و خەیاڵ.

**ئازیزان!**

ناودڵ و کونجی ماڵی کاک ئەبووبەکر حەشارگە و شوێنی حاوانەوەی کوردانی سەوداسەری کوردایەتی بوو. بۆ ئەو جیاوازییەک لە نێوان هاوسەنگەران و ئەندامانی بنەماڵەکەی نەبوو، قەت ئەو دیمەنە خەمناکەی ئەوم لە پاش پسانی ڕنو لەپشتی مەیدان چۆغە لەبەر چاوان ون نابێ، کاتێک ڕنویەکی بەسام پساو هاوسەنگەرێکی خۆشەویستی ئێمەی لوولدا و لە ناو دڵی ڕەقی خۆیدا ڕەقییهەڵێنا، چۆن تەندووری دەروونی ئەبووبەکر بڵێسەی لێهەڵدەستاو ئارەزووی دەکرد ببێ بە گڕکان و بە گڕ سروشتی بێ بەزەییدا بچێتەوە و هاوسەنگەرەکەی نەجات بدا.

قەت ئەو قەیافە شێرانەیەی ئەوم لەبەر دیدە بزر نابێ کاتێک شەوێک لە هاوینی ساڵی ١٣٦٤ دا لە گوندی سەرباخچە دوژمن گەمارۆی دابووین و هەتا نیزیکترین جێگای مومکین هاتبوە پێش، چۆن ئەبووبەکر وەک شێڕ لە لانە هاتەدەر و کلاشینکۆف بە دەست هاتە شەڕگە و بۆ نەجاتی گیانی پێشمەرگەکان سینگی کردە قەڵخانی گوللەی ئەو دوژمنەی کەکەمتر لەدوو سەد میتری لێ دوور بووین. ئەوێ شەوێ دەگەڵ باقی فەرماندەرە ئازاکان، بوو بە فەرماندەی مەیدانی شەڕ و گیانی دەیان کەسی لە مەرگ ڕزگار کرد و دەگەڵ کازیوەی بەیانی هەمووی گەیاندینە دوندی تەرغە.

کاک ئەبووبەکر لە گەنجیەتیدا بوو بە ماموستای قوتابخانەی مناڵانی کورد و زۆر زوو هەر پێش دەستپێکی دەیەی ٣ی تەمەنیدا بوو بە ئوستادی دەرسی شۆڕشگێڕی، خەبات و نەسرەوتن تا سەرکەوتن لە زانکۆکانی شۆڕشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردایەتی. ئەو ئەهلی فێربوون و فێرکردن بوو، هەر ئەو تایبەتمەندییە بوو کە لە دیاری غوربەتیش ئەوی هاندا درێژەدەری ئەو ڕێگایە بێ. دیسان بووە بە ماموستای مناڵانی کورد و بوو بەسەرچاوەی فێر کردن. هەوڵیدەدا کە بە ساناترین شێوە مناڵانی کورد فێری زمانی دایکیان بکا و چەند کتێبی وەک چاوگەی فێربوون و یادگار بۆ بەجێ هێشتوون.

کاک ئەبوو مرۆڤێکی ئازا و بە جەرگ بوو، ئەو جگە لە مەیدانی بەربەرەکانی دەگەڵ دوژمنانی گەل و نیشتمان لە مەیدانی بەربەرەکانی دەگەڵ نەخۆشی بێ چارەسەری شیرپەنجەشدا وەک شێری نێولان وابوو، ئازایەتی بێوێنەی ئەو ماوەیەکی زۆر چۆکی بە نەخۆشیەکە دادا، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا من هەرگیز نە گنج و نە بێ هیوایم لە کاک ئەبوودا نەدیت و کاتێک گوێ بیسی قسە هیوا بەخشەکانی دەبووی، دڵت دەکراوە.

لەو ماوەیەدا زۆرجارمان سەردا بەڵام سرنج ڕاکێشترین دیمەنم ڕۆژی ٢٠ی ژانویە لە خەستەخانە دیت، کاتێک کاک سەعید بێگزادە و من دەگەڵ هاوژیانەکانمان لەسەر داوای خۆی سەردانمان کرد. لە یەکەمین چرکەی دیدارەکەیدا وای نیشاندا کە هەر نەخۆش نییە و بە وەزعی ڕێگا و بان قسەکانی دەست پێکرد و لە درێژەدا کوتی کە: ″من هەموو ژیانی خۆم و بنەماڵەکەم تەرخانی ڕێگای ئازادی گەل و نیشتمان کرد، بەرزترین ئارەزووم دیتنی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بە داخەوە نەمدیت. داوا لە ئێوە هەموو ڕەفیق و ئەندامانی بنەماڵەکەم دەکەم کە ڕێگای خەبات بەرمەدەن و هەوڵ بدەن ئەو ڕێگایە پڕ ڕێبۆار بێ. ئەوانەی لەوێ حازر بوون لووزەوی فرمێسک جگە لە گۆنا جلەکانیشی تەڕ کردبوون بەڵام ئەو ئارام، لەسەرخۆ بەرنامەی ڕێوڕەسمەکەی دادەڕشت، ئەو گاڵتەی بە مەرگ دەهات، ئاخرین ڕستەی قسەکانی ئەوبە پێکەنینەوە ئەوە بوو: "ئەمن ئەوە قسەکانی خۆم بۆ ئەو دونیایە بۆ ئێوە کرد، بەڵام ئێوە ڕاسپاردەتان بۆ دونیای دیکە چییە"؟؟

ڕۆژی ٢٢ی ژانویە بۆ جارێکی دیکەش دەگەڵ کاک قاسم قازی بێ پرس و خەبەردان خۆمان بە خەستەخانەدا کرد و چەند خولەکێکی لە خزمەتیدا بووین، ئەو جارەشیان وەک پێشوو بە غیرەت و ئازا کوتی: ″من هەمیشە خۆم بە ئەندامی بنەماڵەی دێموکڕات زانیوە و دەزانم، هیوادارم ئێوە و بنەماڵەکەم هەر ڕێبۆاری ڕێگای کوردایەتی بن". بە تەئکیدەوە کوتی لە بیرتان نەچێ کە تابووتەکەم بە ئاڵای کوردستان داپۆشن و ئاڵایەکیشم لە تابووتەکە بنێن. ئەو هەمیشە تەنانەت لە ئاخرین ساتەکانی ژیانیشیدا لە ئازایەتی و غیرەتدا نموونەیەکی بێ وێنەی ئیلهام بەخشیی و وزەدەری بوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاک ئەبوو، جوان پەرەست و هونەر دۆست بوو. ئەو لە بێنیهایەتی حەزدا حەزی لە سروشت و جوانییەکانی کردگار دەکرد، زایەڵەی دەنگی بە سۆزی کەریم کابان، خالەقی، سمایل سابووری و دەیان هونەرمەندی دیکە چاشنی ژین، هاورازی تەمەن، ڕەفیق و هاودەمی ژیانی بوون.

کاک ئەبوو مرۆڤێکی بە ئیرادە، شایی بەخۆ، دۆست خۆشەویست، دڵ و دەروون ئاواڵە، سەخی تەبع و ژیان خۆشەویست بوو.

کاک ئەبوو کەم ژیا بەڵام کەڵ ژیا، گاڵتەی بە مەرگ دەکرد. ئەو رستەیەی فارسی کە دەڵێی "راد مردان ایستاده میمرند" ئاوێنەی باڵا نوێنی هاوڕیمان کاک ئەبوو بوو، ئەو لە واقیعدا بە پێوە و بە سەری بڵیندەوە چووە دیاری ئەبەدی.

کاک ئەبووبەکر هاوسەرێکی گەورە، بابێکی بێ وێنە، برایەکی بەرپرس، کوڕیکی بە ئەمەگ، دۆستێکی جێگای ئیعتماد بوو. کۆچی دوایی کاک ئەبوو بۆ بنەماڵە، نەتەوەی کورد، هاوسەنگەرانی دیموکڕات و دۆست و هەواڵان و کۆمەڵگای کورد بە گشتی خەسارێکی گەورە بوو.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە پڕ بە دڵ سەرخۆشی لە دایە خونچێ، براژنە سوڕەیا، تریفە، توانا، هانا و سەرجەم خوشک و برا و کۆی دۆستان و ئازیزانی کاک ئەبوو دەکەم.

٣ی فێبریوێری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## کاکی من زۆر زۆر زوو بوو!




**سەعید بەگزادە**

کۆچت قورسە. بڕوا  بە نەمانی جەستەی کوردانەت هاسان نییە. تۆ شەری ژیانت بۆ نەتەوەکەت دەکرد. تۆ دەرسی مانەوەت بۆ ژیانی ئینسانی بە نەوەکانی کورد دەکوت، بۆ چی خۆت وا زوو بارگەت بۆ مەنزڵگەی ئەبەدی تێک نا!؟ من و تۆ دەیان رازی پێچراوی هاوبەشمان هەن، تۆ پێت وایە بە تەنێ دەرەقەتیان دێم!؟ جێت هێشتم و کۆڵێکت باری قورسی ئەرکی هاوبەش بۆ جێ هێشتم.

بیرت دێ باسمان کرد، چۆن هەوڵبدەین دەگەڵ هاوالانمان کورەی خەباتی رزگاریمان نێڵ بدەینەوە!؟ پاش هێرشی ١٧ خەرمانانی کۆماری خوێن و سێدارە، بۆسەر قەڵای سەرداران، خۆت کوتت، دەبێ بەجەرگ بین، دەبێ نەترس بین، نابێ ماتەم بگێرین. نابێ دوژمن پێیوابێ سەرکەوتوە، تۆ کوتت، ئەوان داماو و زەبوونن. کوتت هیوام بە رزگاری لە هەموو کاتەکان زیاترە. بیرت دێ خۆت کوتت رۆژی تاریکمان خەریکە ئاوا دەبێ و تیشکی خۆری بەختی کورد لە ئاسۆیە؟! خۆ تۆ قسەت بۆ دوارۆژ روون بوون، تۆ هیوات بۆ داهاتوو کەم نەبوون. ئەی ئەم سەفەرە لە نەکاوەت لە چی بوو کاکە!؟ بۆ رانەوەستای هەروەک رۆژە سەختەکان یەکێک لە سەرچۆپی گێرانی خەباتی قورسی کوردان بیەوە، جارێکی دیکەش بە هەمان ورە بەهەمان بڕوا و هەست و جەسارەتەوە، مەیدانداری خەباتی ئەم سەردەمەش بی و، گەوە و لەند و دۆڵی وڵاتمان ببڕی؟!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کاکە زوو بوو! کاکە زوو بوو!**

دەزانم سروشتیش دەمێکە هاودەستی دوژمنانمانە. هاوبەش دەستیان داوەتە یەکترو، بە پۆل و یەک یەک و دوو دوو، گوڵەکانی سەرچڵەکانمان هەڵدەپروکێنن. بۆیەش ئەم کۆچ و کۆستانە قورسن، گرانن و تاقەت پروکێن. هەر کوردە و بەرگە دەگرێ.!

کاکە ئەبوو! تۆ کوتت دەبێ بە کۆچت رابێم، چونکە خۆت کوتت، ژیان بەردەوامە. چ دوایەکی قورسە. رات سپاردین، رێگات درێژە بدەین، تۆ کوتت وچان مەدەن، ماندوو مەبن، خەبات بۆ رزگاری، رێگایەکی درێژ و پڕ مەترسیە، کوتت ئەم رێگایە دەبێ ببڕن.

کاکە! رێگا هەرچی ئاستەم و شەو هەرچی ئەنگوستە چاو بێ، خەمت نەبێ راسپاردەکەت سەرسەران.

ئەم رێگایە هەتا سەرکەوتن پڕ لە رێبوارە و جمەی دێ لە ئاشقانی ئازادی وڵات و ژیانی سەربەستانە.

سەفەرت خێر بێ و روحت ئارام. تۆ ئەوەی لەسەرت بوو، بە زیادەوە بۆ خەڵکەکەت بەرێوەت برد. تۆ رووسووری نەتەوەکەتی.

هەتا هەم، یادت، هەڵوێستە کوردانەکانت، قاقا و بزە کانت، دەگەڵم دەبن.

روحت شاد شۆرە سوارەکەی خەباتی کوردانم، کاک ئەبوو راد

**٣ی فێبریوێری ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تۆ لە دڵی پارێزەرانی ئاڵای کوردستاندا هەی و دەمێنێوە.




**سەلاح گادانی**

**لە کۆڕی ماڵاوایی هاوڕێم ئەبوو راد و بە یادی خزمەتەکانی ئەم وتارە کورتەم پێشکەش کرد.**

**ئامادە بووانی بەڕێز!**

**دایە قازی!**

**سوڕیا خانم!**

**خوشکان و برایانی هاوڕێم ئەبوو!**

**تریفە، توانا، هانا ، یادگارەکانی شوڕەسوارەکەی سپیسەنگ!**

**هەڤاڵانی یاری هەمیشە ٤٢!**

**هەڤاڵانی سووری چاوشینی کۆڕەکەمان!**

**بۆ کۆچی بێوادەی کانگای خۆشەویستی بنەماڵەکەتان، بۆ سەفەری بێ وادەی باوکتان و کاکتان ناتانلاوێنمەوە.**

**چونکە ئەو لێرەیە و لە زەینو بیری یەکە یەکەمانەوە سەیری کۆڕەکەمان دەکات، و پێمان دەڵێ مەگرین! ببن بە**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەنگ و وەرنە گۆ، ئێوە ببن بە دنگی من.

یاری هەمیشە ٤٢!

کۆڵەکەی مەکۆی یاران!

هاوڕێم کاک ئەبوو؛ لێرەدا من نامهەوێ ماڵاواییت لێبکەم. دڵنیام ئێمە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کۆڕی هەڤاڵاندا یەکتر دەگرینەوە.

ناشڵێم کە تۆ هاوڕێی من بووی، چونکە ئێستاش هەی و لە گەڵم دای.

تۆ لە ناخی هیوا، ئاوات و حەزەکانی تاکی کورددا، لە ناخی گشت ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری کوردستاندا دەژی.

تۆ لە بیر ناکرێی، تۆ لە ناو هیوا و هومێدی هەر خەباتکارێکی کورد، لە خرمەی کەڵاشێنکۆفی دەستی هەر پێشمەرگەیەک، لە خۆڕاگری هەر زیندانییەکی سیاسی، لە فرمێسکی دایکی هەر شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاری کوردستاندا دەژی و لەگەڵمان دای.

تۆ لە دڵی پارێزەرانی ئاڵای کوردستاندا هەی و دەمێنێوە.

**هەڤاڵم!**

ژیان تابلۆیەکە لە خۆیدا هەڵگری ڕۆژانی ڕووناک لێواولێو لە هیوا و شادی لە لایەک، لەلایەکیتریشەوە ڕۆژانی فرووساوی داپۆشراو لە تەپ و مژ.

بەڵام ئەوە ململانەی ژیانە چێژ بە ژیان دەدات.

تاریکی نەبوایە ڕووناکی بێ مانا بوو،

ئەمڕۆژە تەمو مژاوییانەن کە مانا بە ڕووناکی دەدەن.

لە تەنگانە دایە هیوا چرۆ دەکات و ملە بەردەوام دەبێت

ژیانی تۆش هاوڕێ، هەر وەک تابلۆی ژیانە.

ژیانێک پڕ لە هیوا، خۆشەویستی و لێوی بە بزە. ژیانێک تێکەڵاو بە ژانی گەل، ژیانێک پڕ لە شانازی و دڵخۆشی بە خەبات و خۆڕاگری گەلێک، ژیانێک پڕ لە بڕوا بە ژیانەوەی کورد، ژیانێک هەڵگری خەمی کارەساتەکان و لە دەست دانی پێشەوایەک، سەرۆک کۆمارەکەت.

ژیانێک پڕ لە خۆشەویستی بۆ سورەیا، تریفە، توانا و هانا، ژیانێک لە خەمی بەجێ هێشتنی خۆشەویستەکانت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵێ تابلۆیەک، ژیانێک بۆ لێ فێربوون.

ئەم وانەیەی لە وڵامی پرسیارێکدا لە خۆت فێربووم، لێرەدا دەیڵێمەوە.

گوتت لە بیرت بێ!

کە لە بیرەوەری دوستێکدا قسەت کرد و وتارت دا، بۆ ئامادە بووان بدوێ نەک بۆ دۆستەکەت.

گوتت: بڵێ! باوەڕتان بە خۆتان بێ!

ڕابوردوو هی نەوەی پێش ئێوە بوو، ڕێزی بگرن، لێی فێربن!

داهاتوو هی ئێوەیە دایڕێژنەوە!

گوتم: کاکە گوێگرم توورە نابن؟

گوتت: بڵێ! ئەوە وەسێتی ئەبوویە.

٣ی فێبریوێری ٢٠١٩





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ یادی هاوڕیی بەڕێز کاک ئەبووبەکری ڕاد



ئاشق ئیسماعیلی

خوشکان و برایانی خۆشەویست

ساڵی ٢٠١٨ و بە دوای وی دا مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، بۆ هەموو نەتەوەی کورد و بۆ دڵی منیش ساڵێک و مانگێکی پڕپەژارە بوون. نامەوێ بە تەواوی بچمە نێوڕووداوەکان و باسەکان، بەڵام ڕووداوی ساڵی ڕابردووی کۆیە و مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکڕات، کە لەودا ژمارەیەک لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە شەهیدبوون، سەرەتای خەمێکی یەکجار گەورە بوو و بەدوای ئەوەش دا لەدنیادەرچوون و کۆچیدوایی هێندێک کەسایەتیی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، کە لە کۆتایی ڕیزی ئەو خۆشەویستانە دا ناوی مامۆستا ئەنوەری سوڵتانپەنا و ئێستاش کاک ئەبووبەکری ڕاد دەبینین، ئەو خەم وپەژارەیان زیاتر کرد.

ئەمن لە ڕۆژی کۆچی ناوەختی کاک ئەبووبەکری ڕاد دا، خەمی دڵی خۆم بەو دوو چوارینە شێعرە دەربڕی

برا ئەمڕۆش هیلاکی دەردوداخم
سرشکی سوور و گەش دەڕژێتە ناخم



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبێ چۆن دڵ بسەکنێ، بەرگە بگرێ
کە هەر ڕۆژەی گوڵێک سیس بوو لە باخم

------

لە حاست ئەو کۆچە بێوادەت چ بێژین؟
کوڵوکۆمان لە دووریت هەڵبڕێژین
لەمەودواش هەر لە لاتین چونکە ئەمجار
گوڵی یادت لە نێو دڵ دا دەنێژین.

ئەوانەی پێش من قسەیان کرد، زۆر تایبەتمەندیی باشی کاک ئەبووبەکریان باس کرد، کە ئەمن لێرەدا ناچمەوە سەریان ودووپاتیان ناکەمەوە، بەڵام تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی هیوا بەدوارۆژ بوو. یانی ئەو شتەی کە کلیلی دنەدان و هاندانی ئێمەیە، بۆ ئەوەی ئەو خەباتە درێژەبدەین، ساڵی ڕابردوو جارێکیان کاتێک قسەم لە گەڵ کاک ئەبووندکری دەکرد، شێعرێکی کورتی تازەم هەبوو، کە ئەویش لە چەند چوارینە شێعر پێکهاتبوو. شێعرەکەم بۆ خوێندەوە. زۆری بە دڵ بوو. پێمخۆشە لێرە دیسان ئەوشێعرە کورتە بخوێنمەوە و پێشکەش بە گیانی پاکی کاک ئەبووبەکری بکەم. ئەوشێعرە باس لە هومێدبەدوارۆژ، هومێد بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوە چەوساوەکەمان دەکا.

بەڵێ، ئاسۆ ئەگەرچی لێڵە جارێ
بە سەرمان دا بەڕیـژنە خەم دەبارێ
بەلام کێ دیـویە زسـتان تاهەتایە
ببێتە کۆسپی سەر ڕێگای بەهارێ

****

بەڵێ، ئەوسەردەمە قورسو بەسامە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرەو خاڵی تەواوبـوون ڕێ دەپێوێ
ستەم هەرچەند بە زەبروزەنگ و توند بێ،
بناغەی سستە، ڕۆژێک هەر دەشێوێ

*****

لە ژێر ئەوهەورە بۆر و چڵکنانەی
کە ڕێی دەرکەوتنی ڕووناکی دەبڕن
دە بۆسەی دان هەزاران تیشکی زێڕین
کە هەوری ڕەش لە سەر ئەم زێدە وەسڕن

ئاشق

لە کۆتایی دا هەروەک لە یادی زۆر هاوڕیی شەهید و کۆچکردوومان دا گوتوومە، دەڵێم:

بنوو، خەم مەخۆ، ڕۆژێ، بەهارێـک
لە سەر گڵکۆکەت هەڵدەچێ دارێک

ئەو ڕۆژە ڕۆژی دڵـشادی دەبـێ
سەردەمی خۆشی و ئازادی دەبێ

لە سەر ئەو دارە بە خەتی کوردی
هەر بەو زمانەی لە ڕێی دا مـردی

دەنووسرێ: "گڵکۆی هاوڕیی بە جەرگە
کە بۆ کوردستان بوو بە پێشمەرگـە "



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوت لە مێژووی گەلمان دەنووســـرێ
هەتاهەتایە هەر بیــرت دەکرێ

نەمردووی هاوڕێم، تۆ لە گەڵمانی
زیندووی، تێکەڵی مێشک و دڵمانی

لە پێش چاو گەر نی، بە دڵ لە لاتین
"ئاشق"ی بڕوا و بیر و ڕێگاتیـن

۳ی فێبریوێری ۲۰۱۹





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە خەباتدا جێگای هیچ کەس لە هاوڕێ کانمان پڕ نابێتەوە



برایم لاجانی

ئەوە کە دەڵێن کەس نیە جێگای پڕ نەبێتەوە، قسەیەکە تا ئەو کاتە ڕاستە کە لەگەڵ واقعیەت بەرەو ڕوو نەبووە. بۆ ئێمە کوڕو کچەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، هەرکات هاوڕێ و هاوسەنگەرێکمان لە ڕەوتی خەباتدا لەدەست دەدەین، هەر زوو بە ئێسک و پێستەوە هەست دەکەین کە بەڕاستی جێگای ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرە مان هەرگیز پڕ نابێتەوە. ڕاستە ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەیەو لە سایەی هیممەت و پشتیوانی میللەتەکەمان، سەنگەرەکانی خەبات قەت چۆڵ نین، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە هەرکەس لەو تێکۆشەرانە، شوێن و جێگاو پێگەی خۆی لە نێو ئێمەدا هەیە کە لەدەست چوونی نەک هەر دەبێتە کۆستێکی گەورە، بەڵکو پڕکردنەوەی جێگاکەشی مومکین نیە.

هاوڕێ ئەبووبەکری ڕاد، یەکێک لە تێکۆشەرانی بەوەجی نێو ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەی میللی دێموکراتی گەلەکەمان، ڕۆژی هەینی، ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی، لە شاری ستۆکهۆڵم، پێتەختی سوئێد، پاش بەربەرەکانیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. خەبەری مەرگی کاک ئەبووبەکر هەموو ڕیزەکانی بزووتنەوە و سەرجەم دۆست و هەواڵانی خستە خەم و پەژارەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاک ئەبوو لە داوێنی بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەرور و رووحانی دا، لە گوندی ماراغانی ناوچەی سەردەشت لە دایک ببوو و هەر لەو مەڵبەندەش پەروەردەو گۆش کرابوو. مەڵبەندێک کە هەمیشە کانگای شۆڕش و خەبات بووە. دواتر بۆ خوێند دەچێتە پەیمانگای تەربیەتی مامۆستایان لە ماکۆ و پاش تەواوکردنی خوێندن دەگەڕێتەوە سەردەشت و وەک مامۆستا لە قوتابخانەکانی ئەو شارەدا دەست دەکات بە وانەوتنەوە.

بەهۆی ئەو پێوەندیە نزیکەی کە بنەماڵەی قازی عەلی لەگەڵ حیزب و جوڵانەوەی میللی کوردستان هەمیشە هایانبوو، کاک ئەبووش هەر زوو دێتە نێو ڕیزەکانی حیزب و لەماوەیەکی زۆر کورتدا گوڵ دەکا و دەبێتە سیمایەکی بەرجەستەی حیزبی. هەر لەبەرئەوەش بوو کە لە ریزی هەوەڵین کادرەکانی حیزبدا بوو کە وەک نوێنەری حیزب لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە لە بەیروت دیاری کراو و بوو بە بەرپرسی پێوەنیەکانی حیزب لەگەڵ ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین.

ئەو لەو کادرانەی حیزب بوو کە زۆر قابلیەت و توانا و لێوەشاوەیی جۆراوجۆری تێدابوون. مامۆستابوو بەڵام بەردەوام لەهەوڵی فێربوون دابوو. هەمیشە هەواڵی کتێبی تازەی لێدەپرسیم. ئاخر ئەوکەسانە فێردەبن کە دەزانن پێویستیان بە فێربوونە. گەورەترین سیفەتی کەسێکی زانا ئەوەیە کە دەزانێ دەبێت فێربێ. کاک ئەبوو لەو کەسانە بوو.

تێدەکۆشا دەگەڵ فەرهەنگ و مێژوو و جوگرافیای میللەتەکەی خۆی و گەلانی دیکەی ئێران هەرچی زۆرتر ئاشنا بێت. عیلاقەیەکی زۆری بە کۆمەڵناسی هەبوو لە قەندیلەش، لەو هەلومەرجە سەختەدا کۆمەڵناسی ئاریانپوری قەت لە خۆی جیانەدەکردوە.

دیدگایەکی فراوانی هەبوو. تەنگ نەزەر نەبوو. دوور دەیڕوانی و مەسئولانەش دەجوڵایەوە. نموونەی رێک و پێکی و دیسپلینی حیزبی و پێشمەرگایەتی بوو. پاک و خاوێن و دەم بە بزوە و پێکەنین و ورە بەرز.

لە دۆستایەتی و هاوخەباتی و هاوسەنگەریدا سادق و ڕووک و راست بوو. وەک هاوڕێ خۆشی دەویستی بەڵام لە هەر جێگایەک پێویست بایە بەرخوردی حیزبیانە و بەرپرسانەی پێ دەکردی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له ریزی ئەو کۆمەڵه کادرانەی حیزب بوو که هەموو تواناکانی خۆی هێنابوون بۆڕیزی شۆڕش و کردبونیه مایەو دەستەچیلەی خەبات.

بەرپرسایەتی جۆراوجۆری له تەشکیلاتدا پێ ئەسپێردران. له هەموو ئەو ئەرکانەدا لێوەشاوەیی لەخۆی نیشان دەدا.

ئەو ئەو ڕۆژە که ناچار بوو بێته دەریش، دەستی لەکارو تێکۆشان بۆ خزمەتی میللەتەکەی بەرنەدا. له ستۆکهۆلمیش به نوسین و خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی و وتنەوەی دەرس به منداڵان له قوتابخانەکانی ئەوشارەدا، هەر به هەمان ڕێگادا ڕۆیشت که ڕۆژی هەوەڵ له شۆڕشدا هەڵی بژاردبوو.

له هەرکوێ با، له مەجلسی دۆستانەو میوانی، کۆبوونەوەی حیزبی یا شایی و زەماوەند، به هۆی نەجیب بوونی، به ویقار و ئەدەب و مەندی و سەنگینیەک که لەسەرتاسەری شەخسیەتیدا شەپۆلیان دەدا، زوو فەزای مەوجودی دەخستە ژێر شوینەواری خۆی.

له دەرەوەش دڵی هەر بەلای خەبات و حیزب و بزووتنەوە دابوو. هەرکات یەکترمان دەدی باسی دەورانی رابردووی پڕ له شانازی دەکرد و حەسرەتی بۆ وەسەریەک کەوتنەوەی ریزەکانی حیزب دەخواست. باسی پێشمەرگەکانی حیزب و هاوڕێیانی ناوچەی پیرانشاری لێدەپرسیم. له نێو هاونەسلەکانی خۆیدا یەکێک له نموونه کان بوو. بڵند دەیڕوانی، ڕوانگەی قوڵی بۆ تەحلیلی مەسەلەکان هەبوو. هەموو مەوقعیەتەکانی له گۆشەنیگای قازانج و بەرژەوەندیەکانی حیزب و بزووتنەوە دەخوێندنەوە.

خەباتکارێکی بەتوانابوو که هەمیشه تێدەکۆشا گرێ کوێرەکان بکاتەوە. بڕوای بەوەبوو که هەمیشه ئیمکانی ئەوە هەیه وەزعەکه بەرەو باشی بڕوا. قەت نا ئومێد نەدەبوو.

کاک ئەبوو بەجەستەله نیوماندا نەماوە بەڵام له هەر هەنگاوێکی مەیدانی خەباتدا، لەهەر حەرەکەتێکی شۆڕشگێرانەدا، لەهەر ڕاسان و هێرش و هەڵمەتێکدا، له هەر ڕاپەرین و تەزاهورات و خۆپێشاندانێکدا، لەگەڵمانه، رووحی پاکی کاک ئەبوو له ئاسمانی سەنگەرەکانی خەبات له بڵندان دەفڕی و وەک رووحی هەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوڕێ شەهیدەکانمان چاوەدێریمان دەکات. کاک ئەبوو لەو هاوڕێیانە بوو کە لە خەباتدا، لە برایەتی و دۆستایەتیدا دەکرا پشتی پێ ببەستی.

سڵاو لە گیانی پاکی کاک ئەبووی خۆشەویست.

جارێکی دیکەش سەرەخۆشی خۆمان لە براژنە سوڕەییا، کاکە تواناو تریفەگیان، بنەماڵەی کاک ئەبوو و هەموو خزم و دۆستان دەکەم. لەو خەمە گەورەدا خۆمان بە شەریکی ئەوان دەزانین.

پێمان خۆش بوو لە نزیکەوە توانیبامان بۆ هاودەردی و هاوپێوەندی بە خزمەت خوشکی خۆشەویستمان سوڕەییا خانم گەیشتبایین. بەڵام بەهۆی وەزعی تایبەتی نەخوازراو بۆمان هەڵناسوڕێ بچینە خزماتیان. هیواداری قسورمان عەفوو بکەن.

برایم لاجانی

سەفیە مێشدار

٣١ ژانۆیەی ٢٠١٩ ئۆسلۆ

٣ی فێبریوێری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## سەمفۆنیای ژیان



**د. عەزیز شێخانی**

بنەماڵە و ئازیزانی کاک ئەبوبەکر سەرەخۆشیتان لێدەکەم و لەو کۆچەدا هاوبەشی خەمتانین. ماڵئاواییەکانی ئێمەی کورد لە غوربەتدا جیاوازن و ژانی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین نەوەیین، کە لە مێژووی هاوچەرخدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ژینگە و خەڵکەکەمان دادەبڕین. راد و زۆر هاونیشتمانی دیکە نموونەیەکی زیندوو لە بارودۆخی کوردەکانن. رێژەیەک لە بنەماڵەکان کە بنەماڵەی قازی عەلی یەکێک لەوانە لە سەر بناخەی هەڵوێستی کوردانە و ئازایانە لە ژیانی ئاسایی هەڵقەندراون و کەوتوونەتە ژێر پاڵەپەستۆ. ژیان هەڵوێستە و لە گۆڕەپانی خەباتی رزگاریخوانەدا هەڵوێست لوتکەی دەربڕینە. بنەماڵەی راد لەو مەیدانەدا دیارن و ئەرکی خۆیان بە زیادەوە جێبەجێکردوە. وشەکان لە بەرامبەر زۆر دیاردە و رووداودا کولن. ئەوان ناتوانن وێنەی خەم و ئازاری کۆچی ئازیزان بە شێوازێکی کۆنکرێت دەرببڕن. بۆیە لێرەدا بە خوێندنەوەی ئەو نووسراوەیە تێکەڵ بە خەمی ئەم کۆچە دەبم.

## سەمفۆنیای ژیان

- لە نەبوونەوە دێین و تێکەڵ بە رایەڵکەی بوون دەبین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەرزەکان تێپەڕدەکەین
سەرئەنجام، یەکە یەکە لەو کاروانە
دەڕۆینەدەر و ئۆغر دەکەین
لە هەناوی رەشەشەو و رۆژە رووناکەکاندا-
لە باوەشی سارد و گەرمییەکانی رۆژگاردا
دەخارێین و بەرەو رۆژانی کۆچ
هەنگاو هەڵدەگرین
- لێرە، خەم و شادییەکان
کەوتن و هەستانەوەکان
داری ژیانمان دەڕەنگێنن
روخسار و تێروانیمان دەخەمڵێنن
- کاروانی ژیان دەڕوا و رەنگ دەگۆڕێ
ریزە چۆڵبوەکان پڕدەبنەوە
دڵی تازە لێدەدەن و
روخساری نوێ دەردەکەون
- ئێمە لێرە،لە نیشتمانی دایک یان غوربەتدا
گەڕیدەیەکی چاوەڕوانین
بە سەر سینگی گۆی زەویدا رادەبڕین و
وەرزەکانی تەمەن تێپەڕ دەکەین
- لێرە لە سەر گۆی زەوی
بۆ رزگاربوون لە تانوپۆی ژیان و مردن
پەنا بۆ قەڵای خەونەکان دەبەین
ئەو خەونانەی کە هەتا مردن لە گەڵمانن
- لە پێناوی ئامانجەکانماندا
نیشتمان بە غوربەت دەگۆڕینەوە
دژ بە یاسای چەوسانەوە دەوەستینەوە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژیان بە مردن دەسپێرین

- لێرە سێ تەوەر و سێ وشەی

هاتن، گەڕان و چوون

کۆبەندی هزر و تێڕوانینمان دەخوڵقێنن

روخساری راستەقینەی حەقیقەت دەڕەنگێنن

- هاتن، هاتنێکی پڕ بە ئازاڕ، بەڵام پڕ لە بزەی شادیی

گەڕان، گەڕانێکی پڕ لە چەرمەسەریی و خۆشی

کۆچ، چوون و کۆچێکی بێدەنگ

پڕ لە شەپۆلەکانی چاوەڕوانی، گومان و پرسیار

- لێرە، ئێمە گەڕیدەیەکی چاوەڕوانین

گەڕیدەیەکی پڕ لە ژان و ژینین

لە هەناوی قۆناخی هاتن و کۆچدا

سڕ و دەستەوەستانین

- بۆ ساغبوونەوە وێڵی هزرە جیاوازەکانین و

شاڕێ و کوێرەڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج

کە ئاوێتەی هاتن، گەڕان و کۆچی یەکجارەکیمانە



بە هەموو هێزەوە دەپێوین

ژیان لێرە لە ئامێزی نیشتمانی دایک و غوربەتدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێواولێوە لە خەونی مانەوە،گەڕانەوە و نەڕۆیشتن

ژیان لێرە پڕاوپڕە

لە ترسی رۆیشتن، نەگەڕانەوە و مژاویبوون رێگا و ئامانج

- ئێمە بە رێچکە و هەناوی هزرێکی مژاویدا

تێکەڵ بە شەپۆلەکانی ژیان دەبین

لە ناخی گەڕانێکی تەژی لە ئالەنگاری

بەرەو لێواری کۆچ شۆڕ دەبینەوە

- لە هەناسە دەکەوین و

دەکەوینە باوەشی نهێنیەکی گەورە

نهێنییەک، کە بێدەنگیی و سڕ دەخوڵقێنێ و

هاتن و ژیان دەتاسێنێ

- لێرە وشەکان بڕناکەن

بیرۆکەکان لاق ناگرن

تاقیکارییەکان سەرناگرن

ئێرە قۆناخی کۆچی راستەقینەیە

- کۆچێک، کە هیچ سنوورێک ناناسێت

نیشتمان و غوربەت تێدەپەڕێنێ و

تەنیا لە گەڵ بێدەنگی

هاوڕەنگ و هاوتایە

- ئێرە لێرەوارِی چڕی هزر و بیری دیلکراوە

لێرە، ماڵئاوایی یەکجاری دوا هەناسەی شمشاڵی ژیانە

چاوەکان لەهێز دەکەون

و زمان لە گەڕان دەوەستێ

- ئێرە کۆتایی قۆناخێک و

سەرەتای وەرزێکی دیکەیە

گۆڕەپانی سەرکەوتنی وەستان و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەواوبوونی زەمەنە

- چاوەڕوانییەکانی ئێمە بە داهاتوو دەسپێرێ

لە دوارۆژ نادڵنیاترمان دەکات

پرسیارە ئەستەمەکان دەورووژێنێ و

بازنەی لێکدانەوەکانمان تەماویتر دەکات

- لێرە سەمفۆنیای ژیان

پڕ بە دەنگی هاتن و هاواری گەڕان و بێدەنگی کۆچ

بە گوێی منداڵدان و گۆڕدا دەچریکێنێ و

ئازارەکانی زانین مانا دەکاتەوە

٣ی فێبریوێری ٢٠١٩





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێزدار سورەیا خانم و سەرجەم بنەماڵـەی هاوسەنگەر کاک ئەبوبەکر ڕاد:



سەدیق بابایی

بە داخی گـرانەوە لە مـاوەی ڕابـردوودا هـاوڕێ شـاخ و ڕۆژانـی تێکۆشـانی دژوار لەبەنـدەن و بنارەکـانی وڵاتـی ئازیزمان، کـاک ئەبـو ئەو کەسە بە گـوێرەی توانـای جیـا لە کوردستان لە بەغدا تـا لۆبنـان و ئۆروپـا بـۆ بەجێ هێنانی ئەرکی نیشتمانی هەموو حەولی خۆی وەگەڕخست نەخۆشی بەربینگی پێ گرت و چیتر نەیتوانی بەئەرکی ئارەزوومەندانەی هەستێ.

سۆزی نەسرەوتوو و نەبەزانەی پێشمەرگانە لەو مـاوەدا ڕێگەی پێ نەدا تەنـانەت لە پەنـای ئێـوە، سورەیا خـانم هاوبیر، پشتیوان و هەمیشە یاوەریدا زەبوونی و تەسلیم بوون بەرانبەر ئـازارە تـاقەت پڕووکێنەکـانی نەخۆشی بە سەریدا زاڵ بێت. لە هیچ دۆست و هاوڕازێک گوێمان گوێ بیسی بە چۆکدا هاتنی ورەی بەرزی نەبوو.

مەخابن ئێوە وەک نزیکترین یاوەری هەمیشەیی هەروەهـا هـاوبیرانی ئـاخرەکەی بـووین بە شـاهێدی لە دەست دانی جەستەیی ئەم پێشمەرگەی نیشتمانە.

بەم بۆنە پڕ لە ماتەمەوە ئەو پەڕی هاوخەمی و سەرە خۆشیمان بە ئێوە هاوسەری دڵسۆز ، تەواوی کەسوکارو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com


هاوبیرانی ڕادەگەیێنین.

هیوای سەبووری ئێوە؛ بژی کوردستان خۆشەویستی کاک ئەبوبەکر ڕاد کە جەوانی خۆی بۆ ئازادی ئەو تەرخان کرد.

سدیق بابایی و بنەماڵە ئاڵمـان ٢٧ - ١ - ٢٠١٨

٣ی فێبریوێری ٢٠١٩

## کۆچت نۆغر، ڕێبازت پڕ ڕێبوار،



عەلی فەتحی

دواجار کە پرسیم چۆنی،

گوتت حەز لە کۆچی ناوەخت ناکەی،

گوتت عاشقی ژیانی و دڵت پڕ لە خۆزگەیە،

لەهەمان کاتدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بزەیەکت هاتە سەرلێوان و دوایین وڵامت ئەوە بوو:
مەرگی لەنەکاویشم، خۆی درێژەی ئەو ژیانەیە،
گوتت شادم کە خاوەن سەروەرییەکم، شادم کە بۆ گەلەکەم سووتام، شادم کە سەربەرز سەردەنێمەوە، ئەی کەسی برا شانازی لەوە جوانتر؟...

بەڵێ کەسی برا، خۆم بە چاوەکانی خۆم، بەدرێژایی ساڵانێک دیتم سەردار ژیای و ئەمڕۆش سالار ماڵاواییت کرد.
منیش لە تۆ شادترم کە ماڵت لەنێو دڵی نەتەوەکتدا بنیاتنا، سەربەرز ژیای و گەورەیی و یادەکانت بۆ هەتاهەتایە لە دڵماندا جێیانگرت.
کۆچت ئۆغر، ڕێبازت پڕ ڕێبوار، دۆستە بە ئەمەگەکەی ڕۆژانی سەختی شانازییەکان......
بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک ئەبووبەکر ڕاد، سەرەخۆشی لە خۆم و گەلەکەم و لە دۆستان و ئازیزان دەکەم. هیوادارم دواخەمی گشت لایەکمان بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٩






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕاگەیەندراو:

## بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی دیموکرات "هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد"ەوە




بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە ڕۆژی هەینی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٩ هاوڕێی بەڕێز کاک ئەبووبەکر ڕاد، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و تێکۆشەری نەسرەوتووی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد.

کاک ئەبووبەکر ڕاد، کوڕی گەورە تێکۆشەری کورد مامۆستا قازی عەلی مارەغانییە. قازی عەلی ئەو کەسەی کە هەموو ژیانی بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلی کورد تەرخان کرد. قازی عەلی یەکێک لە هەڵسوراوان و چالاکانی کۆماری کوردستان بوو. هزری نەتەوایەتی و ڕزگاریی کورد لە ژێر دەستەیی و دژایەتی لە گەڵ خوڕافاتی ئایینی، بنەمای پەروەردەی بنەماڵەی قازیی ڕاد بوو. کاک ئەبوبەکر، لە بنەماڵە و لەژێر ڕێنوێنی و پەروەردەی ئەم گەورە پیاوەدا، فێری بیری ڕزگاری و ئازادی بوو.

کاک ئەبووبەکر لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە دایک بوو، دەورانی سەرەتایی و مام ناوەندی لەو شارە خوێند و لە ساڵی ١٣٥١ هەتاوی بۆ درێژەدان بە خوێندن و بە مەبەستی بوون بە مامۆستا بۆ دەورەیەکی دوو ساڵەچووە دانیشسەرای پەروەردەی مامۆستایەتی لە شاری خۆیە، لە کۆتایی بەهاری ١٣٥٣ هەتاوی ئەو دەورەیەی بەسەرکەوتوویی تەواو دەکا، پاش پشووی هاوینی ناوبراو دەورەیەکی ٦ مانگەی نیزامی لە پادگانی سەراب



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبینێ، پاشان دەبێتە سوپاهی دانش و بۆ گوتنەوەی وانە و پەروەردەی مناڵانی کورد گەڕاوە ناوچەی سەردەشت و لە قوتابخانەکانی ئەو شارە دەستی بە کار کرد. کاک ئەبوبەکر لە هەر دوو ئەو قۆناخەدا هەم لە پادگان و هەم لە دەورانی دانیشسەرادا بە هۆی لێهاتوویی دەبێتە ئەرشەدی دانیشسەرا و ئەرشەدی گوردانەکەی.

پەروەردە بوون لە داوێنی بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و گەورە بوون لە ناوچەی سەردەشت جێی تێکۆشەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ و دۆستایەتی و هاودەمی دەگەڵ شەهید کاوە مارەغانی یەکێک لە قارەمانەکانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ و لە هەموو شت گرینگتر دیتنی رۆژانەی جەور و جەفای حکوومەتی پەهلەوی کاک ئەبووبەکری بە رووحی خەباتکارێکی رێگای ئازادی کورد و کوردستان پەروەردە و گۆش دابوو، ئەو یەکێک لە هەڵسووراوە چالاکەکانی رێکخستنی خۆپێشاندانەکانی دژی حکوومەتی پاشایەتی و لە پاشانیش یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە گەڵ ژمارەیەک چالاکی سیاسی دیکە ئیدارە و کۆنترۆڵی ئەمنیەتی شاری سەردەشتیان بەدەستەوە گرت.

هاوکات دەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ناوبراو لە رێگای تێکۆشەرانی دێموکرات پێوەندیی بە رێبەری حیزبەوە دەگرێ. ئەو یەکێک لەو کەسانە بوو کە رۆڵ و نەقشی بەرچاوی لە دامەزراندن و دەست بەکاربوونی بنکە و بارەگاکانی حیزب لە شاری سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەر بە تایبەت ناوچەی مارەغان، هەبوو.

کاک ئەبووبەکر لە هەوەڵین کۆنفرانسی حیزبی لە شاری سەردەشت بە ئەندامی کۆمیتەی شار هەڵدەبژێردرێ و پاشانیش لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان کە لە گوندی موسالان گیرا، بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێردرا.

کاک ئەبووبەکر لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠ای هەتاوی بە مەبەستی پەروەردە بوون بۆ ئیدارەی داهاتووی ئۆرگانەکانی حیزب لە دەورەیەکی تایبەتی پەروەردەی کادر لە "خدراوێ" بەشدار دەبێ، بەم جۆرە کاک ئەبوو بەرەبەرە دەبێ بە یەکێک لە کادر و سیما بەرچاو و ناسراوەکانی دێموکڕات لە ناوچەی سەردەشت.

هەر ئەوە بوو کە رێبەریی حیزبی دێموکڕات لە پاش کۆتایی دەورەی کادرێتی لە ساڵی١٣٦٠ دا بۆ ماوەیەک دەیکاتە بەرپرسی یەکێک لە گرینگترین کۆمیتە شارستانەکانی حیزب واتا پیرانشار، پاش ماوەیەک کارکردن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەوێ، ڕێبەریی حیزب ناوبراو ئەرکدار دەکا بە مەبەستی کردنەوەی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە بەیروتی پێتەختی لوبنان و هەروەها گرتنی پێوەندی بە ڕێکخراوە فەلەستینییەکان و کوردەکانی لوبنان وەک ئەندامی هەیئەتێک بچێتە ئەو وڵاتە. هەرچەند بە هۆی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان و بیروت ئەو مەعمووریەتە زیاتر لە چەند مانگی نەخایاند، بەڵام هەر لەو ماوەیەدا کاک ئەبووبەکر جگە لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بنکەیەک بۆ نوێنەراتیی حیزب لەو وڵاتە پێوەندیی زۆر باشیشی دەگەڵ ڕێکخراوە شۆڕشگێرە فەلەستینی و کوردییەکان دامەزراند.

کاک ئەبوبەکر لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزب بەشدار بوو، لە کۆنگری شەش بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و کرا بە ئەندامی "مەڵبەندی سپی سەنگ" لە قووڵایی ناوچەی موکریان و بوو بە چقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی. وەک ئەندامی ناوەندی سپی سەنگ کە سەرپەرستی و پێراگەیشتنی چەندین هێز و کۆمیتەی شاراستانی گەورەی دەگرتەوە، کاک ئەبوو توانایی و لێهاتویی زیاتری خۆی دەرخست. لە کۆنگری ٧ دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار و هەتا کۆنگرەی ٨ لەو ناوچەیە ئەرکی ئیدارەی کۆمیتەی شارستانی چالاکانە، بەڕێوە برد.

پاش ئینشعابی کۆنگرەی هەشت و لەت بوونی حیزب ناوبراو بوو بە یەکێک لە دەستەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر) و لە کۆنفرانسی ٤ دا بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب ئینتخاب کرا، لە کۆنگرەکانی ٩ و ١٠ شدا بەشدار و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە. لەماوەیەدا کاک ئەبووبەکر زۆر بەرپرسایەتی هەستیار وەک بەرپرسی تەشکیلاتی ناوخۆ، بەرپرسی ئاموزیش، کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی بەڕێوە برد. ماوەیەکیش ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی حیزب بوو. ئەم پۆستە قورسترین کاری ڕۆژانەی حیزبی دەگرتەوە کە لە سێ کەس پێکهاتبوو و کاک ئەبووبەکر، یەکێک لەم سێ کەسە شایستانە بوو. لەم ئەرک و ڕاسپاردانەدا، کەسێکی وشیار، خاوەن هەڵوێست و لێبراو و ورد و کارزان و سەرکەوتوو بوو. پاشان کاک ئەبووبەکر بە هۆی توانایی و لێزانی، گوێزرایەوە بەشی پەیوەندییەکانی حیزب و ناردرایە بەغدا، بۆ درێژە و دامەزراندنی پەیوەندی دەگەڵ سەفارەت و بنکە و بنیاتە جیهانیەکان کە بنکەیان لە بەغدای پایتەختی عێراق هەبوو. هاوکات نوێنەری ئەسڵی یەکەمی حیزب بوو لە بەغدا. لەم بەشەشدا هەموو ئەرکەکانی دیکەی، سەرکەوتوو و ڕووسوور، سەفیری پاک و سادقی حیزب و گەلەکەی بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە دیسامبری ١٩٩٩ وەک پەنابەر هاتە وڵاتی سوید. ناوبراو لەوڵاتی سوید پاش دیتنی چەند دەورەی مامۆستایەتی وەرگرتنی بڕوانامەی پێویست وەک مامۆستای زمانی کوردی لە شاری ستۆکهۆڵم دەست بەکار بوو، لەو ماوەیەدا ناوبراو دوو پەڕتووکی بە نرخی فێربوونی زمانی کوردی نووسی و چاپی کردن و دوو دانەشی لە نۆبەی چاپ دان.

کاک ئەبووبەکر مرۆڤێکی تێکۆشەر، خەباتکارێکی نەسرەوتووی ڕێگای کوردایەتی، پێشمەرگەیەکی ئازا و جەسوور، ئەمین و ئەمانەتدار بوو. ئەبووبەکر ڕاد، لەو ماوەیەشدا لە دەرەوەی وڵات، قەت پشتی حیزبەکەی بەرنەدا، و هەمیشە ڕێنوێن و هاوکار و پشتگری بەرپرسان حیزب و داکۆکیکارێکی لێزان و وشیاری سیاسەتەکانی حیزبەکەمان بوو. دەگەڵ ئازارەکانی حیزبەکەی و هاوڕێیانی بوو.

کاک ئەبووبەکر لە ساڵی ٢٠١٦ وە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو و پاش بەربەرەکانییەکی ئازایانە بەداخەوە ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٩دڵە پڕ لە هیواکەی بۆ ئازادیی کورد و کوردستان لە لێدان کەوت.
بە کۆچی دوایی کاک ئەبووبەکر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات تێکۆشەرێکی ماندوویینەناس، حیزبی دیموکڕات ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگ و بە هەڵوێست و، دۆستانی بەشێک لە جەستە و بنەماڵەکەی سەرپەرەستێکی بە وەجیان لە دەستدا.

کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەم بۆنەیەوە هاوخەمیی قووڵی خۆی بە بنەماڵەی بەڕێز و سەربەرزی کاک ئەبووبەکر ڕاد لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات، بە هەموو تێکۆشەران و هاوسەنگەرانی دەیان ساڵەی ئەو خەباتکارەی ڕێگای ئازادی و ، بە خەڵکی دڵسۆز و دیموکراتپەروەری سەردەشت رادەگەیەنێ و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێ. بە دڵنیاییەوە یاد و ناوی هاوڕێی خۆشەویست ئەبووبەکر ڕاد، لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد دا، بە نەمری و بەرزی دەمێنێتەوە.

روحی شاد و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆچی‌دوایی ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوید




هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد تێکۆشەری نەسرەوتوو و ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە ولاتی سوید ماڵاوایی لە ژیان کرد.

بە پێی ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژی هەینی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٩ ڕێکەوتی ٥ی ڕێبەندان ئەبووبەکر ڕاد، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوندەیی حیزب و تێکۆشەری نەسرەوتووی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پاش ماوەیەک بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی دڵە پڕ لە ئاواتەکەی لە لێدان کەوت.

کاک ئەبووبەکر ڕاد، کوڕی تێکۆشەری کورد مامۆستا قازی عەلی مارەغانییە، کە هەموو ژیانی بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلی کورد تەرخان کرد و، یەکێک لە هەڵسوراوان و چالاکانی کۆماری کوردستان بوو.

کاک ئەبووبەکر لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە دایک بوو، لە ساڵی ١٣٥١ هەتاوی بۆ درێژەدان بە خوێندن و بە مەبەستی بوون بە مامۆستا بۆ دەورەیەکی دوو ساڵەچووە دانیشسەرای پەروەردەی مامۆستایەتی لە شاری خۆی، پاشان دەبێتە سوپاهی دانش و بۆ گوتنەوەی وانە و پەروەردەی مناڵانی کورد گەڕاوە ناوچەی سەردەشت و لە قوتابخانەکانی ئەو شارە دەستی بە کار کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەروەردە بوون لە داوێنی بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و گەورە بوون لە ناوچەی سەردەشت مەڵبەندی تێکۆشەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ و دۆستایەتی و هاودەمی دەگەڵ شەهید کاوە مارەغانی یەکێک لە قارەمانەکانی جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ و لە هەموو شت گرینگتر دیتنی رۆژانەی جەور و جەفای حکوومەتی پەهلەوی کاک ئەبووبەکری بە رووحی خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان پەروەردە و گۆش دابوو، ئەو یەکێک لە هەڵسووراوە چالاکەکانی ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی دژی حکوومەتی پاشایەتی و لە پاشانیش یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە گەڵ ژومارەیەک چالاکی سیاسی دیکە ئیدارە و کۆنترۆڵی ئەمنیەتی شاری سەردەشتیان بەدەستەوە گرت.

هاوکات دەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ناوبراو لە ڕێگای تێکۆشەرانی دێموکرات پێوەندیی بە ڕێبەری حیزبەوە دەگرێ. ئەو یەکێک لەو کەسانە بوو کە ڕۆڵ و نەقشی بەرچاوی لە دامەزراندن و دەست بەکاربوونی بنکە و بارەگاکانی حیزب لە شاری سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەر بە تایبەت ناوچەی مارەغان، هەبوو.

کاک ئەبوبەکر لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزب بەشدار بوو، لە کۆنگری شەش بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و کرا بە ئەندامی "مەڵبەندی سپی سەنگ" لە قووڵایی ناوچەی موکریان و بوو بە چقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی.

لە دیسامبری ١٩٩٩ وەک پەنابەر هاتە وڵاتی سوید. ناوبراو لەوڵاتی سوید پاش دیتنی چەند دەورەی مامۆستایەتی وەرگرتنی بڕوانامەی پێویست وەک مامۆستای زمانی کوردی لە شاری ستۆکهۆڵم دەست بەکار بوو، لەو ماوەیەدا ناوبراو دوو پەڕتووکی بە نرخی فێربوونی زمانی کوردی نووسی و چاپی کردن و دوو دانەشی لە نۆبەی چاپ دان.

هاوڕێ ئەبووبەکر لە ساڵی ٢٠١٦ وە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو و پاش بەربەرەکانییەکی زۆر، ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٩ دڵە پڕ لە هیواکەی بۆ ئازادیی کورد و کوردستان لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە وێڕای بەرز ڕاگرتنی یادو بیرەوەریی هاوڕێی تێکۆشەر ئەبووبەکر ڕاد پرسەو سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی سەرجەم کەسوکار و بنەماڵەی بەڕێزیان بەتایبەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوسەنگەرانی دەکا.

رێگای پڕ رێبوار و سەنگەری خەباتی ئاوەدان.

سەرچاوە: کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٩

---

## هاوخەمی و پرسەو سەرخۆشی بەشێک لە هاوڕێیان و دۆستانی

## هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد:

---

هاشم کەریمی (Hashim Karimi)

### مەرگی هاوڕێیەک

لە پەندێکی پێشینیانی چینیدا هاتووە: هەموو کەس دەمرێ، مردنی هێندێک لە پەڕی قوو سووکترە و مردنی هێندێک لە کێوی "تا" قورسترە. کۆچی دوایی زیندوویاد ئەبووبەکرراد بۆمن وەک هاورێیەکی دیرینی و هاوسەنگەرانی زۆر قورس و گران بوو و جێی پڕنابێتەوە. زیندوویاد ئەبووبەکرچ ئەو کات کە پێشمەرگە و کادری حیزب بوو و چ کاتێک لە ریبەرایەتیدا بوو، بە راستی و دروستی لە پێناوی خزمەت بە گەل و نیشتماندا تێکۆشا و لە فیداکاری درێغی نەکرد. پر بە دل سەرخۆشی لە بەریز سوریاخانم و مندالەکانی و کەسوکاری و خەڵکی تێکۆشەری سەردەشت دەکەم.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**مستەفا شڵماشی**(Mustafa Shalmashi)

کۆچی دوایی نا بەوەختی هاوڕێی خۆشەویستمان، کادری ڕێبەری و پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکڕات و کەسایەتیی خۆشناوی گەلەکەمان، کاک ئەبوبەکری ڕاد، هەموانی غەمبار کرد. جێگای داخە کە تێکۆشەرانی ماندوویی نەناسی گەلەکەمان بۆ ئەوەی بەرهەمی خەبات و تێکۆشانیان ببینن، لە دوور وڵات ماڵئاوایی لە ژیان دەکەن. بە هۆی لە دەستدانی ئەو کەسایەتیە خۆشەویستەوە لە بنەماڵی بەڕێزی، لە هاوڕێیانی و لە هەمو خەڵکی کوردستان سەرەخۆشی دەکەم و خۆم بە شەریکی غەمیان دەزانم. ڕوحی شاد و ڕێگای پڕ بێ لە ڕێبوار

**سەعید بەگزادە** (Saeid Bigzadeh)

هاورێم، برام، پشتیوانەکەم، کاکە ئەبوو، ماڵ ئاوا، سەفەرت خێر!

یادت، وانەکانت، بزەکانت، دڵگەورەیی و قاقاکانت، جەسارەت و ورە و ئیمانت بە ڕێبازی پێشەوا و رزگاری میللەتەکەت. خۆشەویستی و ورە بەخشینت بە هاورێیانت، پاکی، سەفاو وەفات، ئاواتەکانت، هەتا هەم دەگەڵمن. کۆچت قورسە، جەستەی بەهێز و دڵی گەورەی وەک خۆتی دەوێ.

روحت شاد سوار چاکەکەی خەباتی نەپساوەی دێمۆکرات

**قادر وریا** (Qadir Wrya)

پێم وانیە بیرەوەرییەکی ناخۆشی لای کەس بە جێ هێشتبێ. مەتانەت و نەجابەت و ڕووخۆشی، بەشێک بوون لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی لە سەنگەر و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشاندا. هێشتا زوو بوو بۆ ماڵاوایی یەکجاری، بەڵام بە داخەوە دەرد و نەخۆشی، نە بە دڵی خۆشەویستان دەکا، نەخاتری تەمەن دەگرێ. جەفا دەرحەق ئارەزووە وەدینەهاتووەکانیش دەکا. ماڵاوا هاوڕێی روحسووکی هەموان کاک ئەبووبەکری ڕاد!! شەریکی خەمی هاوسەری بەڕێزت و توانا و کانیی ئازیز و سەرجەم خۆشەویستانی دڵ بەخەمتم. گیانت شاد و یادت بەڕێز.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ئاسۆ حەسەن زادە (Asso Hassan Zadeh)**

کۆچی دوایی تێکۆشەری سەنگین کاک ئەبووبەکر ڕاد لە هەموو ڕوویەکەوە ناوەخت بوو. ناو و یادی ئەستێرە گەشەی سەر کاروانی ڕێبازیەتی.

**ڕەحمان نەقشی (Rehman Neqsi)**

بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان "هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزو تێکۆشەری راد و هاوسەری بەرێزیان خووشکە سوڕەیا و گشت کەس و کاریان دەکەیین و خۆمان بە شەریکە خەم و پەژارەیان دەزانین و ساخ و سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ هەر دوو بنەماڵە بە ئاوات دەخوازین.

**بەهروز کوردئەحمەدی - Behroz Kurdahmadi**

ژانێکی بە سام و دەردێکی بێ سەرەنجامە کۆچی ئەبووبەکری راد، کوڕە دڵسۆزە لێوەشاوەکەی دایە خونچە و قازی عەلی راد.

هەرگیز بیر بە بیریدا نەدەهات کە ئەو پیاوە ئەهوەن و لە بەردڵانە بکەوێتە بەر تیر و تەوژمی بێ ڕەحمی ڕۆژگاری جەفا کار و خۆشەویستەکانی هەموو ژیانی بە جێ بێڵێ و لە پاش خۆی دەریایەک خەم و ئاسمانێک تەم بخاتە سەر هەوای هەڵمژتنمان.

ئەمڕۆ فرمێسک سوور و شادیی دوور و پەژارە بێ سنوورە بۆ لەدەسچوونی کوڕە پێشمەرگەیەک کە هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕزگاریی گەل و نیشتمان تەرخان کرد و چ لە کوردستان و چ لە هەندەران بۆ بەدیهاتنی ئاواتی لە مێژینە، ئەوەی لە دەست و دەسەڵاتیدا بوو کردی.

خەم و تاسەی سەفەری تۆ ئەی برای شیرین تا ساڵانێکی دوور و درێژ هەر دەمێنێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئارام بنوو، گیانت شاد بێ ئەبوو گیان!

**هەمزە ئاگۆشی (Hamza Agoshi)**

هەر رۆژەی خەم و برینی لەدەستدانی خۆشەویستێک و هاورێیەک. چ سەختە مانەوە و هەڵکردن دەگەڵ ئەو ژان و برکانە. روحت شاد مامۆستا. روحت شاد هاورێ گیان. لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە جەنابتان و سورەیا خانم و بنەماڵەی بەرێزیان و دایە فاتم و سەرجەم خزم و دۆستان و هاورێ و هاوسەنگەران دەکەم و شەریکی خەمتانم. روحی شاد بێ و بۆخۆتان سەلامەت بن.

**محەممەد فەقی عەلی (Mohammad Faqeali)**

ڕاخوشینی ئەستێرەیەکی دیکەی ئاسمانی فیداکارانی گەلەکەمان، روحت شاد کاک ئەبوبەکری ڕاد، هزر و بیری تۆ تەنەراوەیەکی ناو سلولەکانی مێشکی ملیۆنان کووردە، ماڵاوای یەکجاریت خۆش. ڕێگات پڕ ڕێبوار.

سەرەخۆشیم لە بنەماڵەی بەرێزی کاک ئەبوبەکر و هەموو تێکۆشەرانی دیمۆکرات دەکەم.

**هاشم رۆستەمی (Hashim Rostami)**

هاورێی رۆژانی سەختی خەبات! تێکۆشەرە ماندوویی نەناسەکەی دێموکرات! سەرکردەوە بە وەجەکەی حیزب و گەل! کاک ئەبوبەکر راد ! ماڵئاوا! ماڵاوا سەفیرە بە ویقارەکەی کورد!

هەواڵی مەرگی ناوەختت خەمێکی ئەوەندە قوورسە کە هەموومانی تاساندوە.

یاد و ناو و هەیبەتی مێرانەت قەت فەراموش ناکرێ. ئاخر تۆ مرۆڤێکی راستەقینە بووی بە هەموو تایبەتمەندیە باشەکانەوە.
بەم بۆنە خەمناکەوە خۆم بە شەریکی خەمی بنەماڵە بەرێزەکەی و سەرجەم هاورێ و ئاشنایانی دەزانم..



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**مەولوود سوارە (mouloud swara)**

حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێک لە ڕۆڵە وەفادارو بەئەمەگەکانی خۆی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانی لەدەست دا.

کاک ئەبوبەکری ڕاد چل ساڵ تەمەنی خۆی پێشکەشی کوردو جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کرد. بۆ ماڵئاوایی یەکجاریی دەچین تا ڕێزو وەفاداری خۆمان لە زەحمەت و تێکۆشان و خەباتی ئەم تێکۆشەرە نەسرەوتوەی گەلەکەمان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەجێ بێنین.

ڕووحت شاد پێشمەرگە و پێشەنگی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان

**خالید وەنەوشە (xalid wanawsha)**

نەمر ئەبوبکری ڕاد سیمایکی دیاری بزووتنەوەی کوردایەتی و حیزبایەتی بوو، بەمانای واقعی هاوڕێ و برای ڕاستەقینە بوو، سەرەتای مانگی سەرماوەزی ١٣٩٦(دێسەمبەری ٢٠١٧ز) لە ستوکهۆڵم لەماڵەی خۆی لەسەرداواکاری خۆم و موافقتی خۆی لە خزمت کاک کەماڵ گەرویسی چوومە خزمەتی کە چاوم پێکەوت زۆر بەشێوەیکی دیار خەزڵام و لە ڕووخسارمدا زۆر زوو دەرکەوت بۆ شاهیدی ئەوە هاوڕێ کەمال گەروێسی شاهیدی دەدات و بەڵام ئەو نەمرە زۆر زووی ئەمن خۆێندەو ئاموژگاری دەکردم کە ژیان هەر ئەوویە و دەستی بە قسە و باسان و پرسیارکردن لە وەزعی حیزب و خەبات و پێشمەرگایەتی و کارو ژیان لە ناوخۆ چۆن دەڕوات و ئەوەندەی بەیەکەوە بووین ئیمە کەمترین قسەمان کرد بەڵکو زۆرتر مجالمان بۆ کاک ئەبوبکر هێشتەوە و هەر کۆمان لە فەرمایشەکانی ڕاگرت و بەلام دڵم ڕێگای ندا کە شەوەکە لە خزمەتیدا بمێنمەوە؟ چونگە من پێشتر ئەو برایەم لە جەستەدا جۆرێکی تر دیتبوو و بەڵام لەباوەریدا زۆر بەرزترو بەئیرادەتر خۆی دەرخست، دەک ڕووحت شاد بێت هاوڕێ ڕۆژە سەختەکانی خەبات و پێشمەرگایەتی.

برا و ئازیزو خۆشەویستی هەمیشە زیندوومان کاک ئەبوبکری ماندوویی نەناس هیچ کات لە دڵمان دەرناچیت



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕەسوارەکەی دێمۆکرات ڕووحت شاد بێت و سەنگەری بیروباوەرت هەر ئاودان بێت و سەری خوشکه سوریا و توانا گیان و تریفه و هاناگیان سڵامت بێت.

**عەزیز ئەحمەدی (Aziz Ahmadi)**

خەمێکی قـوول کـۆچی دوایـی هـاوڕێ و ڕەفیقـی لە مێـژینە پێشـمەرگەی بە ئەمەگـی حیزبـی پێشـەوا قـازی کـاک ئەبـوبەکری راد ئەنـدامی پێشـووی کـۆمیتەی ناوەنـدی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان بـۆ بنەمـاڵە و هاوڕێیـان و بەتـایبەتی بـۆ من زۆر گرانە هـاوڕێیەتی من و کـاک ئەبـو بەکـری خۆشەویست دەگەڕێتەوە بـو سـالی ١٣٥٩ کـاک ئەبوبەکر هاوڕیەکی زۆر بەویقارو ڕێزدار بوو لەبنەماڵەیەکی شۆڕشگێر گەورە پیـاوێکی وەک مامۆسـتا قـازی عەلـی مارەغـانی فێـری کـوردایەتی بوبـوو دەگەڵ کـاک ئەبـوبەکر لە کۆمیتەی شارسـتانی سەردەشت مـاوەیەک لە کۆمیتەی شارسـتانی پیرانشـار مـاوەیەک لە کۆمیسـیۆنی ئـاموزش لە پلێنگـان هاوکـار بـوین لە هاوکاریـدا کـاک ئەبـوبەکر هاوڕێیەکی دڵسۆز بوو کاک ئەبوبەکر ئەوەندەی ڕێز لە هاوکارەکانی دەگرت کەسایەتی خۆی دەسەلماند ئینسـانێکی کورد پەروەر دلسۆزو فیـداکار بـوو لەمـاوەی ژیـانم لە وڵاتـی سویس هەمـوو سـالان بـێ نێـوبڕ چـاوەڕوان بـوم کـاک ئەبـوبەکری لێـرە لای خـۆم ببیـنم بەداخێکـی گـرانەوە ئەو چـاوە ڕوانـیەم وەک زۆر چـاوەڕوانی و ئـاواتەکـانی دیـم نەهاتە دی بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە خۆم لە دایک مەلا ژن لە خوشکه سوره یـا لەهەموو بنەمـاڵەی قـازی عەلـی لە هەمو هاوڕێیانی سەرەخۆشی دەکەم

**ئاشق ئیسماعیلی(Ashiq Ismaili)**

برا ئەمـڕۆش هیلاکی دەردو داخم
سرشکی سوور و گەش دەڕژێتە ناخم

دەبێ چۆن دڵ بسەکنێ، بەرگە بگرێ
کە هەر ڕۆژەی گوڵێک سیس بوو لە باخم

********



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە حاست ئەو کۆچە بێوادەت چ بێژین؟
کوڵوکۆمان لە دووریت هەڵبرێژین

لەمەودواش هەر لە لاتین چونکە ئەمجار
گوڵی یادت لە نێو دڵ دا دەنێژین

ماڵاوا هاورێی دڵسۆز و دڵپاک کاک ئەبووبەکری ڕاد. مالاوا تێکۆشەری دێرین و ئەوینداری ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان.

کۆچەکەت زۆر بێوادە بوو و زوو لەنێومان ڕۆیشتی، بەڵام یادت هەمیشە لەدڵی هاوڕێیانت دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بێبەش پیرۆتی (Bebash Piroti)

کەی بەڵێن بوو زوو بڕۆی و تامی ئازادی نەکەی؟ خۆ برا! زۆری نەمابوو لە بەر تریفەی ئەو مانگەی بۆ ڕەها بوونی چیت لە تواناداا بوو بەخشیت، وەحەسێی.

خوا عالەمە خەمی کۆچت گرانە و مەگەر هەر گەینە مەبەستت سووکی کا.
سەفەرت خێر و تیشکی یادت بەردەوام.

عەبدوڵڵا حیجاب(Abdullah Hicab)

چۆن بڕوا بکەین کە بەجێت هێشتین کاکە ئەبوو؟
ئەبووبەکر ڕاد، تێکۆشەری ڕۆژانی سەخت، ئۆغرت بە خێر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### ئەحمەد عەزیزی (Ahmad Azizi)

کۆچت ئۆغر بێ دۆستی زێدە نیزیک و خۆشەویستم. کۆچت کرد بەڵام هەر چی بۆ بنەماڵەت، بۆ خزم ودوست و ئاشنات بەجێت هیشتووە هەر هەموی خۆشەویستی و یادی خێری تۆیە. بروا ناکەم کەسێک جارێک توی دیبێ و خۆشیی نەویستبی. دنیایەک لە ئاواتی بەرزی وەدی نەهاتوت هەبوو. داخی گرانم مەرگ مەجالی نەدای بیانبینی. زۆر بیرەوەری خۆشم لە دۆستایەتی لە گەڵ تۆدا هەیە کە هەرگیز لە یادیان ناکەم.

یادت بۆ هەمیشە بەرزو بەخێر بێ دۆستی خۆشەویست.

### رەحیم شیوەیی(Rahim Shiwie)

هاورێم برای خۆشەوسیتم کاکە ئەبوو گیان نازانم بە چە جۆریک خەمباری خۆم دەربرم بۆ کۆچی دواییت، تێکۆشەری ماندو نەناسەکەی حیزبی دێموکرات تێکۆشەری بەرچاو دیارو کەسایەتی خۆشەویستی گەل و نیشتمان رەفیقی دەورانی مەدرەسەو منالیم. لەدوای بەربەرەکانێکی زۆر سەختدا بە نەخۆشی بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوای لێ کردین و بەجێت هێشتین. بەم بۆنەوە پڕ بە دڵ پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسو کار و خزمان دەکەم روحی شاد بیت.

### بیژەن قارەمانی (bijan ghahramani)

### کاک ئەبووبەکر ڕاد

ئەستێرەیەکی ئاسمانی پڕشەنگداری ریزی تێکوشەرانی کوردستان دیپلۆماتێکی بە توانا خەباتکارێکی بە کردەوەی گۆرەپانی سپی سەنگ و قەندیڵ و زەمزیران رێبواریکی کۆماری کوردستان و پێشمەرگەیکی خاکی و خەڵکی سیمایەکی ئاشنا و خۆشەویست و خۆنەویست دوێنی هەینی پاش ماوەیەک بەرەبەرەکانی لەگەڵ مەرگ و ژیان لە وەڵاتی سوئید "ستۆکهۆڵم" بە مەرگیکی سەرفرازانە چووە ناو کاروانی نەمران.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەم بوونە ناخۆش و دڵتەزینە خۆم بە شەریکی خەم پژارەی لەدەستانی هاورێ و دۆست مامۆستا و برا گەورەمان " کاک ئەبووبەکر ڕاد" گشت ئەندامانی بنەماڵەی ڕاد "عەلی قازی"، گەنجە لە سەردشت و پیرانشار بەتایبەت هاوسەر و منداڵەکانی و هاورێ و دۆستانی و سەرجەم حیزبی دێموکراتی کوردستان دەزانم لەو کۆست و خەمە قورسەدا دڵ بەخەم تاسەبارم.

یادی هاورێ کۆچکردوومان بەرز و بەرێز رۆحی شاد بێت

سێبوری بۆ ئازیزانی

ئەبووبەکر ڕاد بە مەرگ ناوی لە لاپەڕەکانی مێژووی رزگاریخوازی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات پاک نابیتەوە.

**مراد ئەحمەدی (Mrad Ahmadi)**

ئای کە مالئاوایی و کوچەکەت چەند بەژان و ناوەخت بوو کاک ئەبوو گیان!

ماڵئاوا پێشمەرگە و سەرکردە لێهاتوکەی شار و شاخ لە روژهەلات.

نازانم باس لە کام کردەوە و بیرەوەریەکانت بکەم. تو نمونە و رێنوینی رێبازی راستەقینەی دێموکرات و خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان بووی. لە بویری و بیرجوانی و سەداقەت و پاکی و شورشگیری و بروا بە خۆبوون و نەسرەوتن تا سەرکەوتن دا کەم وێنە و ری نیشاندەر بووی.

بە بونەی کوچە ناوەختەکەتەوە کاک ئەبوو گیان سەرەخۆشی لە بنەماڵە و هەموو خزم و دۆستان و هاورێیانت دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

روحت شاد و یادت بەرز و پیرۆز. هەمیشە دە دڵمان دا بە زیندویی دەمینیوە و مێژووی گەلەکەمان شانازیت پێوە دەکا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**مستەفا شەمامی (Mistefa Shamamy)**

هەموو مرۆڤێک کە چاوویی بە رووناکایی دونیای فانی هەڵدێنێ، هاوکات خۆی لەناو دایرەی مەرگ و نەماندا بەیەخسیری دەبینێتەوە، و زوو یان درەنگ لەئەنجامی ئەجەلی تەبیعی وە یان ئەجەلی مووعەلەق دا سەردەنێتەوە، واتە هەمووومان محکومی یاسای دایرەی مەرگین.

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە رەفیق و هاوری خۆشەویستی دەورانی: منالی، و خەباتی شار و شاخ، و ناو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات، کاک ئەبوبەکر ڕاد ئەندامی پێشوویی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کۆچی دوایی کرد، بۆیە بەو بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی ڕێزداری ڕاد و هاوسەری بەرێزیان خووشکە سورەیا و گشت کەس و کاریان دەکەیین و خۆمان بە شەریکە غەم و پژارەیان دەزانین،

روح و رەوانی برای کۆچکردوومان کاک ئەبووبەکر شاد، هیوادارم ناو و یاد و یادمانی، هەر دەم بەرز و زیندوو رابگیردرێت

**محەممەد کەسرایی (Mohammad Kasrayi)**

ماڵئاوا هاوڕێی خۆشەویست و تێکۆشەری دێرین!

کۆچت زۆر بێ وادە و زۆر خەمهێنەر بوو، بۆشایی گەورە دەخاتە ریزی خەباتگێڕان و پڕبوونەوەی شوێنت گەلێگ دژوارە.

بنەماڵە و منداڵە چاوگەشەکانت و خۆشەویستان و هاورێبازەکانت سەلامەت و ڕێگای خەباتت پڕ هاوڕێ بێ.

**نزار کوێستانی (Nzar Kwestani)**

داخێ گرانە کۆچێ ناوادەت، هاوڕێی ڕێزداری سەردەمی شاخ، ڕۆحی بەرزت ئاسوودە وسەنگەری خەباتت پڕ لە پێشمەرگە!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**شۆڕش ئەسەدزادە(Shorsh Asadzadeh)**

کۆچی نابەوەختت زوو بوو.
کوڕی ڕۆژی تەنگانەو پیاوی ناو شۆڕش و ڕێبازی پێشەوای نەمر.
یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوو، کاک ئەبوبەکر ڕاد.

**کامران شورەبی (Kamran Sohrabi)**

ماڵ ئاوا کاک ئەبو گیان ماڵ ئاوا مامۆستا مەزنەکەی دیمۆکڕات.

هیچ هەواڵێک لە هەواڵی مەرگی مامۆستا و فەرماندە و ڕێبەری دەورانی ژیان کاریگەرتر و ناخۆش تر نییە کاک ئەبو ڕێک یەکێک لەو ڕێبەر و مامۆستایانە بوو.

لەو ڕۆژەوە کە پێم نایە پێشمەرگایەتی لە ناوەندی سپی سەنگی حیزبی دیمۆکرات دا ساڵی ١٩٨٥ تا سێ مانگ لەمەو پێش کە قسەم لە گەڵ کاک ئەبوو کرد غەیری دڵپاکی، شەهامەت، غیرەت، گەورەیی، لە سەرەخۆیی، ڕوح سوکی، ئیحتڕام، نیازپاکی، دەست پاکی، داوێن پاکی هیچی ترم لە کاک ئەبوبەکر نەدی.

لە چەندین قۆناغی جیاوازی ژیانی پێشمەرگایەتیم دا لە خزمەتی ئەو مرۆڤە مەزنە دا بووم بە شەهامەتەوە دەڵێم ئەو لە باری شەخسییەت و سەنگینی و ئیحترامی دەوروبەر دا لە ئاستی مرۆڤە مەزنەکانی جیهان دا بوو

قەت قەت نوسین، توانایی دەربڕینی هەستی مرۆڤی نییە لە بەرامبەر کەسێکی ئاوا مەزن دا.
بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم کاک ئەبوو گیان ماڵ ئاوا بۆ ئەو کۆچە ناوەختەت، قەت لە یادمان ناچییەوە.
لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە هەموو بنەماڵەی ڕاد و هاوڕێ و هاوبیروباوەڕەکانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.
ڕوحت شاد پیاوە مەزنەکەی دیمۆکڕات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**ئەبووبەکر لاوچاک (Abobaker Lawchak)**

ڕۆژی هەینی ٢٥ - ١ - ٢٠١٩ کاک ئەبووبەکر راد شۆڕشگێڕی ناسراوی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات پاش ماوەیەکی زۆر بەر بەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی شێرپەنجە بۆ هەمیشە چاوە پڕ لە هیواکانی لێکنا و دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت و ماڵاوایی هەتاهەتایی لە هاوڕێیانی و کەس وکار و هەموو ئەویندارانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان خواست. کاک ئەبووبەکر گیان ئارام بنوو هەتا کاتێک هاوڕێیانت ڕۆژێک لە ڕۆژان دێنە سەرگڵکۆی پیرۆزت و مزگێنی سەرکەوتن و وەدیهاتنی ئەو ئاواتانەی لە پێناوی دا گیانت سپارد بە دیاری بۆت دێنن. ڕووحت شاد یاد و بیرەوەیەکانت هەرگیز لە بیر ناچنەوە و بە زیندوویی دەمێننەوە.

**یوسف نەبی (Yousif Naib)**

هاورێ و برای زۆر خۆشەویست کاک ئەبووبەکر کۆست و مال ئاوایت خەم پەژارێکی زۆری بۆ ئێمە جێ هێشت، ئێوە ماموستای ئێمەبووی لەگشت بوارەکانی شۆرشگێریێ و مرۆڤایەتی بۆیە مال ئاوایت خەسارێکی زۆر گەورەی بۆئێمە بە تایبەتی و خەلکی کوردستان بە گشتی، لە ناخی دلە سەرەخۆشی لە گشت بنەمالە کاک ئەبووبەکر دەکەم.هیوای حەسانەوەیکی خۆش بۆ نەمر کاک ئەبووبەکر دەخۆازم هیوادارم. ئاخرین. خەمی بنەمالەتان بێت

**عەبباس سەلاح (Abbasi Salah)**

بە داخەوە کاک ئەبوبەکری ڕاد تێکۆشەری دیرینی کورد و ئەندامی لە میژینەی حزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد. کاک ئەبوو کەسێک بوو کە کە جێگای لە دڵی هەزاران کەس دایە. داوای سەبووری بو بنەماڵەی بەرێز یان دەکەم. بە تایبەت کاک روژدینی راد برای کاک ئەبوو کە دۆستێکی ئیجگار نیزیکی خۆمە. هەروەها خیزانی کاک ئەبوبەکر سوریا خانم و کانی خانمی خوشکی و خوشکە ئامین و دایکی کاک ئەبووبەکر کە بە داخەوە دەبیت لە گەڵ ئەو خەمە قورسە رووبەروو ببن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕەسووڵ ئەحمەدی (Rasoul Ahmadi)**

زۆر بە داخەوە ئەستێرەیەکی دیکەی گەلەکەمان ئەمڕۆ کادرو ئەندامیکی ڕێبەرایەتی پێشووی حیزبەکەمان کاک ئەبووبەکری ڕاد بە دووای بەربەرەکانیکی زۆر بەهۆی نەخۆشی سەخت بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوای لێ کردین و کۆچی کردوو هەر بەم بۆنەوە پڕ بە دڵ پرسەەو سەرەخۆشی لە بنەمالەی زۆر بەڕێز و تێکۆشەر کاک ئەبووبەکری راد دەکەین وخۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانێن روحی شاد بێت و ڕیگاو ڕیبازی هەر بەرزوو پیرۆز بێت

**ئاسۆ موکریانی (Asso Mukriyani)**

بۆ ماڵ ئاوایی دوایی!

هاوڕێ و هاوسەنگەری تێکۆشەرمان کاک ئەبووبەکری ڕاد، هاوبەشی خەمانم.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزیان و لە ئەندامان و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لە خەڵکی ئازادیخواز و بەئەمەگ و ئەویندارانی ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان دەکەم.
هیوای سلامەتی و سێبووری بۆ ئازیزانی دەخوازم. ڕەوانی کاک ئەبووبەکر شاد و ڕێگای پڕ لە شانازی پڕ ڕێبوار بێت.

دەگەڵ ڕێزو حورمەت ئاسۆ موکریانی

**گەرمیان کەواڵی هەمەوەندی**

وەختی کۆچت نەبوو پێشمەرگە و رابەری دڵسۆز و دێرێین کاکە ئەبوبەکر خۆشەویست.

بە داخەوە ئەورۆ هەواڵی ماڵ ئاوایی یەکجاری بەرێز کاک ئەبوبەکر ڕاد پێشمەرگە و دڵسوزی دێرێنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نیشتمانەکەمانم بیست،

کۆچی کاک ئەبوبەکر راد نەک تەنیا هاورێەکانی دڵگران کرد و بۆی خەمبارن بگرە هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر ئەورۆ بۆ ماڵ ئاوایی یەکجاری کاک ئەبوبەکری دڵسوز و رابەر ناراحەت و دڵگرانە.

کاکە ئەبوبەکر خۆشەویست،، دڵسوزی و مێرخاسی بەرێزت بۆ گەل و نیشتمانەکەت وای کردوە کە ئیمرۆژ هەر لە ئیلام تا ورمێ بە هەموو شار و شاروچەکان و تەنانەت سروشتی نیشتمانیش بۆت خەمبار و رەش پۆش بن و فرمێسکت بۆ هەڵ رژن.

یادت بەرز و بەرێز بێت و ناو بیرەوەریەکانت هەتا هەتایە لە دڵمانا ئەمینێتەوە.

بە راحەت سەر بنەوە کاکی خۆشەویست نیشتمان شانازیت پێوە دەکات

ئەبوو رەزوان (Ibo Rezevan)

سەردەشتی، سەر سەوز گرشەی ئاوا بوونی ئەستێرەیەکی پڕشنگدار!...
تاسەی ماتەمی خستە نێو دڵی ئەویندارانی، رێگای ئازادی و سەربەخۆیی ... کوردستان،

وێڕای خەم وپەژارە، بۆکۆچی تێکۆشەری دێرین کاک ئەبووبەکرڕاد سەرەخۆشی لە بنەماڵەی و کەس و کار و دۆست و هاوڕێیانی دەکەم!

بیری ئازادی و رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانیت، پڕ لە رێبواری بە ئەمەگ بێ....



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆچی دوایی برای ئازیز کاک ئەبوبەکری راد.

**ساڵە نەڵۆسی**

زۆر بەداخەوە، رۆژی هەینی ٢٥ - ١ - ٢٠١٩ کاک ئەبوبەکری راد، ئەندامی پێشووی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێمۆکرات و سیمایەکی ناسراو ی ناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات کۆچی دوایی کرد.

کاک ئەبوبەکر کوڕی عەلی قازی و لە کۆنگری شەش بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و کرا بە ئەندامی "مەڵبەندی سپی سەنگ" لە قووڵایی ناوچەی موکریان و بوو بە چقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی.

کاک ئەبوبەکر زیاتر لە ساڵێک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی پیرانشار بوو و کەسێکی لە سەرەخۆ و ئارام بوو و لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی کاتێک بنکەی کۆمیتە شارستان لە بناری قەندیل بوو، ماڵەکان و بنکەکانمان لە فەسڵی هاوین دا لە خێوەت دا دەژیان، ماڵی کاک ئەبوبەکریش وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستان لە نزیک بنکەی کۆمیتە شارستان بوو، زۆر جار بایەکی تووند دەهات و خێوەتەکانی تێک دەدا و بنەماڵەکان کە لە خەو هەڵدەستان خێوەتیان بە سەرەوە نەمابوو. لە ئاخرین دیداردا کاک ئەبوبەکر باسی ئەوەی دەکرد کە زۆر جار لە خەو هەستاوە، خێوەتی بە سەریانەوە نەماوە.

دوای ئەوەی کاک ئەبوبەکر و دۆستانی لە کۆنگرەی ٨ لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران جیا بوونەوە، تا هاتنم بۆ سوید کاک ئەبوبەکرم نەدیەوە و لێرە دوبارە بە دیداری یەک شاد بووینەوە، لە رێکەوتی ١٧ - ٢ - ٢٠١٨ دا ئاخرین جار چووینە ماڵی کاک ئەبوبەکر و خوشکە سوڕەیا لە گەڵ کاک جەسیم ئەحمەدی و کاک خوسرەو قادری و بنەماڵەکانمان و شەوێکی زۆر خۆش و دۆستانە و کاک ئەبوبەکر زۆر بە روحیە و زۆریش دەم بە پیکەنین بوو. زۆر هیوامان وابوو کە نەخۆشیەکەی بۆ هەمیشە کۆتایی هاتووە و خۆشی زۆر خۆش بین بوو.

زۆر باسی سیاسی و وەزعی حیزبەکان و کوردستان کرا و هیوای کاک ئەبوبەکر یەکگرتوویی کورد و سەرکەوتنی کوردستان بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەداخەوە لە ماوەیەکی کورتدا، خوشکە سوڕەیا، سێ کەس لە خۆشەویستانی خۆی لە دەست دا، کاک ئەبوبەکری هاوژینی، باوک و دایکی.

من لە ناخی دڵمەوە سەرەخۆشی لە خوشکە سوڕەیا و منداڵەکانی و برا و خوشکەکانی و سەرجەم بنەماڵەی نەمر کاک ئەبوبەکر دەکەم، روحی برای ئازیز کاک ئەبوبەکر شاد بێ و ئاخرین خەمیان بێ.

**حەسەن هەڵوی** (Hassan Haloyi)

روحت شاد بیت کاک ئەبووبکری خۆشەویست ئەمرۆ دوا ماڵیاوایی جەنابت بوو هەر چەندە چاوم دەگیرا هەموو هاورێ و هاوسەنگەرە خۆشەویستەکانت لە کوری ماتەمینی جەنابت دا بەشدار بوون هەر چەند دەمهێناو دەمکرد باوەرم نەدەکرد. تۆم بەر چاو نەدەکەوت لە نیو کۆری هاوسەنگەرانی رۆژانی سەختی خەبات دا هاورێکانت هەر هەموو سەرەخۆشیمان لە یەکتر دەکرد بەڵام تۆمان بەر چاو نەدەکەوت کە چاوم بە وێنەکانت دەکەوت و هاورێ خوشەویستەکانت قسەیان لە پاکی و سەداقەت خاکی خەڵکیبوونی جەنابت دەکرد ئەو کاتە بووم مەعلوم بوو کە تۆ مالاوایت لی کردووین روحت شاد و ئارام بنوو هیواداریشم کە ئو ئاواتەی کە تۆ نێو سەدە خەباتت بۆ کرد بیتە دی تۆ لە دڵی هەمووماں دا بەزیندویی دەمینیەوە.

**محەممەد مەحموودیان** (Mohammad Mahmodian)

زۆر جێگای داخەوە. روحی کاک ئەبووبکر، شۆڕشگێر، نیشتمانپەرور و خۆشەویستی شارەکەمان شادو یادی ئازیزی بەرزو بەرێز بێت. بەو بۆنەی کۆچی دوایی کاکە ئەبووبکر سەرە خۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی ڕاد بە گشتی و بەتایبەتی لە هاوسەری بەرێزی منداڵەکانی، لە کاک عومەر و کاک حەمەلی و باقی کەسو کارو خزمان دەکەم. خۆم بە شەریکی غەمیان ئەزانم. بە هیوای سەبوری بۆ هەموو لایەک.

**سەعید قادری** (Said Ghaderi)

کۆچی نابەوەختی کاک ئەبووی بەرێز دڵی منیشی تاساو و خەمبار کرد وەک زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە نیزیکەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاک ئەبویان دەناسی. مرۆڤێک پڕ لە ئارامی کە بە کەسایێتی هێمن و تێگەیشتووی، ئارامی ئەبەخشیەوە بەسەر ئازیزان و کەسانی دەورووبەری خۆیدا. خۆ بە هاوبەشی ئەو خەمە قورسە ئەزانم و هیوای سێبوری و ئارامیم هەیە بۆ بنەماڵەی ڕێزداری و هەموو ئەوکەسانەی بەم کۆچە نابەوختەوە خەمبارن.

یادی کاک ئەبوو بەرز و پیرۆز.

**عەبدوڵڵا حوسێنی (Abdullah Hoseini)**

کاکە ئەبوبکر راد جارێکی دیکە سەیری دواهەمین کۆمێنتەکەتم کردەوە کە دوای دیسانەوە برینداربوونم بۆت نووسیووم: خۆشماندەوێی داوای ساخی وسلامەتی و بە ختەوەریتان بۆدەکەم. من ساخ و سلامەتم کاکە گیان بەداخەوە .... هەر دەم یادت دەکەین

**حوسێن مینایی**

هەزاران سڵاو لە ڕێبازەکەی هەزاران سڵاو لە رابردوی پڕ لە ئیفتخاری هەزاران سڵاو لە گورەکەی بە بۆنەی کۆچی دوای شۆڕشگێری کورد کاک ئەبووبەکری ڕاد سەرەخۆشی خۆم لە بنەماڵە بەرێزو هەموو کەسو کارو دۆست و خزمانی دەکەم

**محمەد سەلاحی (Mohammad Salehi)**

دەست خۆش. بەداخەوە ئەو ئاواتەی بۆی ژیا و چل ساڵ هەوڵی بێ ووچانی بۆدا. مخابن هەزار مخابن بە چاوی خۆیی نەدیێت. بە ڕێڕەوان هاوسەنەگەرانی سپارد. بۆ ئەوەی ئاواتی بەرزی بە قۆناغی ئاخر بگەیەنن. ڕوحت شاد و ڕێگای پڕ سەروەرێت پڕ ڕێبوار. هاوڕێ و هاوخەمی گەلی کورد. ماڵئاوا دڵنیابە هاوڕێ و هاوسەنگەرانت تا گەیشتن بە ئاواتی بەرزت لە خەبات و تێکۆشان ناوەستن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**پەخشان رەحیمی (Paxshan Rahimy)**

بە داخێکی زۆر گرانەوە بۆ مەرگی بە ناوەختت کاک ئەبوو بەکر گیان
ڕۆحت شاد بێت ڕێگەت پڕ ڕێبوا بێت
تەمەن درێژیت بۆ ئازیزانت بەجێ هێشتبێ

**حوسێن نازدار (Husen Nazdar)**

بەداخەوە، ڕوحی کاکە ئەبوبەکرڕاد شاد بێت، یادوناوی بەرروبەڕێز،خۆتان وئازیزانتان خۆش بن

**حوسێن رەحیمی (Solayman Rahimi)**

هەواڵی ماڵئاوایی کاک ئەبوبکر ڕاد دۆست وهاوپۆلی ساڵەکانی ناوەندی لە شاری سەردەشت خەمێکی ئیجگار زۆری لام درووستکرد. ئەبوبکر مرۆڤێکی لێهاتو و هەڵگەری هێمای لەسەرخۆیی و ئینسانیێەت بوو. مرۆڤێکی ئنساندۆست و خۆشەویستی هەموولایەک بوو. سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کورد پەروەی قازی و بەتایبەت بنەماڵەی کاک ئەبوبکر و تەواوی دۆستانی خۆالێخۆشبوو دەکەم. ڕوحی شادویادی هەمیشە بەرزو پیرۆز بێ.

**حوسێن بەخشی (Hosein Bakhchi)**

زۆر بە داخەوەم بۆ کۆچی دوایی خەباتکار و تێکۆشەری نەتەوەکەمان کاک ئەبووبەکری ڕاد. سەرەخۆشی لە هەموولایەک دەکەم و هاوبەشی خەمانم.

**ئیبراهیم سوفی مەحموود (Ibrahim Sofi Mahmoud)**

هاوخەمی و بەشداری خۆم لە گەل کوستی سەختی زوو کۆچکردنی هاوری ابوبکری راد ی نەمردا رادەگەیەنم لە گەلتاندا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاورییانی سەرکردایەتی ح د کردستان تیکۆشەر وخودی هاوسەر و خیزان وبنەماله کەیشی.. تەمەن دریژیان بۆ بەئاوات دەخوازم.

ئازیزان کۆچ ومەرگ ئەرکیکی سروشتی یاساکانی سروشت وئالوگورینەکانیەتی لە ئەزەلی وتا ئەبەدیش پیمان بەخشراوە ،سروشت خوی نوی و پاک راگیری بەجی ی دینی.

**بەهار وەیسی (Bahar Waysi)**

زۆر بەداخەوەم، لە دەس دانی رفێقێکی خۆشەویست بە بێ گومان زامێکی سەختە، خۆتان سڵامەت بن و سەرەوخۆشی دەکەم لە ئێوەو بنەماڵەی بەرێزی کاک ئەبوبەکر

**عومەر خزریانی (Omar Xeziryan)**

زۆر بەداخەی رۆحی شاد بیت هاورێ و هاوسەنگەرم کاک ئەبووبکری بە ئامانجە نەگەیشتوو پشتیۆانئ سەربەخۆی نیشتمان سەنگەرت چۆل نابێت ریگات درێژە هەیە زۆر بەداخەم بۆ کۆچە ناوختەت برام روحت شاد بێت

**سەلاح سوڵتانپەنا (Salah Soltanpanah)**

بەبۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگە و خەباتگێڕی دێرینی گەلەکەمان کاک ئەبوبەکری ڕاد و ڕێز و پێزانینمان بۆ خەباتی چەندین ساڵەی لە پێناوی خاک و نیشتماندا.. لە لایەن خۆم و بنەماڵەی سوڵتانپەناوە ،پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس وکار و دۆستان و هاوخەبات و هاوسەنگەرانی دەکەین و هیوای سەبووری بۆ بنەماڵەیان دەخوازین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین

ڕۆحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت

**رەشید قازی (Rashid Qazi)**

روحی شاد و یاد و بەرز و پیرۆز بیت و هیوادارم خەمی ئاخری بنەمالەکەی بیت و سەبوریش بۆ هاوسەنگەر و بنەمالەکەی بەتایبەتی بۆ سوریا خانمی هاوسەری سەردارێکی کورد واتە کاک ئەبوبەکری بە ئاوات دەخۆازم.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**مستەفا محەممەدی (Mustafa Mohammadi)**

روحی شاد و کەسوکاری سلامەت بن وخوم بەشەریکی خەمی سوریا خانم دەزانم وهیوای سەبوری بۆ هەمو خزم ودوست و رەفیقان بەئاوات دەخوازم و سەرەخوشی لە هەمو لایەک دەکەم

**سەعید قادری (Said Ghaderi)**

کۆچی نابەوەختی کاک ئەبووی بەرێز دڵی منیشی تاساو و خەمبار کرد وەک زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە نیزیکەوە کاک ئەبویان دەناسی. مرۆڤێک پڕ لە ئارامی کە بە کەساییێتی هێمن و تێگەیشتووی، ئارامی ئەبەخشیەوە بەسەر ئازیزان و کەسانی دەورووبەری خۆیدا. خۆ بە هاوبەشی ئەو خەمە قورسە ئەزانم و هیوای سێبوری و ئارامیم هەیە بۆ بنەماڵەی رێزداری و هەموو ئەوکەسانەی بەم کۆچە نابەوختەوە خەمبارن.

یادی کاک ئەبوو بەرز و پیرۆز.

**چالاک هێندەرووەش (Chalak Hinduvash)**

زۆر، زۆر بەداخەوە،ڕۆح و رەوانی شاد و سێبووری بۆ بنەماڵەی بەرێزیان و جەنابیشت و هەموو هاورێیانی

**وەهاب یوسفی (Wahab Yousifi)**

زۆر بەداخەوە بۆ کۆچی دوایی کاک ئەبوبەکری خۆشەویست، خۆمان بە شەریکی خەمەکان دەزانین.

**جەماڵی دەلاک (Jamali Dalak)**

زۆر بەداخەوە ڕۆحی شاد و ئارام بێت تەمەندرێژی و ژیانێکی پڕ تەندروست بۆبەریزتان و ئازیزانی کۆچکردوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نازدار کەریمی (Nazdar Karimi)**

ماڵاوایی تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان،
کاک ئەبووبەکری ڕاد. بەو بۆنەوە پرسەو هاوخەمی خۆم ئاراستەی تیکۆشەرانی دێموکڕات و هاوڕێ و هاو سەنگەرانی و بنەماڵە تیکۆشەرەکەیان دەکەم لە خوای گەورە داواکارم جیگای بەهەشتی بەرین بێ سەبرو سەبوری بۆ بنەماڵەو ئازیزانی.

انا لله و انا الیه راجعون

**خالید درودی (Xalid Droudi)**

زۆر بەداخەوە بۆ ئەم هەواڵە، خۆم بە شەریکی خەمی کەس و کار و گشت هاورێکانی کاک ئەبوو ئەزانم و بەشداری ئەم خەمەیانم

**باوان فەرهاد (Bawan Farhad)**

بەداخەوە بۆ لەدەست دانی روحی پیاوێکی ئاوا کورد بون و کوردستانی بوونی لەخوێن دابوو بەبینینی تێدەگەیشتیت چ تێکۆشەرێکە بۆ ئازادی کوردستان روحت شاد کاک ئەبووبەکر گیان

**ئەحمەد مارەغانی (Ahmad Maragaany)**

خوالێخۆش بێت و روحی بە بەهشتی بەرین شاد بێت خۆم بەشەریکی خەمی کەس و کارو گشت هاورێکانی کاک ئەبووبکر دزانم،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**مەولوود عەبدوڵڵاهی (Maulud Abdollahi)**

زور بەداخەوەهەوالیکی دڵ تەزین بوو کاک ئەبوو لەنیوکادروپیشمەرگەکانی جنوبیشدازور خوشەویست بوو روحت شاد هاوری گیان

**بەهمەن بابامیری (Bahman Babamiri)**

زۆر بەداخەوە، هەواڵێکی نابەوەخت و دڵتەزێن بوو. سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسووکاری بەڕێزیان و هەموو هاورییانی خۆشەویستمان دەکەم و شەریکی خەمتانم

**مستەفا مەعرووفی (Mostafa Maroufi)**

زۆر بەداخەوە، روحی شاد خۆمان بە شەریکی خەمی بنەماڵە و کەسوکاریان دەزانین یادی بەرز و پیروز بێت.

**کاک برا ئەلیاسی (Kakabra Eliassy)**

ڕۆحی شاد، سەرەخوشی لە بنەماله و دۆست و ڕەفیقانی دەکەم و خوم بە بەشداری خەمی بنەماله دەزانم

**رەشید ئەمیرعەشایری (Rashid Amirashayeri)**

خەمیکی گەورە بوو روحی شاد بیت و کەس و کار و دۆست و هاوالانی سەلامەت بن.

**کەریم ئەلاوەیسی (Karim Allahweysi)**

زۆر کۆچیکی زۆ و ناوەخت بوو. سپاس بۆ هەموو خزمەت و ماندوو بوونی بە حیزب و گەلەکەمان. روحی شاد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دایکی من (Dayke Min)**

زۆر بەداخەوە روحی شادو سێبوری بۆ هەموو بنەماڵەی بەرێزیان خۆم بە شەریکی غەمیان دەزانم سەرخۆشی لە هەموو بنەماڵەیان دەکەم بەتایبەت دایک بەرێزی و سورەبیا خانم.

**عەبدوڵڵا سەیدا (Abdolla Sayda)**

ئەوە خەمێکی گران بوو بەڵام سەربەزن ئەو بنەماڵەی گەورەو خەباتکاری وەک کاک ئەبوبەکریان هەبووە رووحیان شاد سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ کەسوکاری و عەزیزانیان

**مستەفا ئیبراهیمی (Mustafa Ebrahimi)**

ڕووحی شاد بێت. مرۆڤێکی خاکڕوو خەڵک خۆشەویست و شۆڕشگێڕ بوو و هەتا هەتایە لە دڵێ خەڵکی کورد هەر زیندووە و یادی لە بیر ناچە.

**لەتیف حەدداد (Latif Haddad)**

زۆر بەداخەوە، پڕ بە دڵ سەرەخۆشی دەکەم لەسورەبیا خانم و منداڵەکانی و هەموو بنەماڵەیی ڕاد و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم. ڕووحی کاک ئەبووبەکر شاد و ئازیزان و خۆشەویستانی تەمەن درێژ و تەندروست بن، بەو هیوایە ئاواتەکانی بێنەدی.

**مەحموود کەریمی (Mahmoud Karami)**

زۆڕ بە داخەوەم بۆ کۆچی دوایی مامۆستای بەڕێز مرۆڤ دۆست ڕۆحی شاد بێت، شەریکی خەمتانین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### هیوا حاجی حەسەن (Hiwa Haji Hasan)

زۆر بەداخەوە بۆ ئەو کۆچە ناوەختەی کاکە ئەبوبەکر، ڕۆحی شاد و یادی بەخێر و سێبوری بۆ دڵی هەموو ئازیزانی. هەمیشە بەزیندووی لەناو دڵماندا دەمێنێتەوە.

### کەماڵ حەسەن پوور (Kamal Hassanpour)

کاک ئەبو تەنیا بە جەستە جێی هێشتێن، ئەو لە بیر و هزری ئێمەدا و لە هەناوی سەدان و هەزاران کەسی وەک تۆ دا دەژی. ڕووحی شاد و یاد و ناوی تا هەتایە زیندوو

### عومەر کانەبی (Omar Kanabi)

زۆربەداخەوە بۆکۆچی تێکۆشەری دێرین وخەبات گێڕی حیزبی دێموکڕات وئەندامی پێشوی حیزب وبەرپرسی مەڵبەندی سپیسەنگ کاک ئەبووبەکری ڕادجێگای داخە هەربەوبۆنەوەپرسەوسەرەخۆشی لەبنەماڵەی کۆچ کردو تەواوی خەڵکی سەردەشت وبەتایبەتی خەڵکی گوندی مارەغان وتەواوی خزم ودۆستانیان دەکەم وخۆم بەشەریکی غەموپەژارەیان دەزانم.ڕۆحی شادبێت وبەهیوای وەدیهاتنی ئاوات وئامانجەکانی کەلەوڕێگایەدا خزمەتێکی زۆری تێداکرد .بەهیوای سەبروئارامی بۆکەس وکاری.

### عەبدوڵلا حوسینی (Abdullah Hoseini)

چ خەبەرێکی تاڵ ودڵ هەژێن بوو، لەناخی دڵەوە خەمبارم بە مەرگی نابەوە ختی هاوڕێ و مامۆستامان، روحە گەورە و بێ غەشەکەیان هەردەم شاد.

### شاخەوان ئارناعەزیزی (Shakhewan Arina Azizi)

زۆر زۆر بە داخەوە بۆ ئەو کۆچە ناوەختە، لە قولایی دڵەوە بۆی بە پەرۆش و ناڕەحەتم، ڕوحی شاد بێ و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سپێبووری بۆ دڵی ئێوە و تێکڕایی ئەندامانی بنەماڵەکەی و خزم و دۆست و ئاشنایان و هەموو هاوڕێ و هاو ڕێبازانی.

**عرفان واحید (Erfan Wahid)**

زۆر بەداخەوە بۆ ئەو کۆچە ناوەختە هەواڵی مەرگی کتوپڕت هەمومانی کەسەربارکرد ئەی پیاوە شۆڕش گێڕوو خۆنەویست و ماندوو نەناسەکەی ڕۆژهەڵات کۆچی لەناکاوتان میللەتێکی خەمبار کرد ڕۆحی پاکتان شادو گۆڕتان پڕبێ لەئارامی هەروەک چۆن بۆئارامی دەجەنگای یەزدانی مەزن سەبوری بنەماڵە بەیزەکەتا بدات ئینشاڵڵا

**کەماڵ شڵماشی (Kamal Shalmashi)**

هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو ،ڕۆحی کاک ئەبووبکر شاد بۆ خۆتان سەلامەت بن هیوادارم ئاخری غەمتان بێت.

**مارف قورعانی (Marf Korani)**

زۆر بەداخەوە روحیان شاد و ڕێگاو ڕێبازی پڕ لە سەروەرییان بەردەوام بێت. شەریکی خەمتانم و سەرەخۆشیتان لێ دەکەم ئازیزانی و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی سەلامەت بن.

**عەزیز مەعرووفی (Aziz Maroufi)**

بە بۆنەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک ئەبووبکری ڕاد، خۆم بە بەشداری خەم و پەژارەت دەزانم کاک ئیبراهیم. روحی شاد و ئێوە و گشت کەس و کار و هاوسەنگەرانی سەلامەت بن.

**سمایل قەڕەشە (Smail Qalarashe)**

زۆر بەداخم بۆ کۆچی ناوادەی تێکۆشەری مەیدانی خەبات و تێکۆشان کاک ئەبوبەکری ڕاد ئەو ریبەرە ماندونەناسەی کە هەموژ مەیدانەکانی تاقیکردنەوە بۆ بەرە و پێشبردنی ئەرکە حیزبییەکان و لە هەمووانیش دا روسورو سەربەرز دەرهات، روحی شادو شەریکی غەمتانم خواسیبوریتان بدات ئینشاالله، ئاخیر ناخوشی ئیوە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بنەماڵە بەریزەکەیان بێ.

**ئازاد محەممەدزادە (Azad Mohamadzadeh)**

روحی بەرزی کاک ئەبووبەکری راد تێکۆشەری دێرین و خەباتکاری کۆڵنەدەری ناو ریزەکانی شۆرشی کورد و دێموکرات شاد بێت و جێگای فێردۆسی بەرین بێت. سەرەخۆشی لە تێکرای هاوبیر و هاورێیان و بنەماڵەی بەرێزی کۆچکردوو کاک ئەبووبەکری راد لە شاری سەردەشت دەکەم، هیوای سەر ساخی و سلامەتی و تەمەن درێژی بۆ گشتتان دەخوازم.

یاد و ناوی بەرز و بەرێز بێت، رێگای تێکۆشانی کاک ئەبووبەکری راد و سەرجەم شەهیدانی رێگای ئازادی و رزگاری نەتەوەیی کورد پر رێبوار بێت.

**مەلا غەریب رەحیمی(Mala Gharib Rahimi)**

ماڵاوایی تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان،


کاک ئەبووبەکری ڕاد. بەو بۆنەوە پرسەو هاوخەمی خۆم ئاراستەی تیکۆشەرانی دێموکڕات و هاوڕێ و هاو سەنگەرانی و بنەماڵە تیکۆشەرەکەیان دەکەم لە خوای گەورە داواکارم جیگای بەهەشتی بەرین بێ سەبرو سەبوری بۆ بنەماڵەو ئازیزانی،

انا لله و انا الیه راجعون



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## کاک ئەبووبەکر"مێژوویەکی درەخشان



**عەلی سوورەچۆمی**

ئەمرۆ هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری رێگای ئازادی کاک ئەبووبەکر راد"راگەیاندرا.
کاک ئەبووبەکر"مێژوویەکی درەخشان و رەنجێکی گەورە بوو لە پێناو رزگاری گەلە ستەمدیدەکەی دا.
هەواڵی کۆچی دوایی شەپۆلێکی گەورە لە خەم و ئازاری بە دوا داهات.
هەر چەند بە پێی تەبیعەتی ژیان و یاسای سرووشت دواجار مرۆڤەکان لە نێو دنیایەک لە ویست و ئارەزوودا دەبێ گیان بسپێرن.

بەڵام: بۆ تێکۆشەرانی رێگای ئازادی کۆچی دوایی کاک ئەبووبەکر خەسارێکی گەورە بوو.
لێرەوە چاو لە مێژوو دەکەین چاو دەبڕینە رەنجی دەیان ساڵەی مرۆڤێک کە بێ پسانەوە رێگای دەبڕی.ئەو بوو بە داستان و کۆچی چاوەروانییەکانی گەلێک

سەردەمێکی تاڵ و پڕ ئازارە بۆ ئێمە رۆژ نییە ئازاری خەمێک لە باوەش نەگرین و چەند فرمێسکێکی چاوەکانن نەسڕین.
چەند کاروانێکی بێ نازو چ هەورازێکی سەختین ئێمە،لە دوورە وڵاتی دوور لە زێدی خەونە جوانەکانمان دوور لە ئازیزان و شەقام و شاری خۆمان سەر دەنێیینەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوانە چەند وشەیەکی لێورێژ لە ئازارن بۆ تێکۆشەرانی گەل.

لە گەڵ ئەوەش دا هیوامان بەرزە رێگایەک سیما جوانەکانی وەک رادەکان"لە چەندین قۆناغی تەمەن دا چرکە بە چرکە بۆی بتوێنەوە دەبێ چ فەلسەفەیەکی گەورە بێ لە ژیانی ئێمە دا.نا کاکە تۆ کۆشکی هیوا جوانەکانی ئێمەی و ناڕووخێی رەنج و رێبازی تۆ تا سەر دەمێنێ،رۆژێک دێت بەرهەمی خەباتی ئێوە دەبێتە وێستگەی ئارامی نەوەکانی داهاتوو،رۆژێک دێت لە نێو ئاپۆرای سەدان هەزار رێبواری خەونی رزگای دا دەگەرێیەوە.

بەو بۆنە تاڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی و هەموو تێکۆشەرانی رێگای رزگای دەکەم.

رووحت شاد کاک ئەبووبەکر.

سیمای جوانی ئەو تێکۆشەرە قەت بیرناچێتەوە، ئەو کادرە بیر جوان و خۆش فکرە لە سیمای گەشی را دیار بوو چەندە مرۆڤێکی خاکی و خەڵک خۆشەویستە.

بەهاری ساڵی ١٣٦٥ تیمێک پێشمەرگە بە مەئموورییەتێک لە سوونێ را بە ناوچەیەکی شاخاوی و سەخت دا بە بەهارێکی زوو بە رەزگە و مارەدوێ دا" بە بناری قەندیل دا دوای برینی رێگایەکی سەخت گەیشتینە مەڵبەندی سپی سەنگ" لە قرناقەو پشت ئاشان یا سوورە دێ باشم بیر نەماوە، ئەو کات ئەو پیاوە تێکۆشەرو جوان چاکە بەرپرسی مەڵبەندی سپی سەنگ بوو. کاتێک گەیشتینە ئەوێ و پێشوازین لێکرا بۆ یەکەم جار من ناوم بیست، گوو‌ترا خەڵکی ناوچەی خۆتانە سەردەشت "گووندی مارەغان" هەر بەلامەوە سەیر بوو.

کە هات بەرێزەوە بەخێرهاتنی کردین تا بڵێی پیاوێکی سەنگین و بەرێز.

هیوای سەلامەتی بۆ کاک ئەبووبەکرو بنەماڵە تێکۆشەرەکەی کە ناوێکی گەورەو خۆشەویستن لە ناوچەی سەردەشت و جێ پەنچەیان دیارە.


سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چەند هونراوە:

**سمکۆ گەردی**




سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانیۆیری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بو یاری کوچکردوم

**کاک ئەبووبەکر ڕاد.**



**گۆران ئەمیری**

شەو نیە
زایەلەی خەیالت نەمباتەوە
روخساری زەردم
فرمیسکی خەم نەیشواتەوە.
هەڵو تیژ باڵەکەی مەرەغانی رازاوە
پەلکە زیرینەی دوای بارانی بولفەت
سنوور نەناس
سنوور بەزین
کۆڕی یارانت بی وادە چول کرد
ئێستا بێ تۆ هەموو غەریبین!
زوو بوو زور زوو بوو
راستە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تۆ فری و هەردی بی وەفات جیهیشت

تۆ وەک شۆهابیکی پرشنگدار

راخوشی و

تێکەڵاوی پولی

ئەستێرەونەکانی کەهکەشانی فەلەک بووی

بەڵام دڵنیابە

لەوی و لیرەش جیگە و پیگەت دیارە

یادت، ناوت لە گەلمانە

لە سەرمانە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی جانێوێری ٢٠١٩





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دوا وەسیەت

**سمکۆ گەردی**




هۆ
کاکەکەم
تاجی سەرم
نەمدەزانی
وا بە زوویی
بارگەی
سەفەرێکی دایم
لە گەڵ خۆتا
دەپێچیەوەو
بۆ هەمیشە
دوا ماڵئاوا
لە ئازیزانت
دەکەی و
ئیتر ئاوڕ
نادەیەوە
چ ناخۆش و
جەرگبڕە
دوا وەسیەتت
ئێمە دەبێ
بە جێی شین و
خەفەتباری
چەندان چاوی
بێ گریان و
بێ فرمێسک بین
بە سەر
جەستەی بێ گیانتەوە
سروودی
بەردەوامی ژین
بۆ دڵخۆشیت
بڵێینەوە
بە دەر لەوەش
تۆ بژاردەی
ئاڵبۆمێکی
وێنەکانت
دەکەیە دیاری
پرسەکەت
کە بۆ ناخ و
روحی ئێمە
هێندە قورس و
پڕ ئازارە
کە سەر
دەبێ
بە کڕنۆش
سرشکی ئەمەگداریان
بۆ بڕێژێ و
بە ئامێزێک
خۆشەویستی
بیانخاتە نێو
سەرومریەکانی
رابڕدووت
کاکی
بە ورەو ئیرادەم
تۆ
لەو دۆخە
خراپەی خۆتاو
لە دوا ساتەکانی
ژینیش
خافڵ نەبووی
لە خۆشەویستی
وڵات و
زێدو خاکی
نیشتیمانت
بۆیە
وەک کۆتا خواست
ویستت
ئاڵای پیرۆزی کوردستان
کفنی
سەفەری ئەبەدی و
بەسەر
کێلی مەزارەوەش
وەکوو دوا
سێبەری ژیان
بێ

SG
2019-01-28

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی جانیۆیری ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئارام بنوو پیاوە جوانەکە



### پەیامی بنەماڵەی ماموستا قازی عەلی ڕاد بە بۆنەی سەفەری ئەبەدیی کاک ئەبووبکری ڕاد

هاونیشتیمانیانی هێژا، ئامادە بووانی بەڕێز

دۆستان، ئازیزان

ئێمەی کورد، ئێمەی پارچە پارچە و نایەکگرتوو، مادام کە هەست بە ژانەکانمان، هەست بە کارەساتەکانمان، هەست بە بێدەرەتانی و هەست بە کورد بوونی خۆمان بە قووڵی بکەین، بە ڕوونی دەبینین کە چارەنووسێکی گەلێک تاڵمان هەیە، ڕەنگە بەکارهێنانی پەیڤی چارەنووس لێرەدا هیندێک قورس بێت بەڵام هەر کەسێک بە وردی مێژووی کورد بخوێنێتەوە، دەبینێت و دەزانێت کە ئێمە تەنها نەتەوەیەکین کە نیزیک بە چوارسەد ساڵە، تەواو لەو کاتەوە کە خانی مەزن مەم و زین دەنووسێت و لە مەم و زیندا پەنجە لەسەر برینەکانمان دادەنێ و بە ڕوونیش ئاماژە بە هەتوانەکان دەکات، هەر لەو کاتەوە ئێمە بە هۆی گیرۆدەبوون بە فەرهەنگی خێڵ و هەوڵنەدان بۆ بوون بە نەتەوە، بە مانا مودێرنەکەی و دانەنانی بەرژەوندییەکانی وڵات لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکان، تراژیدیا دەبینین و بەناو تراژیدیادا گوزەر دەکەین و تراژیدیا دەژین. تراژیدیا تەنها کارەساتە گیانتەزێنەکان نین کە ئێمەی کورد بە تایبەتی لە سەد ساڵی ڕابردوودا شاهیدیانین بەڵکوو لەوانە کارەسات بارتر، نەبوونی گیانێکی نەتەوەیی، هزرێکی نەتەوەیی و بەیەکەوە خەباتکردن بۆ ڕزگاریی نەتەوییە. نەبوونی ئەو گیانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەییە، ئێمەی لە دۆخێکی گەلێک دشواردا ڕاگرتوە. وەک ئەوەیکە گەلێک بە درێژی چوار سەد ساڵ نە لە بەهەشت و نە لە دۆزخ بەڵکوو لە بەرزەخدا بژی. ئێمە، هەمووومان، هەر کەسێک بە شێویەک، ئەو ڕاستیە تاڵە بە جەستە و بە گیان هەست پێدەکەین و زۆربەشمان ڕێگای ڕزگاریی لەو دۆخە تاڵە، لەو قەدەرە دروستکراوە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبینین و دەزانین.

## بەڕێزان



ئەو ڕستانەی سەرەوە ئی پیاوێکی جوانن، ئی کەسایەتیەکن لە ڕەگەزی ئاو و شاخ کە بەشێک لە تەمەنی بەنرخی خۆی بە ئازادیی، بە دادپەروەریی و بە کورد و کوردستان بەخشی. ئەو پیاوە جوانە تەنها ئی بنەماڵەی ماموستا قازی عەلی راد، ئی بنەماڵەی کاک عەولا گەنجە نەبوو بەڵکوو ئی هەموو گەلی کورد بوو.

ئەگەر مرۆڤ، بوونی مرۆڤ، ژیانی مرۆڤ، پێکهاتەیەک بێت لە خێر و شەر، لە جوانی و ناشیرینی، لە باشی و خەراپی، لە وەفاداریی و بێ وەفایی، لە دڵسوزیی و بێ ئەمەگی، ئەوا ئەو پیاوە جوانە خێر و جوانی، باشی و وەفاداری، ئەمەگ و دڵسوزیەکی، زۆر زۆر لە شەر و ناشیرینی، لە بێ وەفایی و بێ ئەمەگی لەسەرتر بوو. ئەو لە خوێندنەوەو ئەزموونەکانی خۆیدا بە پلەیەکی بەرز گەیشتبوو. ئەو، لەڕاستیدا بە پلەی بەرزی، بەرزە مرۆڤ گەیشتبوو. بەڵێ، ئاساییە کە بەرزە مرۆڤەکان بچنە بان فەلسەفەکان، بچنە بان ئایینەکان، بچنە بان ئایدوولۆژیە سواوەکان، بچنە بان سیاسەتی تەپیو و ناکارا و لەوێوە تەماشای گەردوون و جیهان و مرۆڤ بکەن. وە ئاساییە کە ئەوان دڵسوزیی ڕاستەقینەی سروشت و مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرەکانیی تریش بن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو پیاوە جوانە لەڕاستیدا بەو پلە بەرزە گەیشتبوو بەڵام پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و پرسی نەبوونی هزرێکی نەتەوەییی و خەباتێکی یەکگرتوو، پرسی نەبوون بە نەتەوەو نەبوون بە دەوڵەت بەشێکی گرنگ لە ئەندێشە و بیری، بەشێکی گرنگ لە بوونی داگیر کرد بوو. ئەو، گەلێک پرۆژی بۆ داهاتوو هەبوو بەڵام مخابن بە هۆی نەخۆشیەوە نەیتوانی ئەو پرۆژانە بکاتە کردار.

ئەو پیاوە جوانە بە جەستە، شەوی ٢٥ی ژانوییەی ٢٠١٩ کاتژمێر ٨ و ٢٥ خولەک بەجێی هێشتین بەڵام بە بیر و ئەندێشە، بە کوردپەروەریی و دڵسۆزیەکەی، بە سادەیەکانی و خەمخۆریەکەی بۆ هەمیشە لەگەڵماندایە. هەر بۆیە دەڵێین، پیاوە جوانەکە، ئەی ئەو کەسەی کە بە ئەوینی وڵات و بە ئەوینی ئازادیی و بە ئەوینی ڕزگاریی نەتەوەکەت و بە ئەوینی بەرزە مرۆڤێکەوە ژیای، ئێمە شینت بۆ ناگێڕین، ئێمە پرسەت بۆ دانانێین، ئێمە ماڵئاوایت لێ ناکەین، بەڵکوو تەنها دەڵێین ئارام بنوو. دەڵێین نیگەرانی هیچ شتێک مەبە چونکە تۆ جوانیەکی گەلێک زۆرت بۆ ئێمە، بۆ هاوڕێکانت، بۆ گەلەکەت بە دیاریی بەجێهێشت. وە ئێمە هەوڵ دەدەین لایەقی ئەو هەموو جوانیانە بین و لەگەڵیاندا بژین و بیانکەینە وانە بۆ ژیان و بۆ خەبات دژی ستەمکاران. بەڵێ،. دیسان دەڵێین پیاوە جوانەکە.، ئەی ئەو کەسەی خۆشەویستی و دڵسۆزیی و هیوا و ساکاریت دەبەخشیەوە، ئارام بنوو، گەلێک ئارام، تۆ بۆ هەمیشە لە گیان و لە بیرگەماندا بە زیندوویی دەمێنیەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چەند بابەت و نووسراوەی نەمر هاوڕێ ئەبووبەکر ڕاد

### خەمی لە دەستدانی پۆلێک سەرکردە و تێکۆشەری دێموکرات

وێرای هاوخەمی دەربڕین لە گەڵ هاوسەنگەران و کەس وکاری ئەو پۆلە سەرکردە و پێشمەرگە شەهیدەی قەڵای دیمۆکرات لە کۆیە، داوای ساخ و سلامەتی بۆ بریندارەکان دەکەم. ڕوحی شەهیدەکان شاد و ڕێگای گەیشتن بە ڕزگاری و ئامانجەکانیان بەردەوام بێ و ئاواتەکانیان بێنەدی و مردن و نەمانیش بۆ کۆماری سێدارە.




**دووژمنان خەیاڵیان خاوە**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دووژمنان خەیاڵیان خاوە کە پێیان وابێ بە مووشەکباران، قەڵاچۆکردن، کوشتن، گرتن، پەت و سێدارە دەتوانن تێکۆشەرانی گەل و نیشمان و کۆمەڵانی ستەمدیدەی کوردستان بە چۆک دابێنن و لە خەبات بەرخۆدان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی سڵیان بکەنەوە. ڕاستە لە دەستدانی شەهیدانی گەل و نیشتمان و ئەو پۆلە تێکۆشەری دێموکرات خەمێکی گەورە و خەسارێکی گەورەیە، بەڵام ئازادی و ڕزگاری قوربانی دەوێ. ئەو قوربانیدانانەش، لەقووڵایی هەرێمی کورستان لە لایەک نیشاندەری زیندووتر بوونەوەی زیاتری خەباتی نەتەوەییمانە و لە لایەکی دیکەشەوە نیشاندەری زیاتری ترسوو و بیزاری و ڕق و قین کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی و دوژمنکاری زیاتریانە لە حاست نەتەوەکەمان و مافی ڕەوای گەلەکەمان.

### گەلی کورد بە چۆکدا نایە

بێگوومان ئەو کردەوە دژی گەلیانە و لە سێدارەدانی لاوەکانمان، تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان و کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی کوردستان بە چۆکدا ناهێنی و وریاتریان دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان سوورتریان دەکا. بە گشتی کۆمەڵانی کوردستان و بزووتنەوەکانی کوردستانیش بۆ تێکۆشان لە پێناو سەربەستیدا یەکگرتووتر دەکات. نابێ ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین کە بارووداۆخی ئێستای ناوچەکە و بە تایبەت کوردستان گەلێک ناسکە. دووژمنانیش وەک پیشەی خۆیان کە ترسیان لە دێمۆکراسی و ئازادی هەیە، هەستیان بەو مەترسییە کردوە. دیکتاتۆران و دەسەڵاتدارانی تاران و هاوپەیمانەکانیان وەپەلەقاژە کەوتوون و لە هەموو کاتێک زیاترخەریکی پەرەپێدانی پیلانەکانیانن و بە ناو هاوکارەکانیشیان بۆ هێزێک یا چەند هێزیکی کوردی لە بەشەکانی کوردستان هەر لەو ڕاستایە دایە. ئەو ڕاستیەش باش دەزانن کە کێشەی کورد گەیشتۆتە ئاستێک کە ناکرێ و ناتوانن چیدیکە حاشا لە بوونی بکەن.

### با دوژمنەکانمان باشتر بناسین و هەستی نەتەوەییمان بەهێزتر بکەین.

با دوژمنەکانمان باشتر بناسین و هەستی نەتەوەییمان بەهێزتر بکەین، پشتی یەکتر بگرین و پەنا بۆ یەکتر بەرین و هەنگاوەکانی بە کردەوە بەرەو یەکڕیزی، تەبایی، کۆدەنگی، یەک بوون، خێراتر باوێژێن. بە بڕوای من لەو هەلوومەجەدا باشترین پاداش بۆ شەهیدان کۆدەنگی و هاوکاری هێزە کوردستانیەکانە لە هەموو بەشەکان کوردستان، بە ڕوحێکی نەتەوەیی و کوردستانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان تێبکۆشین. بێگوومان هەوڵدانی بەرپرسانە بۆ ئەم مەبەستە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندایە. تێکۆشان لە بوارەدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوژمنانی گەل و نیشتمان بە چۆک دادێنێ وهێزەکانی کوردستان و بە گشتی کۆمەڵانی خەڵک و ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری یەکگرتووتر و هیوادارتر دەکات. گڕ و تینی زیاتر دەبخشێت بە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و ئاسۆی سەرکەوتن نێزیکتر دەکاتەوە.

٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## لە خەمی کۆچی دوایی دایە گوڵی خەسووی




ئێستا زامەکانی تێکۆشەرانی دێمۆکرات سارێژ نەبوونەوە خەمی تۆشی هاتە پاڵ دایکە دڵسۆزەکەمان. سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چاردەی سیپتامبری دووهەزار هەژدە دڵە گەورەکەی دایکی دڵسۆزمان گوڵی خانم لە لێدان کەوت.

گوڵی خانم دوای فەوتی هاوسەرە بە ئەمەگەکەی کاک عەوڵا گەنجە زۆری نەخایاند خەمێکی زۆری دوای خۆی بۆ بە جی هێشتین. دایکێکی بڕوا بەخۆ بە ئەمەگ خۆشنێو و جێگای مەتمانەی کەسووکار و بنەماڵە و تێکڕای ناسیاوانی بوو . گوڵئەندام خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکانی پیرانشار، شنو، نەغەدە، سابڵاغ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکانی قەڵادزێ، ڕانیە و کۆیە دەورووبەریان لە باشووری کوردستان بوو. گوڵی خانم لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی ماڵئاوایی لێکردین. لە لایەک گەلێک ئاکار و ڕەوشتی جوان و ئەزموونی بە نرخ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە لایەکی دیکەشەوە غەم و پەژارەیەکی زۆری لە دوای خۆی بۆ بە جێ هێشتین.

دایە گوڵی شان بە شانی هاوسەرە بە وەفاکەی کاک عەوڵا گەنجە وەک کەسایەتییەکی دیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە قۆناخەکانی جۆراجۆری ژیان و بەرخۆداندا، لە کاتی تێکۆشانی لە نێو ڕیزەکانی دێمۆکرات لە شار و شاخ دا، لە کاتی دەربەدەری و ئاوارەییدا و ئەو کاتەش بە ناچار دەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی پیرانشار وەک دایکێکی دڵسۆز و پشتیوانێکی بە ئەمەگ دەمێنێتەوە و هیوا بەرنادا.

بێگوومان دایکێکی پەپوولە ئاسا، پاکی و دڵسۆزی و دڵگەورەیی و میواندراری ئەو لای هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسی ڕوون و ئاشکرایە. دڵنیام پێشمەرگەکان تێکوشەرانی ڕێگای ڕزگاری لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ئەو سات و کاتانەیان لە بیرناچێ کەلە دەرگای ماڵی دایە گوڵە یان دەدا و بە دڵێکی پڕلە هیوا و ئوومێدە دەرگایان بۆ دەکرایەوە و بە باوەشێکی گەرم وەردەگیران. لە ڕاستیدا ماڵەکەیان ببو بە شوێنی حەسانەوەی و پشوودان و دووبارە تێهەڵچوونەوە. گوڵی خانم بۆ خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە ونیشتمانەکەی هەرکات دەرفەتیبایە گوێی لە دەنگی شمشاڵی بە سۆزی قالە مەڕی نەمر ڕادەگرت بۆ ئەوەی لە ئازارەکانی دووری ئازیزانی کەمبکاتەوە.

دایە گوڵێ گیان، هەموومان تێکڕای کوڕ و کچ و نەوە و کەسووکار و ناسیاو ئازیزانت بە ماڵئاوایی کردنت خەمبارین، بەڵام من لە دوو لاوە خەم دایگرتووم. یەکەم دایکێکی جێگای مەتمانە و دڵسۆزم لەدەستدا کە نەمتوانی وەک پێویست ئەرکی خۆم لەحاست دڵگەوەیی و خۆشەویستی و خۆشدڵی تۆ بەرانبەر بە خۆم و کەسووکارم بە جێبگەیێنم. دووهەم دایکی شەریکی ژیانم سوورییا ژنە بە ئەمەگ و هاوخەم و خۆڕاگرەکەی ڕۆژانی سەختی ژیانم کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی بە خاتری من زیاتر لە سی ساڵ لە خۆشەویستی و کۆڕی ئازیزانی و بە تایبەت لە باوەشی گەرمی دایک و باوک و کەسووکاری بێبەش بوو. گەلێک تامەزرۆ بوو لە پەنایان بێ و لە باوەشی گەرمیان بگرێتەوە.

گوڵی خانم دوای فەوتی هاوسەرە بە ئەمەگەکەی کاک عەوڵا گەنجە تاقەتی زیاتر مانەوەی نەهێنا و زۆری نەخایاند کە ماڵئاوی لێکردین. بەو بۆنەوە لە لایەن خۆم و تێکڕای بنەماڵەکەمانەوە سەرەخۆشی لە گشت بنەماڵەکەیان بە تایبەت کۆڕ و کچ و کەسوو و تێکڕای ئازیزان و شیرە ژنەکەی ڕۆژانی سەختی ژیانم سوورییا دەکەم. لە قووڵایی دڵمەوە هاوخەمتانم، هیوامە سینگ فراوانی و دڵ گەورەیی و خۆشەویستی و بە وەفای ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دایكە مەزنە، لە نێو دڵی گشت ناسیاواندا بمێنێتەوە و ئاواتی بەرزی ئەو شێرە ژنە كە یەكتر خۆشەویستی و ڕزگاری كوردستان و نەتەوە بەشخوراوەكەیەتی بێتە دی. لە بیرتان ناكەین ڕوحتان شاد و یاد و ناوتان بەرز و پیرۆز بێ دایە گوڵێ.!

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## سوپاس و پێزانین

### زامەكان زوو یا درەنگ سارێژ دەبنەوە



كۆدەنگی و یەكڕیزی كۆمەڵانی ستەمدیدەی كوردستان و هاوكاری و یەكبوون و یەكریزی هێزەكانی كوردستانی و هاتنە سەر شەقامی ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری لە تاراوگەدا، هاوخەمی سەرانسەری نیشانەیەكی گەلێك زیندوو و ئەرێنین و ڕێبەری و نوێگەری زۆری تێدایە. بەو هیوای بەردەوامی بەرخۆدان و خۆڕاگری زیاتر و لێكدانی خەباتی هەمە چەشنە لێبكەوێتەوە بۆ دەستەبەركردنی ئامانجی پیرۆزمان و سارێژبوونی برینەكانمان كە ڕزگاری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەییمانە و بەچۆکداهێنانی دووژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە.

**هاوڕێیان، خزمان و دۆستە بەڕێز و نازیزەکان**

دوای ئەم خەمە گەورەیە و هاوکات بڵاوبونەوەی هەواڵی کۆچیدوایی دایکی دڵسۆزمان گوڵی خانم ژمارەیەکی زۆریش لە دڵسۆزانمان سەردانیان کردووین، دڵخۆشییان داوینەوە و لە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشییەکانمان، لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا بەشداریان کرد. لەوماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر پەیامی سەرەخۆشی و هاوخەمی، بە هۆی فەیسبووک، مێسێنجێر، و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە، لە لایەن ئێوەی خۆشەویستەوە بۆ ئێمە هاتوون. زۆر دڵسۆزیشمان ڕاستەوخۆ تەلەفۆنیان کردوە، سەرەخۆشییان کردوە و دڵخۆشییان داوێنەوە.

کۆدەنگی جەماوەری لەو ماوەیەدا و نێوەرۆکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی پەیامەکانتان و هەستی هاودەردیی ئێوە، دڵی کردینەوە و قورسایی خەمی لە سەر شانمان سووک کرد.

بە دڵ پێمان خۆش بوو وەڵامی یەکبەیەکی پەیام و کامێنتەکان بدەینەوە و سپاسی هاوخەمی هاوکاریەکانتان بکەین بەڵام بەداخەوە لە بەر زۆر بوونی پەیام و هاودەردی و هاوخەمیەکان، ئەو کارەمان بۆ نەکرا و داوای لێبووردن لە هەمووتان دەکەین.

لە قووڵایی دڵمانەوە سوپاسی هەمووتان دەکەین. هیوامان ئەوەیە کە هەموو لایەکتان ساغ و سڵامەت بن و لە خەم و پەژارە دوور بن!

لە گەڵ ڕێز و پێزانینێکی زۆر:

ئەبووبەکری ڕاد و سورەییا گەنجە، تێکڕای بنەماڵەی گەنجە و ڕاد

١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## زامەکان سەنگەری بەربەرکانی بەهێزتر دەکەن




خوێنمژانی کۆماری سێدارە دووژمنانی سەربەخۆیی کوردستان پێیانوایە بە ڕووخاندنی قەڵایەک و لە خوێندا شەڵاڵ کردنێ کۆمەڵێک تێکۆشەری دێمۆکرت و بۆمباران کردنی گریلا و چیاکانی کوردستان و بە لە سێدارەدان و گرتن و قەڵاچۆکردنی کوردستان کێشەی کورد یەکلادەکەنەوە. کوێرن و نابینن هەموو گۆشەیەکی کوردستان، هەموو ماڵێک، هەموو چیاو دۆڵێکی ئەم زێدو نیشتمانە قەڵایەکە. ئەمڕۆ هەموو ڕۆڵەیەکی ئەم زێد و نیشتمانەش زامدارە. کوردستان هەر لەسەر پێیە و تێکۆشەرانی و جەماوەری کوردستان پارێزەری دەستەبەر کردنی مافەکان و ئازادکردنی نیشتمانن. بێگوومان بەڕێوەیە، ڕۆژێک دادێ لە حاست ئیرادەی جەماوەری وەزاڵەهاتووی کوردستان و خەبات و بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە و گریلاکانی کوردستان خۆڕاناگرن و بە چۆک دادێن . مەرگ و نەمان چاوەڕێتانە.

٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆچیدوایی کەسایەتیی ناسراو و خۆشەویستمان، بەڕێز عەبدوڵلا گەنجە




دوێنی شەو سی مارسی ساڵی دووهەزار هەژدە دڵە گەورەکەی کەسایەتی ناوداری کورد کاک عەوڵا گەنجە لە لێدان کەوت.

کاک عەوڵا تێکۆشەری دێرینی دێمۆکرات خۆشەویستی خەباتگێڕان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت خەڵکی ناوچەکانی پیرانشار، شنۆ، نەغەدە، سابڵاغ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکانی قەڵادزێ، ڕانیە و کۆیە دەورووبەریان لە باشووری کوردستان بوو. کاک عەوڵا لە تەمەنی هەشتا و شەش ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی ماڵئاوایی لێکردین، لە لایەک گەلێک ئەزموونی بە نرخ و لە لایەکی دیکەشەوە غەم و پەژارەیەکی زۆری لە دوای خۆی بۆ بە جێ هێشتین.

کاک عەوڵا وەک کەسایەتییەکی دیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە قۆناخەکانی جۆراجۆری ژیان و بەرخۆداندا، لە کاتی تێکۆشانی لە نێو ڕیزەکانی دێمۆکرات لە شار و شاخ دا، لە کاتی دەربەدەری و ئاوارەییدا و ئەو کاتەش بە ناچار دەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی پیرانشار وەکوو مرۆڤێکی جێگای مەتمانە و کوردێکی دڵسۆز و پشتیوانێکی بە ئەمەگ دەمێنێتەوە و هیوا بەرنادا.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێگوومـان ئەمەگناسـی و پـاکی و دڵسـۆزی وخـەباتگێڕی و دڵگـەورەیی و میوانـداری ئـەو تێکۆشـەرە و تێکـڕای بنەماڵەکەیان لای هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسی ڕوون و ئاشکرایە. دڵنیـام تێکوشەرانی ڕێگای ڕزگـاری لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان ئەو سات و کاتانەیان لە بیرناچێ کەلە دەرگای ماڵەکەیان دەدا و بە دڵێکی پڕلە هیوا و ئوومێدە دەرگایـان بـۆ دەکرایەوە و بە باوەشێکی گەرم وەردەگیـران. لە ڕاستیدا ماڵەکەیـان ببـو بە شوێنی حەسانەوەی و پشوودان و دووبارە تێهەڵچوونەوە.

دیـارە تێکـڕای ناسـیاو ئازیزانـت بە ماڵئـاوایی کردنـت خەمبـارن، بەلام مـن لە دوو لاوە خەم دایگرتـووم. یەکەم هاوڕێیەکی جێگـای مەتمـانە ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم لە دەست داو دووهەم بـاوکی شەریکی ژیـانم سووریبا ژنە بە ئەمەگ و هاوخەم و خۆڕاگرەکەی ڕۆژانی سەختی ژیانم کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی بە خاتری من زیاتر لە سی ساڵ لە خۆشەویستی و کۆڕی ئازیزانی و بە تـایبەت لە باوەشی گەرمی دایک و بـاوکی بێبەش بوو. گەلێک تـامەزرۆ بوو بۆ جارێکیش بوو بێ لە بـاوەشیان بگرێتەوە. دواجـار چەنـد ڕۆژ لەوە پـێش قسـەی لە گەڵ بـاوکی دەکـرد گوێم لێبوو وەک هەمێشە بە وەرەوە دەیگووت بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە. بێگوومان یاد و بیـرت لە دڵمانـدا بە زینـدوویی دەمێنێتەوە.

بەو بۆنەوە لە لایەن خۆم و تێکڕای بنەماڵەکەمانەوە سەرەخۆشی لـە گشت بنـەماڵەکەیان بە تـایبەت دایە گوڵی خانم ، یاری بـا وەفا ودیـاریە بە نـرخەکەی کـاک عەولا و تێکـڕای خوشـک و برایـان و هاوسـەری بە وەفـام شیرە ژنەکەی ڕۆژانـی سـەختی ژیـانم سووریبا و کـەس و کـار و گشت یـاران وئـازیزانی دەکـەم و لـە قـوولایی دڵـمەوە هاوخەمیانم ، هیوامە سینگ فراوانی و دڵ گەورەیی و خۆشەویستی و خۆ ڕاگری ئەو کەسایەتیە لە نێـو دڵـی گشت ناسیاوانیدا بمێنێتەوە و ئاواتـی بەرزی ئەو و هەموومان کە ڕزگـاری کوردسـتان و نەتەوە بەشخوراوەکەمانە بێتە دی. لە بیرتـان ناکەین.

ڕوحتان شاد و یادتان بەرز و بەڕێز بێ.

١ی ئەپریلی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سوپاس و پێزانین



**هاوڕێیان، خزمان و دۆستە بەڕێز و ئازیزەکان**

**دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی کۆچیدوایی کەسایەتیی ناسراو و خۆشەویستمان، بەڕێز عەبدوڵڵا گەنجە، ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانمان سەردانیان کردووین، دڵخۆشییان داوینەوە و لە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشییەکانمان، لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا بەشداریان کرد. ناوەندی ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و تێکۆشەران و کەسایەتیەکانی ئەو دوو حیزبە بە تایبەت هاوخەمی و بەشداری بەرچاوی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات لەو پرسە و ماتەمینەدا و پێشکەشکردنی وتارێکی بە نرخ و هیوا بەخش لە لایەن هاوڕێی هێژا و خەمخۆری هەمیشەییمان کاک سەعید بەگزادە خەمەکانی سووک کردین. لەوماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر پەیامی سەرەخۆشی و هاوخەمی، بە هۆی فەیسبووک، مێسێنجێر، و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە، لە لایەن ئێوەی خۆشەویستەوە بۆ ئێمە هاتوون. زۆر دڵسۆزیشمان ڕاستەوخۆ تەلەفۆنیان کردوە، سەرەخۆشییان کردوە و دڵخۆشییان داوێنەوە.**

**بە ڕاستی نێوەرۆکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی پەیامەکانتان و هەستی هاوخەمی ئێوە، دڵی کردینەوە و قورسایی خەمی لە سەر شانمان سووک کرد.**



https://serchawe.com

بە دڵ پێمان خۆش بوو وەڵامی یەکبەیەکی پەیام و کامێنتەکان بدەینەوە و سپاسی هاوخەمی هاوکاریەکانتان بکەین بەڵام بەداخەوە لە بەر زۆر بوونی پەیام و هاودەردی و هاوخەمیەکان، ئەو کارەمان بۆ نەکرا و داوای لێبووردن لە هەمووتان دەکەین.

لە قووڵایی دڵمانەوە سوپاسی هەمووتان دەکەین. هیوامان ئەوەیە کە هەموو لایەکتان ساغ و سڵامەت بن و لە خەم و پەژارە دوور بن!

لە گەڵ ڕێز و پێزانینێکی زۆر:

ئەبووبەکری ڕاد و سورەییا گەنجە ، تێکڕای بنەماڵەی گەنجە و ڕاد

٩ی ئەپریلی ٢٠١٨

---

## بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان



هاوڕێی زێدە بەڕێز و جێگای مەتمانە و خۆشەویستی هەموومان کاک سەعید بیگزادە ماوەیەک لەوەپێش وێنەیەکی منی دانابوو کە ئاماژەیەک بوو بۆخۆشەویستی و پاڵپشتی وهاوخەمیان بۆ بواری نالەباری تەندروستیم کە پڕ بەدڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سپاسیان دەکەم. سپاس بۆ ئەو هاوڕێیانەش کە بە دانانی پەیام هاوخەمی خۆیان دەربڕیوە و داوای لێبووردن دەکەم کە لە کاتی خۆیدا نەمتوانی وڵامتان بدەمەوە. دیارە ماوەیەکە نەخۆشی یەخەی گرتووم و تا ڕادەیەک لە ئازیزانم دابڕاوم و زۆرتر لە ڕێگای نەخۆشخانە و لە ژێر چاوەدێری دۆکتۆرەکان دام. بێگوومان ئەگەر ئیمکاناتی دەرمانی و پزشکی سوئێد و هاکاری و هاوسۆزی و هاوخەمی بنەماڵە، کەسووکار، هاوڕێ و ئازیزانم لە دوور و نێزیکەوە، بە سەردان، کورتە پەیام یا تەلەفۆن نەبووبا، کەوتنەوە سەرپێم گەلێک دشوار بوو. بۆیە جێگای خۆیەتی لە قوڵایی دڵمەوە سپاستان بکەم و پێتان بڵێم خۆشم دەوێن، شانازیتان پێوە دەکەم و ئەوهەست و سۆز و بە هانا هاتنەوەتان لە بیرناکەم.

### بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

لێرەشدا دەمهەوێ بە کورتی سەبارەت بە پرسی ڕیفڕاندۆم لە باشوری کوردستان بڵێم سەد ساڵە نەتەوەی کورد، قەڵاچۆ و ژنوساید دەکرێ و وەک کۆیلەیەک هەڵسووکەوتی لە گەڵ دەکرێ. دەسەڵاتدارانی دنیاش بە هەموویانەوە ئگادارن و دەسەڵاتە هەرە بە هێزەکانیش لەو پیلانە و بە کۆیلە کردنەدا هاوبەشن. ئەوان لە جێگای پشتگیری لە مافی گەلان بکەن، بۆ جێگیرکردن چوار دەسەڵاتی دیکتاتۆر، کۆنەپەرست، فاشیست و مەزهەبی کە ئێستا دوویان لە بەرێک هلوەشاون و دوشیان بەرەو داڕمان هەنگاو دەنێن و مەتمانەی ناوخۆیی و دەرەکیان لە دەستداوە تێدەکۆشن. وەک هەمیشە لە حاست مافی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکانی بن دەست گویان کەڕ و چاویان کوێرە..

کەوا بوو ئەو ڕەوتەی کە ئێستا بە سەرکردایەتی کاک مەسعود بارزانی لە بەرەو پێش چووندایە بە هەموو کەمووکووڕیەکانیەوە جێگای ڕێز و تەقدیرە و پشتیوانی کردن لە گشت پرسی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی گشت کوردێکی دڵسۆز و بە پەرۆشە کە بۆ گەیشتن بە سەر ەخۆیی و گەڕانەوەی کەسایەتی کورد ژیرانە هەڵسوێست بگرێ و تێبکۆشێ. هیوادارم بەرپرسان و تێکۆشەرانی باشووری کورستان هەست و سۆزی پڕ لە جۆش خرۆشی هەموو چین و توێژەکان لە باشوور، باکور، ڕۆژهەڵات و باشووری چووکی کوردستان و دەرەوی وڵات کە لە ڕاستای گەیشتن بە سەربەستی و ڕزگار بوونمان لە کۆیلەتیە وەک خۆی بنرخێنن. ئەرکی نیشتیمانیمانە کە بە یەکڕیزی و هاودەنگی لە پرسی ڕیفڕاندومدا بەشداری بکەین و پاشگەز نەبینەوە. بۆ ئەوەی ئە مجارەشیان دوای ساڵێکی دیکە کاک مەسعود بارزانی نەڵێ بریا لە کاتی خۆیدا ئەو ئەرکە مەزن و مێژوویەم بە جێگەیاندبا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێگوومان گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆی نرخی خۆشی دەوێ پێشمەرجی گردبوونە و هاودەنگی و هاوسۆزی جەماوەری خۆڕاگری کوردستان، لە ناو خۆ و دەرەوەی وڵات و هەڵوێستی هێزی بە هێزی پێشمەرگە و گریلاکانی کوردستان ئەو لە خۆبردوویییەی تێدایە و بەشێک لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش پشتیوانەو ناتوانێ لە حاست هەر ڕووداێک و پێشهاتێکدا چاو بەقووچێنێ و بێدەنگ بێ. دڵنیام ئەوە باشترین هەڵبژاردەیە کە ئەمڕۆ لە بەردەست نەتەوەکەمان لە باشوری کوردستان دایە کە بەرەو سەندووقەکانی دەنگدان بچن و دەنگی بەڵێ بدەن. کە وابوو با هەمووبان پێکەوە بڵێین بەسە کۆیلەتی، بەسە شێواندنی کەسایەتی و پێناسەی کوردایەتیمان بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## وشیاری نەتەوەیی و یەکڕیزیمان زامنی سەرکەوتنمانە




کاتێک هەلومەرج بۆ کورد لەبارتر دەبێ داگیرکەرانی کوردستان وەپەلەقاژە دەکەون و لە هەموو کاتێک زیاتر لە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستان پیلان دەگێڕن و درێژە بە کوشتن و ئازار و ئەشکەنجەی کۆمەڵانی ستەمدیدەی کوردستان دەدەن. ئەگەرپێویستیشان بە کورد بووبێ فێڵبازانە باس لە چارەسەری کێشەی کورد و هاوکاری لە گەڵ هێزێکی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەن و لەحاست کێشە سەرەکیەکانی ناوخۆیی خۆ گێل دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە لەو وڵاتانەدا گەورەترین کێشەیان، کێشەی کوردە و تا ئەو کاتەی بە کردەوەش هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەڵنەگرن ناتوانن بۆ مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەپەرۆش بن و ڕۆڵێک بگێڕن کە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە دابێ. ئەوەی ئەڕوش وڵاتانی داگیرکەر بەرانبەر بە کورد دەیکەن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە دژی ئازادی و چارەسەری کێشەی کوردن و نابێ باوەڕیان پێبکرێ. هێزەکانی کورد و کۆمەڵانی خەڵکیش دەبێ بەو پێوانەیە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەییدا درێژە بە پەیوەندیکانیان بدەن.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزکانی نێو گۆڕەپانی خەبات دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن و لە هەموو کاتێک وشیارتربن و ڕێگە نەدەن پیلانەکانی دوژمنانی نەتەوەکەمان سەربگرن. بێگومان پەرەپێدان و ڕاگرتنی پەیوەندیەکان لە گەڵ دراوسێکانیش پێویستە، بەڵام ئەو پەیوەندیانە نابێ زیان بە خەباتی گشتی نەتەوەکەمان و خەباتی گەل کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بگەیێنێ. ئەمڕۆ کوردو هێزەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات زیاتر لە هەمووکاتێک پێویستیان بە هاوکاری یەکتر و یەکڕیزی و یەکبوونە و نابێ بکەونە بەربەرەکانی دژایەتی یەکتر. پێویستە یەکبگرین، یەکبوونێک لە پێناو ڕزگاری نەتەوەیی. بۆیە وشیاری نەتەوەی و یەکڕیزی زامنی سەرەکی سەرکەوتنمانە. بوونی هەرێمی کوردستان بە هەموو کەموکۆڕیەکانیەوە و هەنگاوەکانی ئێستایان بەرەو سەربەخۆیی ئەم بەشە لە کوردستان و بەردەوامی بەرخۆدان و خۆڕاگری هێزەکان و کۆمەڵانی خەڵک لە باکووری کوردستان و باشووری چووک و نارەزایی کۆمەڵانی خەلک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت بەرخۆدان خۆراگری هێزی پێشمەرگە و گریلاکان کوردستان لە دژی داعش لە پێناو پاراستنی ئازادی و سەربەستی گەل و نیشتماندایە.

بە گشتی ئەو خۆڕاگریانە نیشاندەری زیاتری بوونی کورد و کێشەکەیەتی و پێناسەی نەتەوایەتی کورد زیاتر دەسەلمێنن. پیلانی دژی کورد و سیاسەتی زەبرو و زەنگ و کوشت و کوشتار، کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی کوردستان و هێزی خۆڕاگری پێشمەرگە و گریلا لە سەر تێکۆشانیان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان سوورتردەکات. خۆڕاگری و بەرخۆدانی لاوان و شێرەژنانی ئەو زێدە و نیشتمانە ئەو ڕاستیە زیاتر دەردەخەن و دەیسەلمێنن. لە ئاکامدا هێزی یەکگرتووی گەل و نیشتمان سەردەکەوی و حکوومەتە دیکتاتۆر، زۆردار، کۆنەپەرست و هاوبیرانیانن کە بەچۆک دادێن. ئاوات خوازم هێزەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات بە وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان هێز و تواناکانیان زیاتر یەکبخەن.

٢١ی جانێوێری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تێکۆشەر جەلال تاڵەبانی



* کۆچی تێکۆشەری مەزن مام جەلال یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی نەتەوەکەمان هەموومانی خەمبارکرد.

* بێگومان زیاترلە شێست ساڵ تێکۆشان و بەرخۆدان و خۆڕاگری خاڵی لە کەمووکوڕ و هەڵە نابێ، بەڵام سەرکردەی مەزن مام جەلال لە ڕاستیدا مرۆڤێکی لێزان، وریا، وشیار و سەرکردەیەکی لێهاتوو و بە ئەزموون بوو. کاریگەری دیاری لەسەر هەموو بەشکانی کوردستان هەبوو و شوین پەنجەو جێدەستی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بەڕوونی دیارە.


هیوادارم ڕابردووی پڕ لە سەروەری و ئەزموونە بە نرخ و باشەکانی ئەو سەرکردەیە بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمان لەو کۆستەدا ماتەمینەدا، ببێتە هەوێنی یەکبوون و یەکریزی و کۆدەنگی حزبەکانی باشووری کوردستان و تێکڕای جەماوەری کوردستان، بۆ سەقامگیرکردنی سەربەخۆیی.

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دڵەگەورەکەی برا و مامۆستام کاک فەتاح کاویان لە لێدان کەوت**




**ڕووناکبیر، وەرگێر، تێکۆشەر، ڕوح سووک و قسە خۆش، کەسایەتی دیاری ناو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات و بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەکەمان ماڵئاوایی لێکردین. تێکۆشەرێکی بە ئەمەگ کە گشت ژیانی خۆی لە پێناو ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیدا بەخت کرد. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە کەس و کاری و هاوسەنگەرانی لە ناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتێکڕای ئەویندارانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانم. کاک فەتاح گیان هیوادارم ئاواتەکانت بێنە دی، یادی تۆ بۆ هەمیشە لە دڵماندا هەردەم زیندوودەمێنێ. ڕوحت شاد و یادت بەرز و پیرۆز بێ.**

**١٨ی جانێوێری ٢٠١٧**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خەمی لە دەستدانی پۆلێک تێکۆشەری دێموکرات




وێڕای هاوخەمی دەربڕین لە گەڵ هاوسەنگەران و کەس وکاری ئەو پۆلە شەهیدە داوای ساخ و سڵامەتی بۆ برینداره‌کان دەکەم. ڕوحی شەهیدەکان شادو ڕێگای گەیشتن بەڕزگاری و ئامانجەکانیان بەردەوام بێ و ئاواتەکانیان بێنەدی.

دووژمنان خەیاڵیان خاوە کە پێیانوابێ بە کوشتن و گرتن و پەت و سێدارە دەتوانن تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان و کۆمەڵانی ستەمدیدەی کوردستان بە چۆکدابێنن و لە خەبات و بەرخۆدان بۆگەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی سڵیان بکەنەوە. ڕاستە لە دەستدانی تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان بە گشتی وئەوپۆلە تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەوی یەلدا دا خەسارێکی گەورەیە، بەڵام ئازادی و ڕزگاری قوربانی دەوێ. بێگوومان ئەو قوربانیدانانەش تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان وکۆمەڵانی وە زاڵەهاتووی کوردستان وریاتر دەکاتەوە و لە گەیشتن بە مافەکانیان سوورتریان دەکات.

بە گشتی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان و بزووتنەوەکانی کوردستانیش بۆ تێکۆشان لە پێناو سەربەستیدا یەکگرتووتردەکات. ئەگەرچی ئەمڕۆ هەلوومەرجی دەرەکی تا ڕادەیەکی زۆر بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەری کێشەی کورد لە ڕابردوو لەبارترە، بەڵام نابێ ئەوڕاستییە لە بیر بکەین کە باروودۆخی ئێستای ناوچەکە و بە تایبەت کوردستان گەلێک ناسکە. دووژمنانیش وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان کە ترسیان لە دێمۆکراسی و ئازادی هەیە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەستیان بەو ڕاستتە کردوە. دیکتاتۆران و دەسەڵاتدارانی تاران، ئانکارا، بەغدا و دیمەشق وەپەلەقاژە کەوتوون و لە هەموو کاتێک زیاترخەریکی پەرەپێدانی پیلانەکانیانن. بە ناو هاوکاریەکانیشیان بۆ هێزێک یا چەند هێزێکی کوردی لە بەشەکانی کوردستان هەر لەو ڕاستایە دایە. ئەو ڕاستیەش باش دەزانن کە کێشەی کورد گەیشتۆتە ئاستێک کە ناکرێ و ناتوانن چیدیکە حاشا لە بوونی بکەن و نەتەوی کورد بوونی هەیە و ناتوێتەوە. کە وابوو با بە ڕوحێکی نەتەوەیی و کوردانە، پشتی یەکتربگرین و پەنا بۆ یەکتر بەرین و لە ڕێگای دیالۆگەوە هەنگاوی بە کردەوە بەرەو یەکریزی، تەبایی، کۆدەنگی ویەک بوون خێراترهەڵگرین. بە بڕوای من لە هەلوومەرجی ئێستادا باشترین ڕێگا پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشی کوردستانییە لە هەمووبەشەکانی کوردستان، هاوکات پێکهێنانی زەمینەی وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانیانە. هاوکات هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سەرانسەرییە بۆهەر چوارپارچەی کوردستان. بێگوومان بڕیار وهەنگاوی بە کردەوە و بوێرانە و بەرپرسانە بۆ ئەم مەبەستە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و گشت ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری لە هەموو بەشکانی کوردستاندایە. تێکۆشان لەوبوارەدا دوژمنانی گەل و نیشتمان بە چۆک دادێنێ و پشتیوانی و هاوکاری دەرەکی بە هێزتردەکا وهێزەکانی تێکۆشەری ناو گۆڕەپانی خەبات باشتر دەپارێزێ و بەهێزتریان دەکات. کۆمەڵانی خەڵک و ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری یەکگرتووتر و هیوادارتر دەکات. گڕوتینی زیاتربە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەبەخشێت و ئاسۆی سەرکەوتن نێزیکتر دەکاتەوە.

٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کەسایەتی ناودار و خۆشەویستی گەلەکەمان مامۆستا مەلا محەممەدی عوسمانی ماڵ ئاوایی لێکردین



کۆچی دوایی مامۆستا و کەسایەتی ناوداری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات، هەموومانی خەمبار و تازیەبار کرد بێگوومان ئەمەگناسی و پاکی و دڵسۆزی وخەباتگێڕی و دڵگەورەیی ئەو تێکۆشەرە لای هەموو ئەو کەسانەی شارەزاییان لە سەر هەبوو ڕوون و ئاشکرایە. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە هاوسەنگەرانی و لە تێکڕای بنەماڵەیان، کەس و کاری و گشت ئازیزانی دەکەم و لە قووڵایی دڵمەوە هاوخەمیانم، هیوامە سینگ فراوانی و دڵگەورەیی و خۆشەویستی و خۆ ڕاگری ئەو کەسایەتیە لە نێو دڵی گشت ناسیاوانیدا بمێنێتەوە و ئاواتەکانت کە ڕزگاری کوردستان و نەتەوە بەشخوراوەکەتە بێنە دی. لە بیرتان ناکەم.

ڕوحتان شاد و یادتان بەرز و بەڕێز بێ.

٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کارەساتی کیمیایی بارانی شارەکەم سەردەشت هەرگیز لە بیرناچێ




سەردەشتەکەم هەمووساڵێک برینەکانت دەکولێنەوە و چاوەڕوانی زامەکانت سارێژ ببنەوە. دەزانم چاوەڕوانی گەلەگەت و خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەت یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی دوژمنانت بە چۆکدابێن و ئاواتی شەهیدانت بێتەدی. دونیای بێوەفاش وەخەبەربێ و تۆش ڕزگاری نەتەوەکەت ببینی و هیوای بەرزی مامۆستا هەژار بێتەدی کە دەڵێ:

ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە
مووژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە

دیارە خۆڕاگری و بەرخۆدانی ڕۆڵەکانت لە کۆبانی و سەرانسەری کوردستان نیشاندەری ئەوەیە هەنگاونانی بەگووڕتر لە ڕێدایە بۆ وەدیهاتنی ئاواتەکانت. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و هەموو شەهیدانی کوردستان، سەرشۆڕی و نەمانیش بۆ دووژمنانی نەتەوەکەمان.

٢٨ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پیرۆز بێ ئەو سەرکەوتنە




سەرکەوتنی پارتی دیمۆکڕاتی گەلان لەو هەڵبژاردنەدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە گەلی کورد لە باکوری کودستان یەکدەنگە و دەیهەوێ لە ڕێگای دیالۆگەوە بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی هەنگاو بنێ.


هیوادارم نوێنەرانی دەنگدەران و بەگشتی کۆمەڵانی خەڵک لەباکوری کوردستان بتوانن وڵامدەری ئەو بەرپرسایەتیە مێژوویە لەدەسەڵاتی نوێی تورکیەدابن. کە وابوو ڕێزگرتنی هەموولایەک بەتایبەت بەشدارانی حکوومەتی نوێ لەئیرادەی خەڵک و ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە زەمینەی پێکەوە ژیان بە ئاشتی خۆشتر دەکات.هیوادارم پرۆسەی ئاشتی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ.

٧ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## نا بۆ شەڕی براکوژی




شەڕی دژی ترۆر، هێزەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی لێک نێزیکتر کردەوە و هێزەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی زیاتر ڕێک خست. ئەو یەکبوونە گرۆتینێکیی زیاتری لێکەوتەوە و هیواو ئوومێدێکی زیاتری خستە دڵی هەموو چین و توێژەکانی نەتەوەکەمان.

بەداخەوە ئەوەی ئەمرو لەسنووره دەستکردەکانی کوردستان ڕوودەدا حەزو ئاواتی نەیاران و دوژمنانی نەتەوەکەمانە.

ئەوانەی حەز و ئاواتی دوژمنانمان وەدیدێنن و ئەوانەش ئاوری شەڕی براکوژی خۆشدەکەن بە میدیاکانیشەوە، مێژوو نایانبەخشێ و لە حاست خەڵکی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەمان و خوێنی شەهیدان بەرپرسیارن. لەکاتێکدا کە شەڕی نێوان پەکەکە و حدکا بەتەواوی کۆتایی نەهاتوەو باس لەدەستپێکردنی شەڕێکی دیکەی پەکەکە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانە. هەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکەش هەڵوێستی بەر پرسانی پەکەکە زیاتر دێنێتە ژێر پرسیارەوەو بەرپرسایەتیەکەشیان قورستر دەکات. بە بڕوای من لێپرسراوانی حزبی دێموکراتی کوردستانیش نەدەبوو وا بە پەلە خەریکی مانۆڕدان و جووڵاندنی هێزەکانیان بان. ئەمڕۆ گەلی کورد زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە یەکڕیزی و کۆدەنگییە.

بۆ ئەوەی ئاڵۆزیەکان زیاترتەشەنە نەکەن پێویستە هەموولایەک ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆیان بۆ کۆتایی پێهێنانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو شەڕە دەرببڕن و ئاگری شەڕی براکوژی بکوژێنەوە و لە ڕێگای دیالۆگەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

لێپرسراوانی پەکەکە، حدکا و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش تاوانبارانی ئەو شەڕە و ئاڵۆزیە سەزابدەن و بەڵێنی بە خەڵکی زەحمەکێشی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بدەن کە ئەو تاوانانە دووپات نابنەوە. با هەموومان پێکەوە خەون و ئاواتی دوژمنان و نەیارانی کورد لە گۆڕ بنێین و ئێوەش پێشمەرگە و گەریلاکانی کوردستان، ناوی خۆتان بەرزو و بەرزتر ڕابگرن. نفرەت لە شەڕی براکوژی. بژی برایەتی و یەکیەتی نەتەوەییمان لە پێناو وەدیهێنای ئازادی و سەربەخۆیی.

٢٩ی مای ٢٠١٥

---

لە تێکدانی ئەم باروودۆخەدا هەموو کوردێک زیانی بەردەکەوێ




هێزەکانی بەشدار لە دەسەڵات ئەگەر نتوانن ئەو ئاڵۆزیەی ئێستا لە گۆڕێدایە لە ڕێگای دیالۆگ و دانووستاندنەوە چارەسەری بکەن، چۆن دەتوانن لە نیو ئەو هەمو ئاڵۆزیەی لە گۆڕێدایە، بەسەر قەیرانەکانی دیکەدا زاڵ بن و وڵامدەری ویست و داخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وێڕای بەرچاو بوونی دەوری کاسایەتیەکان و هێزەکانی نێو گۆرەپانی خەبات بێگوومان دەبێ بڕوا بەوە بێنن، کە دەورانی تاکەحیزب و تاکە دەسەڵات و تاکە بڕیاردەر بەسەرچووە. دەبێ هەموولایەک ڕێزلە ئیرادەی خەڵک و یەکتربگرن و لەژێر یەکڕیزی و تەبایی و پێکەژیانی بە ئاشتی دا بەرەو چارەسەری کێشەکان و گەیشتن بەئامانجەکانیان هەنگاو بنێن.

ئەمڕۆ کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی زیاتر لە هەمووکاتێک پێوستی بەیەکڕیزی و یەکدەنگییە. لە لایەک شەڕی کۆنەپەرستان و داخ لە دڵانی داعش و لەلایەکی دیکەشەوەوە هەڵوێستی دووژمنکارانەی وڵاتانی دراوسێ و دستتێوەردانی ئاشکرایان بۆ لەباربردنی ئەم بارووذۆخە، ناکرێ بە کەم بگیرێن و بیخەینە پاشگوێ.

بۆیە پێویستە گشت هێزەکانی کوردستان بەرلە هەمووشتێک بیرلە پاراستن و بە هێزکردنی بیری نەتەوەیی و بە ئاکام گەیاندنی ئەو دەستکەوتانە بکەنەوە کە لەو ماوەدا.

بەدەستیان هێناوە و زیاتر لە هەموو کاتێک دەبێ لە حاست ئەم بارووذۆخە ئالۆزەدا بەرپرسانە هەڵسووکەوت بکەن. نابێ بیری تەسکی حیزبایەتی و کۆنەناکۆکیەکان پێش بەڕەوتی دانووستاندنەکان بگرێ.

پێویستە هێزەکان و پارڵمانی کوردستان بە چاوخشاندنێک بە ڕابردوویی پڕلە کارساتی نەتەوەکمان، کەڵک لە ئەزموونی ڕزگاری گەلان و ئەزموونی بەرپرسانەی دڵسۆزان و ڕووناکبیرانی کوردیش لە دەرەوەی حیزبەکان و پارڵمان، لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات وەربگرن و کێشەکانیان لە ڕێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکەن. سەرکەوتنی هەموولایەک لە پاراستنی دەستکەوتەکان ویەکڕیزی دایە، لەتێکدانی ئەم بارووذۆخەدا هەموو کوردێک زیانی پێدگا وسەرکەتنی بۆ کەس تیدانییە. با بەرژەوەندی نەتەوایەتی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندیەکانی دیکە دابنێین بۆ ئەوەی شەرمەزاری مێژوو نەبین،ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش کە پێکهێنای کیانێکی نەتەوەیەی و ڕزگاریی و ئاسوودەییە وەدیبێنین.

١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ساڵی تازە و نەورۆزتان پیرۆز




بە بۆنەی نەورۆز و سەری ساڵی تازەی کوردی پیرۆزبایی لە نەتەوەکەمان بە گشتی و تێکڕای ئەویندااران و خەباتگێڕان و پارێزەرانی ڕزگاری نەتەوەکەمان دەکەم.هیوادارم ساڵی ٢٧١٥ی کوردی ساڵی تێکشکان و لە ناوچوونی دیکتاتۆر و تیرۆریستە دڵڕەشەکان بێ و ئاگری نەورۆزمان بڵێسەدارتر و شادی و خۆشیمان زێدەتر و ئاسۆی ڕزگاریمان ڕوونتر بێتەوە.

١٩ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خەمی لە دەستدانی تێکۆشەرە مەنسووری ئاروەند




**کۆماری سێدارە دیسان لاوێکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی دیکەی شاری پێشەوای ئیعدام کرد. دووژمنان دەبێ باش بزانن ئیعدامکردنی ڕۆڵەی ئازاو و خۆڕاگر مەنسووری ئاروەند کۆمەڵانی ستەمدیدەی گەلەکەمان و هەموو تێکۆشەرانی ئازادیخواز بۆ درێژەدان بە خەباتو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان یەکگرتووتر دەکات. ئازارو ئەشکەنجە، ئیعدام و سێدارە وەرەی بەرزی لاوانی نیشتمانمان بەرزتر دەکات. ڤین و تۆڕەییان پەرەدەستێنێ و لە سەر درێژە پێدانی ڕێگایان بۆ ئازادی و سەربەرزی نیشتمان پێداگرتر و سوورتر دەبن. وێڕای موحکوومکردنی ئەو جەنایەتە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید مەنسوور و هەموو هاوبیرانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەم.**

**١٦ای جوونی ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کەسایەتی ناودار و خۆشەویستی گەلەکەمان خاڵە شێخە ماڵئاوی لێکردین



کۆچی دوایی برای گەورە و زێدە خۆشەویستم هەموومانی خەمبار و تازیەبار کرد بێگوومان دڵگەورەیی ئەو لای هەموو ئەو کەسانەی شارەزاییان لە سەر هەبوو ڕوون و ئاشکرایەو دەزانین کە دەرگای ماڵەکەیان هەموو ساتێک بە ڕووی هەموو کەس، بە تایبەت ئەوانەی لە تاراوگەدا بوون و کەم و زۆر هەستیان بە غەریبی دەکرد کراوە بوو.

ڕاستە ئەگەر بڵێم ماڵەکەیان ماڵی هەموان بۆ خۆی و بنەماڵەکەشی خۆشەویست و خەمخۆری هەموومان بوون و دڵنیاشم دەمێنەوە. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە تێکڕای بنەماڵەیان، کەس و کار و ئازیزانی دەکەم و لە قووڵایی دڵمەوە هاوخەمیانم، هیوامە سینگ فراوانی و دڵگەورەیی و خۆشەویستی ئەو کەسایەتیە لە نێو دڵی گشت ناسیاوانیدا ڕیشە داکوتێ. ڕوحی شاد بێ.

١٧ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تریفە گیانەکەم



تریفە گیانەکەم تەمەنی پێنج ساڵانە بوو کە برای هێژاو زێدە خۆشەویستم مامۆستا بێبەش کورتە شیعرێکی بۆ نووسی. دوای ماوەیەکی کورت تریفە وردیلەکە لە کۆڕێکی گەورەی نەتەوەییدا لە شاری ڕانیە ژیرانە شیعرەکەی دیکلەمەکرد. بە خوێندنەوەی ئەو شیعرە هەستی پاک و بێگەردو پڕ لە خۆشەویستی خۆی بەرانبەر بە دایک و باوک و نیشتمانەکەی دەربڕی. ئێستا تریفە جوان و خوێن شیرنەکەم بۆتە بیست و شەش ساڵ و ڕۆژی چاردەی مانگی دوو کە بە ڕۆژی دڵان ناسراوە ئەنگووستیلەی دەزگیرانی و خۆشەویستی لە لایەن ڕیچادەوە کردە پەنجەی. ترێ گیان هیوامە بە تێپەڕ بوونی کات خۆشەویستیت بەرانبەر بە بنەماڵەو نیشتمانەکەت و گشت ئازیزانت بە هێزتر بێت. ڕیچاد و تریفە گیان پیرۆزتان بێ تەمەنتان درێژ و ژیانتان خۆش و بەختەوەریتان بەردەوام لە پەرەستاندن دابێ. بێگوومان وەک دوو لاوی پێگەتشتوو و تێگەیشتوو بە پەرەپێدانی ڕێزی بەرانبەر وپاراستنی هێدی وهێمنی و دەرک کردنی یەکترو لێکتێگەیشتنی بە وەخت خۆشەویستیەکەتان پتەوتر دەکەن. زۆرمان خۆش دەوێن تریفە و ڕیچارد


٥ی مارچی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەرزو پیرۆز بێ رۆژی جیهانی کرێکاران

### بیرەوەریەک کە ئاوێتەی خۆشەویستیە.



کورتەیەک لە فیلمی زەماوەندەکەمان لە گەڵ چەند وێنەیەک کە لە ١١ی بانەمەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١ی مای ١٩٨٥ی زایینی لە گەورەدێی باشووری کوردستان لە ناوەندی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگیراون، پێشکەشە بەتێکرای ئەو خۆشەویستانەی، کە لە شادی و خۆشی ئێمە دا بەشداریان هەبووە. بە تایبەت پێشکەشە بەو تێکۆشەرانەی کە گیانی خۆیان کردە قوربانی نەتەوەکەیان. هیوامە ئەو بیرەوەریە و دیتنی ئەو یەکریزیە، هاندەرێک بێ بۆ هەنگاونانی زیاتری، گشت لایەک بەرەو یەکدەنگی و هاوکاری لە پێناو دەستەبەر کردنی ئازادی و سەربەستی بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجی نەتەوە بەشخوراوەکەمان.

بێ یەکگرتوویی هێزمان بڕ ناکاو ئامانجەکانمان وەدیناێن.

١ی مای ٢٠١٢

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی هاوڕێ ئەبوو ڕاد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە گەڵ دایکم



ویستم لە پەنا دایکم دایکێکی بڕوا بەخۆ، دڵسۆز، بە ئەمەگ، خۆڕاگر، هێمن، هێدی، بە وەفا بۆ بنەماڵە، کەسوکار و نەتەوەکەی ڕێز و سپاسی خۆم بۆ هەموو ئەو خۆشەویستانە دەرببڕم کە بە پێکهێنانی کۆڕی خۆماڵی، پەیام، تەلەفۆن و لە ڕێگای فەیسبووکەوە بە بۆنەی ساڵڕۆژی لە دایک بوونم پیرۆزباییان لێکردووم.

داوای سڵامەتی، بختەوەری، تەمەن درێژی و گەیشتن بە ئاواتەکانتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چەند وتە و بیرەوەرێک



بنەماڵەی قازی عەلی ڕاد(قازی عەلی مارەغانی) یەکێک لە بنەماڵە شۆڕشگێر و کوردپەروە و نیشتمانپەروەرانی ناوچە سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە هەموویان بەکۆ بەشداریان لە جووڵانەوەی میللی دێموکڕاتێکی گەلەکەیان کرد و لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورد لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستیان بە چالاکی و بەرخۆدان و ئەوەی لە توانا و هێزیان دا بوو کردیان کەم تەرخەمیان نەکرد.

لە ڕاپەرینی گەلانی ئێرانیش گەلی کوردیش زۆر چالاکانە بۆ رووخانی رێژیمی پاشایەتی پەهلەوی بە هەموو تواناوە بەشداریان کردو دوای رووخانی رێژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی لە سەردەشت و ناوچەکە بە تێکرایی بۆ پشتیوانی لە خەباتی رەوای گەلەکەی بۆ وەدیهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی دیکە دا شانبەشانی یەکتر دەستیان بە چالاکی و بەرخۆدان کرد. یەکێک لەم کۆمەڵە خەڵکە بنەماڵەی تێکۆشەر قازی عەلی ڕاد بوو، بە تایبەت هاوڕێ خوین گەرم خۆشناو ئەبوبەکر ڕاد بوو کە زۆر زوو توانی کادریکی باش و بە توانای حیزبی دێموکڕاتی لێ هەڵکەوێ و ڕۆژ بە ڕۆژ بە خوێندو فیربوونی زاست لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆ پێگەیاند و بوو بە یەکێک لە کادرە لێوەشاوە و زاناکانی ئەم کاتی ناوچەی سەردەشت. هاوڕێ ئەبوو لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئەم سەردەمە کە باو بوو لە شەقام ناو پارکەکانی شار بەڕێوە دەچوو بەشداری دەکرد و رێباز و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ خەڵک شی و روون دەکردەو هەموو ئەم بوختان پرۆپاگەندانەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەند لایەنی سیاسی کە نابەرپرسانە هەڵسوکەوتیان دەکرد زۆر بەرپرسانە و سەردەمیانە ردو وەڵامی شیاوی دەدانەوە. ئەم شیوە ئاکار و کردەوەی بەرپرسانەی هاوڕێ ئەبوو سرنجی بەشدارانی ئەم کۆبوونەوانە بۆ لا خۆی و حیزبەکەی رادەکێشا و دواتر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە دەنگی دەدایەوە. هاوڕێ ئەبوو رەخنە و پێشنیار خەڵکی ڕاشکاوانە بە بی دەمارگرژی حیزبی قبووڵ و پەسەند دەکرد و ئەم رخنە و پێشنیارانەی لە کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی شاری سەردەشت دەکردە باسی سەرەکی ئەم کۆبوونەوە. هەر بۆیە ئەم هاوڕێیە ببوو جێی خۆشەویستی و متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی سەردەشت بەگشتی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە تایبەتی. هەربۆیە دواتر وەک کادریکی زاناو لیهاتوو خۆی لە ئەندامانی کادری ڕێبەری حیزب دۆزیەوە.

## من هاوڕێ ئەبوو

دوای چۆل کردنی شاری سەردەشت هەموومان لێک دابراین هەر کام بۆ ناوچەیەک لە بیرم نەماوە ساڵی چەند بوو جارێکتر ئەگەر بە هەڵە نەچوو بم لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شاری سەردەشت لە گوندی گازێ ناوچەی سەردەشت دیدارمان تازە کردەوە.

دووهەم جار ساڵی ١٩٨٦ بوو کە فەرانسە گەرابووەوە کوردستان لە سەفەریک دا بە هاورێیەتی کاک قاسم قازی و سێ رۆژنامەوانی ئۆتریشی و بلژێکی کاک خوسرەو عەبدوڵلاهی لە بناری قەندیل بە هاوڕێ ئەبوو ڕاد شاد بوومەوە کاک ئەبوو ئەم سەردەمە بەرپرسی ناوەندی سپی سەنگ بوو، هاوڕێ ئەبوو ڕاد زۆر کوردان میوانداری لێکردین و باسی زۆر شتمان بەیەکەوە کرد. شایانی باسە هەر لەم سەفەر دا چاوم بە هاوڕێ سەدیق بابایی بەرپرسی کۆمیتە و هاوڕێ شەهید خدرە سوور فەرماندەری کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو کەوت.

سێهەم دیداری من لە گەڵ رەوانشاد هاوڕێ ئەبووبەکر ساڵی ١٩٩٠ بوو کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ٩ی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر گەرابوومەوە کوردستان جارێکتر دیدارمان تازە کردەوە لەم ماوەیەش گەڵێک باس و راوێژمان کە پێوەندی بە حیزبەوە هەبوو کرد. و مێوانداریەکی زۆر گەرم و دۆستانەی لێکردین.

بەداخەوە سروشتی غەدار بی بەزەیانە ئەم تێکۆشەر ئازیز و خۆشناوی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لێ ئەستاندین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و بۆ هەمیشە لە هەموو دۆستان و هاوڕێیان لێ دوور خستینەوە. بەڵام یاد و بیرەوەریەکانی بۆ هەمیشە لامان هەر دەمێنیتەوە. و قەت لە بیری ناکەین.

رووحی شادو رێگای خەبات و بەرخۆدانی پڕ ڕێبوار بێت. بنەماڵەی سەربەرز و شۆڕشگێری ساخ، سەلامەت و تەمەن درێژ بن.

ڕەحمان نەقشی

١٤ی ڕەشەمەی ٢٧١٨ی کوردی = ٥ی مارچی ٢٠١٩ی زایینی




هاوڕێ هاشم رۆستەمی و هاوڕێ کۆچکردوو ئەبووبەکر ڕاد و خۆم لە کۆنگرەی ٩ی ڕێبەرایەتی




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## وێنەکانی سەردەمی خەباتی شاخ

















سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




















سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

















سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com










## وێنەکانی زەماندی هاوڕێیان عەبوو راد و سووریيا گەنجە







سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com















https://serchawe.com
















سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com











سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com









## وێنەکانی کۆڕ یادی رێزگرتن لە ستۆکهوڵم







سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com












سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




















سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com












سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com












سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com















سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com





















سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com















سەرچاوە وێنەکان فەیس بووکی نەمر ئەبوو ڕاد، هاوڕێ سەلاح گادانی و هاوڕێ مەولوود سوارە



https://serchawe.com



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٢ی کوردی = جانیۆێری ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com








https://serchawe.com



شەریکی ژیانم سووریبا ژنە بە ئەمەگ و هاوخەم و خۆڕاگرەکەی ڕۆژانی سەختی ژیانم کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی بە خاتری من زیاتر لە سی ساڵ لە خۆشەویستی و کۆڕی ئازیزانی و بە تایبەت لە باوەشی گەرمی دایک و باوک و کەسووکاری بێبەش بوو:

ئەبوو ڕاد

https://serchawe.com